# قۆناخی ڕۆشنگەری بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی

## هەتا گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەمان ڕوونەدات گۆڕانکاری سیاسیی بوونی نابێت



## هیگل:




بنەمای دەوڵەت ئەقڵە کە بەشـێوەی ئیـرادە دەردەکەوێت ....هەربۆیە دەوڵەت لە خۆیداو بۆخۆی پێکهاتەیەکـی ئەخلاقییە و، دەبێتــە هۆکارێك بــۆ بەدیهێنانی ئازادی بەکردەیی، ئەمەش ئامانجی رەهایە بۆ ئەقڵ بۆ ئەوەی ئازادی بەشێوەیەکی کردەیی بێتە دی... ئەوجا لەبەر ئەوەی دەوڵەت بوونی رۆحە لەسەر زەوی، ئەوا بەهۆشـیاری دێتە دی، لەبەر ئەوەشــی ئەمە بەدیهێنانی بەرزترین چەمکی ئەخلاقییە لەسەر زەوی، ئەوا لە بونیادی دەوڵەتەوە بەدی دێت و هاووڵاتی ئەم راستیە بزانێت یان نە، ناتوانێت ئازادییەکانی بەدەست بهێنێت ئەگەر ئەندامێکی ئەو دەوڵەتە نەبێــت، ئەندامێك کە بەدوای بەدیهێنانی ئامانجەکەی خۆیدا دەچێت کە دەربڕی ئیرادەیەی گشتگیری کۆمەڵگەیە.

## ئەنتۆنێو داماتۆ:




قوربانی سەرەکی لە کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کوردستان دەبێت.راستە ئیدارەی بــوش ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هێزەکانی خۆی لە عێراقدا بهێڵێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی کورد پێویســتی بە پاراستن هەیە، بەڵام لەکاتێکدا سیاسەتی دەرەکی بەپێی رای گشتی ئاراستە دەکرێت و، رای گشتی ئەمریکاش شتێکی ئەو تۆ لەبارەی گرنگی پاراســتنی کوردەکانەوە نازانێت، ئەوا دەبێــت بکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە.. هەربۆیە ئەگەر بەشــێوەیەکی خێرا بیر لە پاراســتنی کوردەکان نەکرێتەوە ئەوا هەرێمی کوردســتان دەکەوێتە مەترسییەوە، هەنگاوی ئاسان بۆ پاراستنی ئەم هەرێمە ئەوەیە کە داوا بکرێت کوردستان سیفەتی چاودێر لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە دەست بکەین بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســتان . ئێســتا کاتێکی زۆر گرنگە کە ئەم هەنگاوە هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی لەدوای کشانەوەی هێزەکان لەوانەیە ئاڵۆزی و پشێوی پەیدا ببێت.

## د.حەسەن حەنەفی:



((دوای ناونیشانی یەکەمی - نامەیەك لە لاهوت و سیاسەت- سپینۆزا ناونیشانێکی ڕاشکاوانەتری داناوەو نووســیوویەتی: لەو نامەیەدا ئەوە ســەلمێنراوە کە ئازادی بیرکردنەوەی فەلســەفی هەڕەشە نییە بۆ ســەر خواپەرســتی یان بۆ سەر ئاشــتی دەوڵەت، بەڵکو ڕێگرتن لە بیرکردنەوەی ئەقڵانی دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئاشــتی و خواپەرســتی لەدەســت بچن - ئەو نامەیە دوو ئامانجیان هەیە: یەکەمیان ســەلماندنی ئەوەیە ئازادی فیکر نابێتە هەڕەشــە لەسەر باوەڕ، بەواتایەکی دیکە ئەقڵ خۆی بنەمای باوەڕە، ئامانجی دووەمیش ئەوەیە ناشبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی، لەبەر ئەوەی دیسان ئەقڵ بنەمای هەر سیستمێکی سیاسییە)).

## هیشام شەرابی:



ئەگــەر بمانەوێت کۆمەڵگەی عەرەبی تەنگژە کەڵەکەبووەکانی ئێســتای تێپەڕێنێت و تواناکانی بگەڕێتەوەو بێتەوە بەبەشــێك لە مێژوو، ئەوا هیچ چارنییە دەبێت دەست بکات بە پرۆسەی رەخنەی شارســتانی بۆ ئەوەی بتوانێت هۆشــیارییەکی خودی سەربەخۆ بەرهەم بهێنێت و ئەقڵانیەتی ئامانجداری بــۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش نەك لە نێوان بیرمەندان و رۆشــنبیران، بەڵکو لە نێوان ســەرجەم توێژەکان و حزبەکان و گرووپەکان و لەســەر ئاســتی کۆمەڵگە هەمووی . ئێســتا سەرەتاکانی بزاوتێکی رەخنەی شارســتانی دەبینن کە لەناو کۆمەڵگە گەشــەدەکات، ئەویــش بریتیە لە بیرێکی رەخنەیی دیموکراتی هاوبەش کە لە دیالۆگ و ئاڵوێری فیکری ئازادەوە هەڵدەقوڵێت، دژی ئایدلۆژیەتی شۆڕشگێری کۆن و فیکری ئصولی ئیسلامی راوەستاوەتەوە. ئەم فیکرە رەخنەییە کە سەرچاوەکەی عیلمانیەتە،مانای بــێ دینی یان رەتکردنەوەی باوەڕی ئایین و بەهاکانی ئایین نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە ئەوەی کۆمەڵایەتی و سیاســیە لێکیجیابکاتەوە، ڕێگرتنە لە بەکارهێنانی بەهای ئایینی بۆ پاکانە کردن بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئێستاو یان گۆڕینەوەی بە دەسەڵاتێکی پەتریارکی داپڵۆسێنەری هاوشێوە.



لەوانەیە باشترین دەسپێك بۆ ئەم ڕاپۆرتە ورووژاندنی ئەو پرسیارە بێت، بۆچی قۆناخی ڕۆشنگەری ئەورووپا بە بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی گرێدەدەینەوە؟ ئایا دەوڵەتی ناسیۆنالیستی مێژوویەکی هێندە باشی هەیە کە لەگەڵ مێژووی ڕۆشنگەری پێکەوە گرێیان بدەینەوە؟ لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ دەسپێکدا جۆرێك لە هاودژی و پێکناکۆکی لای خوێنەر دروست بکات، بەڵام کاتێك بەشێوەیەکی ئەرکیۆلۆژیانە چینە کلسیەکانی سلبیاتی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی لەماوەی دووسەدەی دوای ڕۆشنگەری لادەبەین، هەست دەکەین یەکەم هەنگاوی ڕۆشنگەری بۆ گۆڕینی دەوڵەتی ئایینی بووە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، هەرئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی لەنێوان نەتەوەکاندا ببێتە یەکێك لەبەرهەمەکانی قۆناخی ڕۆشنگەری، بەواتایەکی دیکە جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، هەنگاوی یەکەم بووە بۆ بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەربۆیە لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە، چەمکی نەتەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەموو نەتەوەیەك مافی خۆی بووە کە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، کەواتە بەپێی ئەم میتۆدە کەدەڵێن لە قۆناخی ڕۆشنگەرییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەوانەیە لەسەرەتاوە بەوجۆرە لەمەسەلەکە نەڕوانرێت کە پێویست بێت بەمجۆرە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێش قۆناخی ڕۆشنگەری هەموو نەتەوەکان لەچوارچێوەی ئاینێکی دیاریکراودا خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بوون، یان بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتێکی گەورە، بەڵام سەرەنجام و دوای لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی ئەو ئیمپراتۆریەتانە نەتەوە جیاوازەکان بوون بەخاوەنی دەوڵەتی خۆیان و لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیاندا خۆیان بینیوەتەوە،ئەوجا ئەودەوڵەتانەی لەسەر بنەمای نەتەوە و لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، وەك نەتەوەکانی ئەورووپا بونیادی دەوڵەتی خۆیان ناوەوەو هەنگاویان بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە، ئەوە بەرهەمەکەی شارستانییەت و پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوایە



تیمور کۆران بۆ گوڵان:

**کاتێک ئایین بە سیاسی دەکرێت، داواکارییەکان دەبنە داواکاری ئایینی واتە ئەو کاتە ئەو داواکاریانە سازشهەڵنەگر دەبن، ئەمەش لەگەڵ دیموکراسیدا ناگونجێت و سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی جیددی**

کە وەك بەرهەمی ڕۆشنگەری سەیر دەکرێت، بەڵام ئەو نەتەوانەی دیکە کە خاوەنی دەوڵەت یان ئیمپراتۆرییەت بوون و بەو قۆناخە تێپەڕنەبوون، هەست دەکەین ئەو بەرهەمە بەدی ناکەین کە دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوای بەرهەمهێناوە، بەپلەی یەکەم بۆ خۆیان و گەلەکانیان بەپلەی دووەمیش پرانسیپەکانی ڕۆشنگەری وەك (لیبوردەیی، پێکەوە ژیان، مافەکانی مرۆڤ ..تاد) بوونەتە پرانسیپی جیهانی بۆ هەموو نەتەوەکان، لێرەوە نەتەوەکانی دیکە تاچەند سوودیان لەبەرهەمی ڕۆشنگەری وەرگرتووە، ئەمەیان دەبێتە مەسەلەیەکی دیکە و ناتوانین بڵێین هەمووان وەك یەك سوودیان لێوەرگرتووە، یان ئەگەر وەك پرەنسیپێکی جیهانیش دانیان بەبەرهەمەکانی قۆناخی ڕۆشنگەریدا هێنابێت، ئەوا دیسان ناتوانین بڵێین وەك خۆی کاریان پێکردووە، هەر بۆیە کاتێك لەم چوارچێوەیەدا باسی قۆناخی ڕۆشنگەری ئەورووپا دەکەین، وەك قۆناخێك کە دابڕانێکی تەواو لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاست و دەسپێکی ڕێنیسانس دروست دەکات، هەست دەکەین ئێمە وەك نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان، وەك جۆرێك لە نامۆبوون یان بە تێڕامانێکی باوەڕپێنەکردوو لەسەر ئەو قۆناخە هەڵوەستە دەکەین و، بەڵام بەئاکام و دەرهاویشتەکانی ڕۆشنگەری سەرسامین و دەمانەوێت ئێمەش لەو قۆناخە تێبگەین و توانای تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەش بگاتە ئەو ئاستەی وەك تاکەکانی دەوڵەتانی ئەورووپای دوای ڕۆشنگەری بەرهەمیان هێناوە، ئێمەش بەرهەمی بێنینەوە.

بەڵام ئەوەی ئێمە وەك نەتەوەیەکی بێبەشکراوو پارچەپارچەکراو لە نەتەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لەهیچ کام لە وێستگەکانی ڕۆشنگەری ئێمە وەك کورد نەبووینە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ، بۆیە ئەگەر وەك فیکریش شارەزاییمان لەسەر ئەو مێژووە هەبێت، ئەوا وەك پراکتیك ئەزموونمان نییە و گەلێك جار لەخوێندنەوەی ئەم قۆناخە گرنگەی مێژووی مرۆڤایەتی، تایبەتمەندییەکان و جیاوازییەکانی نەتەوەیی خۆمان لەبەرچاو ناگرین، یان لەمەش خراپتر تایبەتمەندی و جیاوازی ئەو نەتەوە سەردەستانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، وەك تایبەتمەندی و جیاوازی نەتەوەی خۆمان سەیری دەکەین، بۆیە لێرەوە گرنگە چەند خاڵێك ئاماژە پێبکەین:

• لەوڵاتانی دەوروبەرمان کە سێ نەتەوەی سەرەکی هەیە (فارس و تورك و عەرەب) و کوردستان بەسەر هەرسێ لایاندا دابەشکراوە، تورك بەجۆرێك لە جۆرەکان جیاوازی لەگەڵ دوو نەتەوەکەی دیکە هەیە لەبەر ئەوەی دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی،کۆماری نوێی تورکیا لەسەر بنەمای سکۆلاریزم یان جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین دامەزرایەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی تورکیا لەسەربنەمای جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت نەبوو،بەڵکو لەسەربنەمای دژایەتیکردنی دەوڵەت وئایین بوو، ئەم حاڵەتە کەدیوە سلبییەکەی بونیادی دەوڵەتە لەسەر بنەمای سکۆلاریزم، لەگەڵ چەمکەکانی سپینۆزا بۆ پێوەندنی نێوان ئایین و سیاسەت و چەمکەکانی ڤۆڵتێر بۆ لێبوردەیی ئایینی و نەهێشتنی توندڕەویی و مەزهەبگەرایی و وەڵامەکەی

ئەمانوئێل کانت بۆ پرسیاری (رۆشنگەری چییـــە؟) یەکناگرێتەوە، بۆیە وەك ریجس دوبریە رەخنە لە ســـکۆلاریزمی فەرەنسا دەگرێت و ناوی لێناوە (رۆشنگەری کوێرانـــە)، بونیادی دەوڵەتـــی تورکیای تازەش لەسەر ســـکولاریزمی هاوشێوەی فەرەنسا، لاســـایکردنەوەیەکی کوێرانەی رۆشـــنگەری بـــووە، بۆیـــە چـــۆن دوو نەتەوەکـــەی دیکە (عـــەرەب و فارس) پێویستیان بەوەیە بە قۆناخی رۆشنگەری

**ئەوەی ئێمە وەك نەتەوەیەکی بێبەشکراوو پارچەپارچەکراو لە نەتەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لەهیچ کام لە وێستگەکانی رۆشنگەری ئێمە وەك کورد نەبووینە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ**

تێپـــەر بـــن و، لەهەمانکاتـــدا دەوڵەتی تورکیاش پێویســـتی بەوە هەیە جارێکی دیکە لایەنە تاریکەکانی رۆشنگەری تێدا راستبکرێتەوە، لەم راستەوە کاتێك سەیری مەرجەکانی یەکێتـــی ئەوروپا دەکەین بۆ وەرگرتنـــی تورکیا لە یەکێتـــی ئەوروپا دەکەیـــن، دەبینیـــن چ مەرجەگەلێکـــی رەهـــای بـــۆ هەمووارکردنی دەســـتووری تورکیا داناوە بۆ ئەوەی دەستووری تورکیا بگاتە ئەو ئاســـتەی کە هاوشان لەگەڵ بنەماکانـــی دەســـتووری فیدراســـیۆنی ئەوروپا یەکبگرێتەوە، ئەمەش باشـــترین وەڵامە بۆ ئەو ئوســـوڵی و سەلەفیانەی ئیسلامی سیاسیی کە لە جیهانی عەرەبی و ئیســـلامیدا رووی جوانی رۆشنگەری ناشـــرین دەکەن و دەیانەوێت ئەم بەرهەمە مەزنـــەی مرۆڤایەتـــی بـــۆ ئامانـــج و مەبەســـتی سیاســـیی خۆیـــان لەکەدارو ناشـــرین بکەن، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی بەرهەمی قۆناخی رۆشنگەری بێرێزی بە ئایین و دژایەتیکردنی دەوڵەتی بۆ ئایین ناوێت، ئەمەش نەك تەنیا بۆ تورکیا بەڵکو بۆ فەرەنساش.

● ســـەبارەت بـــە هـــەردوو نەتەوەی (عەرەب و فارســـیش) کە دەکرێت بڵێین نەتەوەی فارس، خاوەنی دەوڵەتی خۆیەتی و عەرەبیش خاوەنی زیاتر لە ٢٢ دەوڵەتن، بەڵام هـــەردوو نەتەوە پێویســـتیان بەوەیە لەسەدەی بیست و یەکەمدا جارێکی دیکە بە قۆناخی رۆشنگەری تێپەڕببنەوە، ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە ســـەر دەوڵەتانی عەرەبی و پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە کە دەوڵەتانی عەرەبی یەك بەدوای یەك سەربەخۆبوون، هەنگاویان بەرەو دیموکراتی هەڵنەگرتووە، تەنانەت لوبنان بەشـــێوەیەك لەشـــێوەکان هەنگاوی بۆ دیموکراتی هەڵگرت، بەڵام شـــەڕی ناوخۆی لوبنان لەناوەڕاســـتی هەفتاکانەوە تا ســـەرەتای نەوەدەکان بووە هۆکاری ئـــەوەی لوبنانیش نەتوانێت وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت، لەمـــەش خراپتـــر لەبەرئـــەوەی جیهانی عەرەبی دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەشەڕی سارددا گۆڕەپانی ململانێی نێوان هەردوو بلۆکی سۆشیالیستی و رۆژئاوا بووە و لە پێناوی ئەوەی مـــەددی کۆمۆنیســـتی نەگاتە دەوڵەتانی عەرەبـــی، دەوڵەتانی رۆژئاواو لەسەرو هەموویشیانەوە ئەمریکا، پشتگیری دەوڵەتە دیکتاتۆرو رەوتە ئسوڵییەکانی ناو کۆمەڵگەی عەرەبی بووە، کە گەورەترین تیرۆریســـتی جیهانی (ئوسامە بن لادن) یەکێك بـــوو لەبەرهەمەکانی سیاســـەتی رۆژئاوا بـــۆ ئیحتیوای کۆمۆنیســـتی لەجیهانـــدا، هەر ئەمەش بـــووە هۆکاری ئـــەوەی دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشـــانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان تەنیا ناوچەیـــەك لە جیهانـــدا باهۆزی دیموکراتی نەیگرتەوە دەوڵەتانی عەرەبی بوو لـــە مەغریبی عەرەبییـــەوە تادەگاتە کەنـــداو، ئێســـتاش جارێکـــی دیکە کە باهۆزێکی گۆڕانکاری جیهانی عەرەبی گرتۆتەوە لە مەغریبـــەوە تاکەنداو و تا ســـوریا، تێروانینـــی گەشـــبینی بۆ ئەم باهۆزەش بەو ئاراســـتەیە نییە دەوڵەتانی عەرەبـــی پێبنێنە قۆناخی رۆشـــنگەری و بونیـــادی دەوڵەتەکان لەســـەر بنەمای دەوڵەتی هاوچـــەرخ دوور لە قەومییەی عەرەبی شۆڤێنی و ئیســـلامی ئوسوڵی بونیاد بنێنەوە، ئەمە حاڵەتێکە پێویســـتی بەوەیە کە کۆمەڵگەکانی عەرەب جارێکی دیکـــە لەســـەر بنەمـــای جیاکردنەوەی ئایین لـــە دەوڵەت و ڕێزگرتنـــی ئایینە جیاوازەکانـــی نێـــو وڵاتانـــی عەرەبی و ڕێزگرتن لـــە نەتەوەکانـــی دیکەی وەك ئەمازیغـــی و قیبتی و تەنانەت کوردیش بونیاد بنرێنەوە.

● سەبارەت بە ئێمەیش وەك کورد و گەلی کوردستان، ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعیانە و بەلەبەرچاوگرتنـــی تایبەتمەندییەکانی گەلی کوردستان وەك گەلێك کە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیاوازی لێبوردەیی و پێکەوەژیانـــی نێـــوان نەتـــەوە وئایینە جیاوازەکانە و بەدرێژایی مێژووی شۆڕش بزووتنەوەکانی ئایین و سیاســـەتی تێکەڵ نەکردووە، ئەوا ئەم واقیعە فەرزی دەکات کە قۆناخی رۆشـــنگەری لـــە بونیادی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هاوچەرخەوە دەست پێدەکات، لێرەدا ئەگەر ورد سەرنج بدەین، نەتەوەکانی دیکە (فارس، تورك، عەرەب) خاوەنی دەوڵەتی ســـەربەخۆیی خۆیانن، بەڵام ئـــەو دەوڵەتانـــە وەك دەوڵەتەکانی سەردەمی رۆشنگەری ئەوروپا پێویستیان


**ریجس دوبریە رەخنە لە سکۆلاریزمی فەرەنسا دەگرێت و ناوی لێناوە(رۆشنگەری کوێرانە)، بونیادی دەوڵەتی تورکیای تازەش لەسەر سکولاریزمی هاوشێوەی فەرەنسا، لاسایکردنەوەیەکی کوێرانەی رۆشنگەری بووە**

بەســـەر لەنوێ بونیادنانەوە هەیە، ئەمەش واتە چۆن شۆڕشـــی فەرەنسا سەرلەنوێ دەوڵەتی فەرەنســـای لەســـەر کۆمەڵێك پرانسیپی (ئازادی و برایەتی و یەکسانی) بونیادنایەوە و دەوڵەتی فەرەنســـای ساڵی ١٧٨٩ هەرگیز دەوڵەتی فەرەنســـای پێش ئەو بەروارە نەبووە، بەهەمان شـــێوە دەبێت دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتیش بە قۆناخێکی رۆشنگەری ئەوتۆدا تێپەڕبن، کە هەرگیز لە دەوڵەتەکانی پێش ئێســـتا نەچـــن، بەڵام دووبـــارەی دەکەینەوە، لەم هاوکێشـــەیەدا حاڵەتی کـــورد و گەلی کوردستان جیاوازە، گەلی کوردستان ڕاستە

پێویستیان بەوەیە کە هەنگاو بۆ ڕۆشنگەری و سەر لەنوێ بونیادنانەوەی کەسێتی تاکی کوردستان هەڵبگرن، بەڵام بونیادنانەوەی کەسێتی تاکی کوردستان و چەسپاندنی لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەیی لەنێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستاندا، هەنگاوی یەکەمی لەبونیادی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەست پێدەکات، هیگڵ وتەنی لوتکەی ئەقڵانییەتی تاك، یان لوتکەی هەڵسوڕاندنی توانای ئەقڵی تاکەکان لە دەوڵەتدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئەگەر پرسیاری سەرەکی لەم ڕاپۆرتە ئەوەبێت، چۆن دەتوانین ئاستی توانای تاکەکانی کوردستان بە ئاستێك پەرەپێبدەین کە بتوانێت لانی کەم بەرهەمەکانی قۆناخی ڕۆشنگەری سەرلەنوێ لە کوردستان پیادە بکاتەوە؟ ئەوا بێگومان ئەم حاڵەتە لە گۆڕانکاری لەبیرکردنەوە و فیکری تاکی کوردستانەوە دەست پێدەکات، کە شێوازی بیرکردنەوەی بگۆڕێت بۆ ئامانجی سەرەکی کە بونیادی دەوڵەتی نەتەوەییە، لێرەدا گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەو فیکری تاکی کوردستانی پێش دەخەین، لەبەرئەوەی تا گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەماندا ڕوونەدات، گۆڕانکاری لەبوارەکانی سیاسەت ڕوونادات و گۆڕانکاری لەبڕیاری سیاسیدا ڕوونادات.

### بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامادەباشی بۆ دەستپێکی ڕۆشنگەری

هیگڵ کە شۆڕشی فەرەنسای ناو لێنا کۆتایی مێژوو، بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی وەك دوایین ئامانجی ئەقڵ لە شێوەی دەرخستنی ئیرادەی تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی کردەیی پێناسە دەکات، لە کتێبی دووەمی نێو موجەلەدی کارە تەواوەکانی هیگڵدا و لەبەشێکدا بەناونیشانی (یاسا وەك بنەمایەك بۆ دەوڵەت) دەڵێت:(بنەمای دەوڵەت ئەقڵە کە بەشێوەی ئیرادە دەردەکەوێت ..... هەربۆیە دەوڵەت لە خۆیداو بۆخۆی پێکهاتەیەکی ئەخلاقییەو، دەبێتە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی ئازادی بەکردەویی، ئەمەش ئامانجی ڕەهایە بۆ ئەقڵ، بۆ ئەوەی ئازادی بەشێوەیەکی کردەیی بێتە دی... ئەوجا لەبەر ئەوەی دەوڵەت بوونی ڕۆحە لەسەر زەوی، ئەوا بەهۆشیاری



دال تۆگۆ بۆ گوڵان:

## هۆکاری ئەوەی پارتە ئیسلامییەکان بە دژی دیموکراسی لەقەڵەم دەدرێن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان تەواو دژی لیبراڵ دیموکراسیەتی ڕۆژئاوان

دێتە دی، لەبەر ئەوەشی ئەمە بەدیهێنانی بەرزترین چەمکی ئەخلاقییە لەسەر زەوی، ئەوا لە بونیادی دەوڵەتەوە بەدی دێت و هاووڵاتی ئەم ڕاستیە بزانێت یان نە، ناتوانێت ئازادییەکانی بەدەست بهێنێت ئەگەر ئەندامێکی ئەو دەوڵەتە نەبێت، ئەندامێك کە بەدوای بەدیهێنانی ئامانجەکەی خۆیدا دەچێت کە دەربڕی ئیرادەی گشتگیری کۆمەڵگەیە.))

کەواتە هیگل لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە دەوڵەتی نەتەوەیی وەك بوونی ڕۆح لەسەر زەوی لەقەڵەمدەدات بەمانایەکی دیکە ئەگەر دەوڵەت بوونی ڕۆح بێت لەسەر زەوی، ئەوا ئەو ڕۆحە کۆی ڕۆحی تاکەکانی کۆمەڵگەیە و کۆی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە وتا دەوڵەت بوونی نەبێت، تاك ناتوانێت بەدوای ئامانجی باڵای خۆی بکەوێت (کە بەدیهێنانی ئازادییە بەکردەیی)، کە ئەم ئامانجە باڵایەش واتە بەدیهێنانی ئازادی بەکردەیی، دەبێتە دەربڕی ئامانجی گشتگیری کۆمەڵگە، واتە دەربری کۆی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگە.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم پێناسەیەی هیگل بۆ دەوڵەت لەسەر هەموو دەوڵەتێك پیادە دەبێت و فەرزە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە ملکەچی هەموو دەوڵەتێك بن، هەتا ئەگەر ئەو دەوڵەتە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیەش هەڵبگرێت؟ بێگومان ئەم پرسیارە ماوەیەکی زۆر تیۆرەکەی هیگڵی بۆ بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی پێ ناشرین کراوە، بەڵام ئەگەر بە قووڵی بە تیۆرەکەدا ڕۆبچین، دەبینن ئەو دەوڵەتەی هیگل وەك ڕۆحی نەتەوە لەسەر زەوی پێناسەی دەکات، دەوڵەتی تیۆکراتی (ئایینی) و دەوڵەتی نەتەوەیی سەرتاپاگیر یان دیکتاتۆری ناگرێتەوە، بەپێچەوانەوە دەوڵەتی نەتەوەیی دیکتاتۆری و تیۆکراتی وەك ئیرادەیەکی سەپێنراوی دەرەکی بەسەر ئیرادەی تاکەکان پێناسەدەکات، بە واتایەکی دیکە لای هیگڵ دەوڵەتی نەتەوەیی کە دەبێتە ناسنامەی نەتەوە لەجیهان و لەنێو نەتەوەکانی دیکەشدا، ئەو دەوڵەتەیە نوێنەرایەتی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگە بکات، تەنانەت کە یاساش دەکاتە بنەمای دەوڵەت، دەبێت یاساکان دەربڕی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت، ئەمەش واتە دەبێت یاساکان دانراوی دەستی مرۆڤ بن (القانون الوضعي)، بۆیە یاسای دانراوی دەستی مرۆڤیشی کردۆتە بنەمای دەوڵەت، بۆ ئەوەیە کاتێك تاکەکانی کۆمەڵگە ملکەچی یاسا دەبن،

**ئەوەی ئێمە وەك نەتەوەیەکی بێبەشکراوو پارچەپارچەکراو لە نەتەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لەهیچ کام لە وێستگەکانی ڕۆشنگەری ئێمە وەك کورد نەبووینە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ**

ئەو ملکەچییە ملکەچبوونە بۆ ئیرادەی خۆیان نەك ئیرادەیەکی دەرەکی، لەمەش گرنگتر کاتێك کە بەیاسا تاوانبارێك سزا دەدرێت، هیگل تاوانبارەکە وەك لادەر یان یاخیبوو لە ئیرادەی گشتگیری کۆمەڵگە لەقەڵەم دەدات و سزا دەدرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنرێتەوە ڕیزی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە، ئەمەش ئەو پیادەکردنی داد پەروەرییەیە.کەواتە بنەمای دەوڵەت لای هیگل ئەو دەستوورە مەدەنییەی

لیبرالیزم کە دەتوانێت ئازادی بەکردەیی لەناو دەوڵەتە بەدیبهێنێت، هەر لەم روانگەیەشەوە سەیری شۆرشی فەرەنسای کردووە کە بنەمای ئەو شۆرشە دەتوانێت ئەو دەستوورە لیبرالییە بەرهەم بهێنێت کە ئامانجەکانی شۆرشی فەرەنسا (ئازادی و یەکسانی و برایەتی) بەدیبهێنیت، ئەمەش وەك کۆتایی مێژوو وەسفکردووە لەبەر ئەوەی کۆتایی مێژوو گەیشتنی مرۆڤایەتیە بە ئازادی بەکردەیی.

ئەم چەند دێرە وەك باکگراوند بۆ پێویستی دەوڵەت لە ژیانی نەتەوە گرنگ بوو، بەتایبەتی بۆ نەتەوەی ئێمە کە گەورەترین نەتەوەیە لە جیهاندا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نین، زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی قۆناخی رۆشنگەری لەژیانی هیچ میللەت و نەتەوەیەکدا دەست پێناکات ئەگەر خاوەنی ئەو دەوڵەتە نەبێت کە هیگڵ پێناسەی کردووە، کە ئەویش دەوڵەتە لەسەر بنەمانی دەستوورێکی لیبرالیزم کە دیموکراتی لیبرالی لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنێت. بۆیە لەم قۆناخەدا کە پێویستە شێوازی بیرکردنەوەمان بەرەو ئەم ئامانجە گشتگیرەی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگە بگۆڕین، لە پێناوی ئەوەی تاکەکان بەشێوەیەکی کردەیی هەست بە ئازادی بکەن، دەبێت بوێرانە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین و بیکەینە موناقەشەیەکی جددی بۆ ئەوەی ئاستەنگ لە پێناوی ئەم ئامانجە دروست نەکرێت، کە ئامانجی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە، ئەم پرسە کە تادوا رادە لەسەر ئاستی سیاسی هەستیارە و تەنیا بە باسکردنی، هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتمان دەممان لێدەکەنەوە، هەروەك چۆن گوتارەکەی بەرێز مسعود بارزانی لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە داوای کرد بڕیاردانی مافی چارەنووس بکرێتە بەرنامەی پارتی بۆ قۆناخی داهاتوو، ئەو وروژاندنەی دروستکرد کە هەموومان لەسەر ئاستی ناوچەکە بینمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم مەسەلەیە لەسەر ئاستی سیاسیی هەستیارە، نابێت لەسەر ئاستی فیکری و رۆشنبیری بەو ئاستە هەستیارە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و، بەپێچەوانەوە پێویستە باسی سەرەکی گوتاری رۆشنبیری و فیکری ئەمرۆمان بێت و هەوڵبدەین لەگەڵ رۆشنبیران و بیرمەندانی دەوروبەرمان بیوروژێنین بۆ ئەوەی ئەو تەلیسمە بشکێت کە تا هەتایە بونیادی دەوڵەتی کوردستان وەك تابۆییەك یان شتێکی زیاد بۆ گەلی کوردستان سەیر بکرێت، لەمەش زیاتر گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئەو ئاستەنگ و سیاسەتە هەڵانە بکەین کە دەبنە رێگر لەبەردەم بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنی لە شکاندنی ئەو ترسەوە دەست پێدەکات کە ئەمانوئێل کانت وەڵامی پرسیاری (رۆشنگەری

**گەلەکەمان لە بنەڕەتدا بڕوای بە تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت نەبووە. ئەوانەشی کە سەرچاوەی ئەو فیکرانەن وەك گروپەکانی ئیخوان موسلیمین و حزب و لایەنە ئیسلامیەکانی دیکە کە لە سعودیەو ئەفغانستانەوە هاتوون. هەریەکەیان بەشێوەیەك دژی بەرهەمەکانی رۆشنگەری رۆژئاواو بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخن**

چییە؟) ی پێدەداتەوە، کە رۆشنگەر ئەو کەسەیە خۆی لەژێر وەسایەی دەرەکی و خودی خۆیدا دەرباز بکات و دەنگی یەکەمی بە ئازادی لێ بەرز بێتەوە، بەداخەوە کەم تازۆر دەنگێکی چرپەی شەرمنانە لە گوتاری رۆشنبیریماندا هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئەو دەنگە بەرزەی کانت بە دەسپێکی رۆشنگەری لەقەڵەمدەدات تا ئێستا گوێمان لێی نەبووە، لانی کەم ئەو دەنگەی پرۆفیسۆر ئەنتۆیۆ داماتۆ لە کاتی ئیمزاکردنی رێککەوتنی باری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا (SOFA)، لێی بەرز بووە و لەوتاریکدا بەناونیشانی (ئایائێمە کوردمان لەبیرکرد؟ Are We Forgetting ?the Kurds بەمجۆرە باس لە زەرورەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات و نووسیوویەتی: (قوربانی سەرەکی لەکشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کوردستان دەبێت.راستە ئیدارەی بوش ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هێزەکانی خۆی لە عێراقدا بهێڵێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی کورد پێویستی بە پاراستن هەیە، بەڵام لەکاتێکدا سیاسەتی دەرەکی بەپێی رای گشتی ئاراستە دەکرێت و، رای گشتی ئەمریکاش شتێکی ئەوتۆ لەبارەی گرنگی پاراستنی کوردەکانەوە نازانێت، ئەوا دەبێت بکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە.. هەربۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا بیر لە پاراستنی کوردەکان نەکرێتەوە ئەوا هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە، هەنگاوی ئاسان بۆ پاراستنی ئەم هەرێمە ئەوەیە کە داوا بکرێت کوردستان سیفەتی چاودێر لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە دەست بکەین بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان . ئێستا کاتێکی زۆر گرنگە کە ئەم هەنگاوە هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی لەدوای کشانەوەی هێزەکان لەوانەیە ئاڵۆزی و پشێوی پەیدا ببێتەوە.) پرۆفیسۆر داماتۆ کە راوێژکاری یاسایی دامەزراندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ بوو، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەی لەساڵی ٢٠٠٨ لەو کاتەدا نووسیووە کە جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆك کۆماری عێراق و هەردووسیناتۆر باراك ئۆباما و جۆن ماکین خەریکی هەڵسەنگاندنی رێککەوتنی (SOFA) بوون بۆ کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا،لەو کاتەدا داماتۆ پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەبێت بە پەلە هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەڵبگیرێت، کە دەبوو ئەم باسە گەوهەر و کرۆکی گوتاری رۆشنبیری، نووسەران و رۆشنبیرانی کوردستان بوایە، بەهەرحاڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پێوەندیمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ داماتۆ کرد و لێمان پرسی : ئەگەر ئەمریکا یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەپێی پێشنیارەکەی بەرێزت هەنگاویان هەڵنەگرت بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە چاودێر لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەنگاو هەڵنەگیرا بۆ ئەوەی کوردستان بەهاوشێوەی کۆسۆڤۆ بکرێتە دەوڵەت ئایا ئێمە خۆمان دەتوانین هەنگاو بۆ ئەو ئامانجە هەڵبگرین؟ پرۆفیسۆر

داماتۆ لە وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێمەدا ڕاشکاوانە ئەوەی پێ ڕاگەیاندین، نابێت ئێوە چاوەڕێی کەس بکەن و دەبێت خۆتان هەوڵبدەن زەمینەی یاسایی بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دروست بکەن. هەر بۆیە پرسیارمان لێکردەوە ئایا مەبەستی لەسازدانی زەمینەی یاسایی بۆ بونیادی ئەو دەوڵەتە چییە؟ لەوەڵامدا پێی وتین دەبێت هەوڵبدەن هەرێمەکەتان لە ڕووی یاساییەوە هەموو بنەما یاساییەکانی دەوڵەتێکی هاوچەرخی تێدا بێت.

ئەگەر وردتر لەسەر ئەم قسانەی پرۆفیسۆر داماتۆ هەڵوەستە بکەین، ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندوین دەبێت هەرێمی کوردستان بنەماکانی دەوڵەتی لیبراڵ دیموکراتی لەخۆیدا بچەسپێنێت و پارێزگاری بەو بنەمایانەوە بکات، بۆ ئەوەی جیهان ڕێزی لێبگرێت و ناچار بێت وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدا بنێت.

### ئاستەنگەکانی بەردەم بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی

لە ئەدەبیاتی سیاسیی تازەدا بونیادی نەتەوە (Nation Building)، دیسان بەمانای بونیادی دامەزراوەکانی دەوڵەت دێت، هەروەها ئاماژەیە بۆ بونیادی هەیکەل و ناسنامەی نیشتمانی بەڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت، ئامانجی ئەم پرۆسەیە یەکریزی گەلە لەناو دەوڵەت و داینێکردنی سەقامگیری و بەردەوامی ئەو سەقامگیرییەیە، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ بونیادنەوەی ژێرخان و دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەواتە ئەم پرۆسەیەش تەواو تەواو لەگەڵ پێناسەکەی هیگڵ بۆ دەوڵەت یەکدەگرێتەوە، پرۆسەی بونیادی نەتەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکەوە گرێدەداتەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، چەند مەرجێك بۆ ئەو پرۆسەیە دیاری دەکات کە بریتین لە:

١- پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی، واتە پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی لیبراڵ دیموکراتی، ئەمەش واتە دەوڵەتێك ئازادییەکانی بەپێی یاسا ڕێکخرابێت.

٢- ئایین و دەوڵەت لێکجیاکرابێتەوە، بەپێی دەستوور ڕێز لەهەموو ئایینە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکانی ئەو



ریچارد مارتن بۆ گوڵان:

## سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا تەحەددا بوو بۆ دەسەڵاتی کڵێسا نەک تەحەددا بۆ خودی ئایین

دەوڵەتە گیرابێت.

٣- بوارنەدرێت هیچ هێزێکی سیاسیی کار بۆ تێکەڵاوکردنەوەی ئایین و سیاسەت یان ئایین و دەوڵەت بکات، ئەمەش وەك ئەو حزبە ئایینیانەی بەناوی حزبی دیموکراتی مەسیحیەوە بەشداری پرۆسەکانی دیموکراتی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دەکەن، ئەم حزبانە بەو شێوەیە ڕێگەیان پێدراوە، کە ئایینی مەسیحی وەك بنەمای ئەخلاقی کۆمەڵگە سەیر دەکەن، نەك توخمێك بۆ سیاسەتکردن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەمە نابێتە پاسا و بۆ بوونی حزبی ئیسلامی سیاسیی لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا، کە بەرهەمی ڕۆشنگەری ئەوروپا و سیستمی لیبراڵ دیموکراتی وەك بدعەیەکی ڕۆژئاوا سەیر دەکات، بۆیەکاتێك حزبێکی سیاسیی بەناوی ئیسلامەوە، ئایدلۆژیەتێکی دژ بە دیموکراتی بەرهەم دەهێنێت و دەیەوێت بەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان ئایین و دەوڵەت و ئایین و سیاسەت تێکەڵاو بکاتەوە، ئەمە نەك هەنگاو هەڵگرتن نییە بۆ بونیادی دیموکراتی و بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکو ئاستەنگ دروستکردنە بۆ دیموکراتی و بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی و گەڕانەوەیە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست واتە سەردەمی لاهوتیەتی مەسیحی و دەسەڵاتی کەنیسە، ڕاشکاوانەتر لەبەربردنی پرۆسەی ڕۆشنگەرییە.

### جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت هەنگاوی یەکەم بۆ ڕۆشنگەری

وەك چەندین جاری دیکەش ئاماژەمان پێکردووە، لە فەرهەنگی سیاسی نەتەوەیی کورد و کوردستاندا، هەرگیز ئایین و سیاسەت تیکەڵاونەکراوە، ئەمەش واتە لەناو ئازار و نەهامەتیەکانی گەلی کوردستانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و مقاوەمەت دژ بە داگیرکاران، کورد وەك گەلێکی موسڵمان هەوڵینەداوە ئیسلام بکاتە ئایدلۆژیەتێکی سیاسیی بەکاری بهێنێت بۆ کۆکردنەوەو جۆشدانی خەڵك، لەمەش گرنگتر هەرگیز لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا لایەنێکی سیاسیی دروست نەبووە بێ ڕێزی بە ئایین بکات، تەنانەت ئەگەر لەناو هەندێك لایەنی چەپ و لەژێر کاریگەری ئایدلۆژیەتی مارکسیشدا بێڕێزی بە یەکێك لە بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کرابێت، ئەوا لەلایەن سەرکردایەتی ئەو لایەنەوە ئەو کەسە توندترین سزا دراوەو ئەگەر بەردەوام بوویێت دەرکراوە، ئەمە حاڵەتێکە لە مێژووی وێنەی کەمە، واتە بە ئایین سیاسەت نەکەیت و ڕێزێکی بێ پایانی ئایینیش بگریت، هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام خۆیان وەك بەشێك لە بزووتنەوەکە سەیر بکەن و لەمەش گرنگتر زانایانی ئایینی ئیسلامی نەتەوەکانی دیکەش ڕێز لەم هەڵوێست و ڕەفتارەی گەلی کوردستان بگرن، هەربۆیە ئەم لایەنە ئیجابییە کە ڕەفتاریکی خۆرسکی کوردستانیانەی هەموو تاکەکانی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانە، بزاوتی

**دروست کردنی دەوڵەت پێویستە باسی سەرەکی گۆڤاری ڕۆشنبیری و فیکری ئەمڕۆمان بێت و هەوڵبدەین لەگەڵ ڕۆشنبیران و بیرمەندانی دەوروبەرمان بیوروژێنین بۆ ئەوەی ئەو تەلیسمە بشکێت کە تا هەتایە بونیادی دەوڵەتی کوردستان وەك تابۆیەك یان شتێکی زیاد بۆ گەلی کوردستان سەیر دەکرێت**

سیاسی کوردستانی لەزۆر بزاوتی سیاسی دیکە لە جیهاندا جیاکردۆتەوە، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر دیاردەی ســەیر هەیە، راستە زۆر بوون ئەوانەی لەدەرەوەی ئایین سیاســەتیان کردووە و خۆیان بەشێوازیی دیکە پیشـــانداوە، بـــەڵام خۆڕاگرتنیان بەدوور لەئایین لەکاتی سەرکەوتن بووە و لەکاتی شکســت پەنایان بۆ ئایین بردووە، ســپینۆزا لە کتێبی (نامەیەك لە لاهوت و سیاسەت) باســی ئەسکەندەری گەورە

**داماتۆ پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەبێت بە پەلە هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەڵبگیرێت، کە دەبوو ئەم باسە گەوهەر و کرۆکی گوتاری رۆشنبیری، نووسەران و رۆشنبیرانی کوردستان بوایە**

دەکات، کە لەکاتی ســەرکەوتن خۆی لە ئاییــن بەدوور گرتووەو لەکاتی شکســت پەنای بــۆ پیاوانی کەنیســە بــردووە، هەروەها ســەدام حوســێنی دیکتاتۆری پێشــووی عێــراق هەتا سیاســەتەکانی ڕوو لەســەرکەوتن بوو، مزگەوتەکانیشی دەتەقاندەوە و پیاوانی ئایینی ئیســلامی بۆ کوشــتنی نەیارەکانی بۆمبڕێژ دەکرد وەك ئەوەی لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو بەرێگەی پیاوانی ئایینی ئیسلام هەوڵیدا جەنابی مســتەفا بارزانی تیرۆر بکات، بەڵام کاتێك سیاسەتەکانی فەشەلی هێنا و هەموو جیهان بوو بەدوژمنی، بەدەستی خۆی وشەی (الله اکبر) ی لەسەر ئاڵای عێراق دەنووســیی و شەجەرەی ساختەی بۆ خۆی دروســت دەکرد بــەوەی نەوەی ئیمامی عەلــی (خ.ل) ە. ئەم حاڵەتە لە نێو بزاوتی رزگاری خوازی کوردســتان بوونی نەبووە، بۆیــە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێــژووی رۆشــنگەری ئەورووپا، کە زۆر لە بیرمەندان ســەرەتاکەی دەگێڕنەوە بۆ کتێبەکــەی ســپینۆزا (نامەیەك لە لاهوت و سیاســەت) کە بۆ سێ مەبەست نووســیوویەتی بەســەرەتای رۆشنگەری دادەنێن، ئەو سێ هۆکارەش بریتین لە:

١- ســپینۆزا لــەو کتێبــە هەوڵیداوە فەتوای پیاوانی کەنیســە و حاکمەکانیان هەڵبوەشێنێتەوە، کە ڕێگەیان لەوە دەگرت کە خەڵك بەشــێوەیەکی ئازاد و ئەقڵانی بیر بکەنەوە.

٢- ئەو کتێبــە وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەو قەشانەی سپینۆزایان تەکفیر دەکرد و بەکافر لە قەڵەمیان دەدات، بۆیە سپینۆزا وەڵامیــان دەداتەوە، جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت، سڕینەوەی توندڕەوی کەنیسەیە لــە ئایین و گێڕانــەوەی ڕێزە بۆ ئایین و دژی ئاشتی دەوڵەتیش نییە.

٣- بەرگری کردن بوو لە بیرکردنەوەی ئەقڵانی دژی هەمەجیەتی مەســیحیە ئوسوڵیەکان.

بێگومــان ڤۆلتێریــش کــە لەهەموو وڵاتانی ئەورووپا پێشــوازی لێدەکرا تەنیا وڵاتەکەی خۆی نەبێت کە فەرەنســا بوو، خاوەنی (نامەی لێبوردەیی) یە بۆ پێکەوە ژیانــی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان، ئەو دژی ئایین نەبــوو، بەڵکو دژی ئەوەبوو بە توندڕەویی ئایین ناشرین بکرێت، بەڵام ئوســوڵیەکان کافریان دەکرد نەیاندەهێشت لەوڵاتی خۆی دابنیشێت.

لێرەوە ئەگەر پرســیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردســتان ئاییــن و سیاســەتی تێکــەڵ نەکردووە، ئایا مەترســی تێکەڵکردنــەوەی ئایین و سیاسەت لەکوردســتان لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرســیارە لەو حزبە ئیسلامییە سیاسیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کــە وەك فیکر لەدەرەوە هاتوونە ناو کوردســتان و دەیانەوێــت فیکرێکی دەرەکــی یان تێگەیشــتنێکی دەرەکی بۆ بەسیاسیکردنی ئایین بەسەر گەلەکەماندا بســەپێنن، کە گەلەکەمان لــە بنەڕەتدا بڕوای بە تێکەڵکردنی ئایین و سیاســەت نەبووە، ئەوانەشــی کە ســەرچاوەی ئەو فیکرانــەن وەك گروپەکانــی ئیخــوان موسلیمین و حزب و لایەنە ئیسلامیەکانی دیکــە کە لە ســعودیەو ئەفغانســتانەوە هاتــوون، هەریەکەیان بەشــێوەیەك دژی بەرهەمەکانــی رۆشــنگەری رۆژئاواو بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخن کە ئەویش بەرهەمی قۆناخی رۆشنگەرییە، هەر بــۆ نموونــە تەیــارو گرووپەکانی ئیخوان موسلیمین، یان ئەوانەی بەکوردی قسەدەکەن و بیربۆچوونەکانی ئەوان دووبارە دەکەنەوە، لەســەر شاشــەی تەلەفزیۆن کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باسی دیموکراتی و بیرمەندەکانی وەك فۆکۆیاما و ئالان تۆرین دەکەن و بەڵام بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەم بیرمەندانە جارێکی دیکە بۆ کاولکردنی دیموکراتــی بەکاردەهێنن، هەر بۆ نموونە یەکێــك لــە ئەندامانی ســەرکردایەتی یەکگرتوویی ئیســلامی بۆ باســکردنی هەڵبژاردن ئاماژە بــە فۆکۆیاما دەکات، بەڵام پرســیار ئەوەیە ئایا فۆکۆیاما کە لەســاڵی ١٩٨٩ کتێبی (کۆتایی مێژوو و دواییــن پیاوی نووســیوە) ئایا دوایین پیــاوی کۆتایــی مێژووە کــە ئازادی بەکردەیی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەو پیاوەیە

**تەیارو گرووپەکانی ئیخوان موسلمین، یان ئەوانەی بەکوردی قسەدەکەن و بیربۆچوونەکانی ئەوان دووبارە دەکەنەوە. لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باسی دیموکراتیەت و بیرمەندەکانی وەك فۆکۆیاما و ئالان تۆرین دەکەن و بەڵام بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەم بیرمەندانە جارێکی دیکە بۆ کاولکردنی دیموکراتی بەکاردەهێنن**

کــە بنەماکانــی لیبرالیزم بــە بیدعەی رۆژئاوا دەزانێــت و هەوڵی تێکدانی ئەو بنەمایانە دەدات، لەوانەیە پرســیار لێرەدا ئەوە بێت بۆچی حزبی ئیسلامی سیاسی هەوڵدەدات بنەماکانی لیبرالیزم لەبەر یەك هەڵبوەشێنێت؟ بێگومان ئاسانە لەبەر ئەوەی بنەمای لیبرالیزم واتە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت، بەڵام حزبە کوردییەکەی سەر بەئیخوان موسلمینی میسر هەموو هەوڵی بــۆ ئەوەیە کە ئایین و سیاســەت تێکەڵ بکات و راشــکاوانەش لەســەر شاشەی تەلەفزیۆنەکــەی خۆیە دەڵێــت ئایین و سیاسەت لێکجیاناکرێتەوە، ئەوە سەبارەت

لایەنەکەی دیکە کە هاوشێوەی حزبەکانی سعودیە و ئەفغانستانە، ئەوا پێویست نییە زیاتر باسی بکەین لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە جیهادیان دژی لیبرالیزم و دیموکراتی راگەیاندووە.

**مەترسییەکانی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت**

ئەو کێشانەی ئێمە نیمانە و کۆمەڵگە عەرەبییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن، خەریکە بەزۆری زۆرداری لە کۆمەڵگەی ئێمەش بەرێگەی چەند حزبێکی سیاسی ئیسلامی دروستی دەکەن و خەریکە سەر لەخۆشیان لە میللەتەکەش دەشێوێنن و، سەبارەت بەو کێشەیەی کە کۆمەڵگە عەرەبییەکان بەدەستەوە دەناڵێنن، هیشام شەرابی گەورە بیرمەندی عەرەب لەکتێبی (النقد الحضاري للمجتمع العربي في نهاية القرن العشرين) نووسیوویەتی: (ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەی عەرەبی تەنگژە کەڵەکەبووەکانی ئێستای تێپەڕێنێت و تواناکانی بگەڕێتەوەو ببێتەوە بەبەشێك لە مێژوو، ئەوا هیچ چارنییە دەبێت دەست بکات بە پرۆسەی رەخنەی شارستانی بۆ ئەوەی بتوانێت هۆشیارییەکی خودی سەربەخۆ بەرهەم بهێنێت و ئەقڵانییەتی ئامانجداری بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش نەك لە نێوان بیرمەندان و رۆشنبیران، بەڵکو لەنێوان سەرجەم توێژەکان و حزبەکان و گرووپەکان و لەسەر ئاستی کۆمەڵگە هەمووی.

**ئێمە وەك گەلی كوردستان غەدر لەخۆمان دەكەین كاتێك خۆمان بە نەتەوەكانی دەوروپشتمان بەراورد بكەین. چونكە ئەوان ئێستا پێویستییان بەوەیە قۆناخێكی سەخت و خوێناوی ببڕن تا بتوانن بگەنە ئەم قۆناخەی ئێستا ئێمە تیایداین**

ئێستا سەرەتاکانی بزاوتێکی رەخنەیی شارستانی دەبینین کە لەناو کۆمەڵگە گەشەدەکات، ئەویش بریتیە لە بیرێکی رەخنەیی دیموکراتی هاوبەش کە لە دیالۆگ و ئاڵوێری فیکری ئازادەوە هەڵدەقوڵێت، دژی ئایدلۆژیەتی شۆڕشگێری کۆن و فیکری ئصولی ئیسلامی راوەستاوەتەوە.ئەم فیکرە رەخنەییە کە سەرچاوەکەی عیلمانییەتە مانای بێ دینی یان رەتکردنەوەی باوەری ئایین و بەهاکانی ئایین نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە ئەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییە لێکی جیابکاتەوە، رێگرتنە لە بەکارهێنانی بەهای ئایینی بۆ پاکانە کردن بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئێستاو یان گۆڕینەوەی بەدەسەڵاتێکی پەتریارکی داپڵۆسێنەری هاوشێوە))

ئەگەر سەرنج لەو چەند دێرەی شەرابی بدەین، هەست دەکەین ئەو هۆکارو نەخۆشیانەی لە دواکەوتنی کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەیە، بەدوو هۆکار دەستنیشانی کردوون: یەکەمیان فیکری تەقلیدی قەومییەی عەرەبی کە ئێستا دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی رژێمە عەرەبیەکانن، دووەمیان ئوسوڵیەتی سیاسی ئیسلامییە، کە پەلوپۆی لە کۆمەڵگەی عەرەبی بریوە، ئەم دوو هۆکارە نە ئێستا و نە لەرابردوودا لە کۆمەڵگەی ئێمە بوونی نەبووە، بۆیە ئێمە وەك گەلی کوردستان غەدر لەخۆمان دەکەین کاتێك خۆمان بە نەتەوەکانی دەوروپشتمان بەراورد بکەین، چونکە ئەوان ئێستا پێویستییان بەوەیە قۆناخێکی سەخت و خوێناوی ببڕن تا بتوانن بگەنە ئەم قۆناخەی ئێستا ئێمە تیایداین کە قەناعەتێك لە ناو گەلی ئێمەدا بەخۆرسکی هەبووە بڕوای بەتێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت نەبووە، بەڵام هەموو بەها پیرۆزەکانی ئایین و پیاوانی ئایین لەسەرەوەی کۆمەڵگە جێگەی رێز و تەقدیری هەموو لایەك بوون.

لێرەوەو وەك ئەوەی هیگڵ ئاماژەی پێکردووە، هەنگاوی یەکەمی بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی هۆشیارییە بە هۆشیاری هەست دەکرێت دەوڵەت رۆحی نەتەوەیە لەسەر زەوی، بۆیە پێویستە بەهۆشیاریش لەسەر مەترسی تێکەڵاوکردنی ئایین و مانای رۆشنگەری تاوتوێ بکەین، سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر ریچارد مارتن ئوستادی زانستی ئایین و تایبەتمەند لەسەر ئایینی ئیسلام





لەزانكۆی ئـەمـۆری EMORY كرد، ئایا مانــای رۆشــنگەری چییە و ئایا رۆشنگەری چی پێشكەشی مرۆڤایەتی كردووە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆ فیسۆر مارتن بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (ســەردەمی رۆشــنگەری لــە ئەوروپا ئەوەنــدەی تەحەددا بوو بۆ دەســەڵاتی كڵێســا لە كاروبارە ئاینییەكاندا، ئەوەندە تەحەددا نەبــووە بۆ خودی ئایین. ئەوەی رۆشنگەری لە رۆژئاوادا بەدەستی هێنا ئەوەبوو «ئاین» و «عەلمانییەت»ی وەك دو قەوارە یاخود دو جیهانبینی هێنایەئاراوە كە لــە دوای ئەوەوە لە جیهانی مۆدێرندا بوونیــان هەیە. پەیوەندی نێــوان ئەم دوو جیهانبینیە بریتی بــووە لە پێكەوەژیان و ناكۆكی لە ژیانی مۆدێرندا هەم لە ئۆرۆ-ئەفریقیا و هەم لە جیهانی ئیســلامیدا. یەكێك لە بەرجەستەبوونەكانی ئەم دوانەییە بریتی بووە لە شــەڕی بەردەوامی نێوان ئایین و دەوڵەت لە پێناو دەسەڵات و دەست رۆیشتوویيدا، ئازادی ئایینی و پاراستنی كەمینــەكان بوونی نابێت كاتێك رێگە بە دەوڵەت یــان گرووپێكی ئاینی دیاریكراو دەدرێت ئیرادەی خۆی بەســەر گرووپێك یان تێكرای گرووپە ئایینیەكانی دیكەدا بســەپێنێت. هەموو لیبراڵ دیموكراتەكان كەموكوڕی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو كەمینە ئایینیانەی لەكۆمەڵگە دیموكراسییەكاندا دەژین زۆر ئازادتر دەبن لەوەی لەدەوڵەتێكی تیۆكراتیدا بژین))

هەر لەهەمان چوارچێوەداو ســەبارەت بەوەی لەئەوروپا هەندێك پارتی سیاســی هەن كە وەك پارتی ئایینی ناویان دێت بەڵام لە بنەڕەتدا بڕوایان بەسیكۆلاریزم هەیە وەك پارتە كریستیان دیموكراتەكان، سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر دال تۆ گۆیی ئوستادی فەلسەفە و فەلسەفەی ئایین لە زانكۆی سەنی فریدۆنیا كرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامــی گوڵانی دایەوە: (من پێموایە ئــەو پارتانەی ناویان كریســتان دیموكراتە، ئــەوە تەنیا ناوێكی تەقلیدیە، بۆ نموونە هیچ پارتێكی سیاسی نییە لە ئەمەریكا پاشگری ئاینی هەبێت و ئەگەر هەبێت خەڵكی ئەمە بە شــتێكی ســەیر دەزانن، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت بەرنامەو ئایدۆلۆژیای ئەو حزبەیە، بۆ نموونە ئایا ئەم پارتە بــاوەڕی وایــە دەبێت هەموو خەڵكی وڵاتەكە مەسیحی بن یان نا، من باوەڕم وایە ناوی پارتەكە گرنگ نییە، بە قەدەر ئەوەی بەرنامەكەی گرنگە.

خۆ ئەگەر لــە ئەمەریــكا پارتێكی ئایینی راســتەقینە هەبێــت، واتە وەك پارتی مەسیحی دیموكراتی تەنیا ناوێكی ئایینــی نەبێــت، بەڵكــو بەرنامەیەكی مەسیحیی هەبێت و باوەڕی وابێت دەبێت تێكرای خەڵكی وڵاتەكە مەســیحی بن، ئەوا ئەو كاتە خەڵكی ئەمەریكا ئەو پارتە

## گەورەترین تیرۆریستی جیهانی (ئوسامە بن لادن) یەكێك بوو لەبەرهەمەكانی سیاسەتی رۆژئاوا بۆ ئیحتیوای كۆمۆنیستی لەجیهاندا

بەهەرەشە بۆ ســەر دیموكراسی لەقەڵەم دەدەن. لەلایەكی دیكەوە هۆكاری ئەوەی پارتە ئیســلامییەكان بەدژی دیموكراسی لەقەڵــەم دەدرێــن بۆ ئــەوە ناگەڕێتەوە كەســانێكی موســڵمان بەرێویان دەبەن، بەڵكو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەوان تەواو دژی لیبراڵ دیموكراســیەتی رۆژئاوان، هەروەها لەبەر ئەوەی پێیــان وایە دەبێت وڵاتەكە بە پێی شــەریعەت بەرێوەبچێت. هەربۆیە ئەگەر پرســیاری ئــەوە بكەین بۆچی دەبێت ئایین و سیاسەت لە لیبراڵ دیموكراتــی لە یــەك جیابكرێنەوە؟ ئەوا دەڵێــن لەبەرئەوەیە كەدەبێت خەڵكی ئازاد بــن لە مومامەرەســەكردنی ئاییندا، بێ ئەوەی زیان بە خەڵكانی دیكە بگەیەنن، واتە ترســی ئەوە هەیە ئەگەر كەسانێكی ئایینی، بۆ نموونــە لە ئەمەریكا ئەگەر دەسەڵات لە دەستی كەسە مەسیحیەكاندا بێت، ئەوا موســڵمان و هیندۆســەكان لە وڵاتەكە بكەنــەدەرەوە. كەواتە جیاكردنەوەی ئاییــن و دەوڵەت بۆ ئەوەیــە رێگە لەوە بگیرێت كەســانی ســەر بــە ئایینێكی دیاریكراو دەســەڵات بگرنەدەســت و ئەم دەســەڵاتە بۆ ناچاركردنی ئەوانی دیكە بــەكار بهێنن تاوەكو بــە پێی بیروباوەڕ و ئاینی ئەوان بژین.))

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی ئوسوڵیەکان

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ڕاشکاوانەتر دەوڵەتانی عەرەبی ئەمـــرۆ بەقۆناخێکدا تێدەپـــەڕن کە هەم جۆرە گەشـــبینییەك هەیە بەوەی بـــەرەو گۆڕانکاری هەنگاو هەڵبگـــرن، هەم ترســـی ئـــەوەش هەیە دەســـەڵاتێکی تۆتالیتـــار بگۆڕێـــت بۆ دەسەڵاتێکی هاوشێوە، سەبارەت بەم پرسە پرســـیارمان لە پرۆ فیســـۆر تیمور کۆران ئوستادی فیکر و ڕۆشنبیری لە زانکۆی کالیفۆرنیا کرد و لـــە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی: (یەکێك لەو کێشـــانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بووە هۆی ئەوەی ئایین لە لایەن دەوڵەتەوە ئیستیغلال بکرێت بـــۆ هێنانەدی ئامانجەکان و هەندێ جار ئامانجە توندوتیژەکان بریتی بووە لەوەی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا شەرعیەتی نەبووە و ئەمـــەش بۆتەهۆی دروســـتبوونی دەوڵەتێکی

**بە ئایین سیاسەت نەکەیت و ڕێزێکی بێ پایانی ئایینیش بگریت. هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام خۆیان وەك بەشێك لە بزووتنەوەکە سەیر بکەن و لەمەش گرنگتر زانایانی ئایینی ئیسلامی نەتەوەکانی دیکەش ڕێز لەم هەڵوێست و ڕەفتارەی گەلی کوردستان بگرن**

لاواز. واتە بەشێوەیەکی گشتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بـــە زەبری هێز دەسەڵاتی خۆیان پاراستووە و درێژەپێداوە، نەك بە پشتبەستن بە ڕەزامەندی خەڵك، لەبـــەر ئەوە خۆیان بە ناچارزانیوە پشـــت بەهەر فۆرمێکی شـــەرعیەت ببەستن کـــە مومکین

بووە بۆیان لەپێناوی پاراســـتنی خۆیاندا. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەنایان بۆ ئیسلام بردووە بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی ڕووخانیان کەمتر بێت، من نموونەیەکتان بـــۆ دەهێنمەوە، لە ســـاڵانی حەفتاکاندا لەناکاو سعودیە بووە وڵاتێکی دەوڵەمەند بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە، ئەو کاتە وڵاتگەلێکی هەژاری وەك میســـر و ســـووریا و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەســـتینی بوونـــە هەڕەشـــە بـــۆی، کاردانەوەی ســـعودیە ئەوەبوو کۆمەکیی بەربـــڵاوی بەگرووپـــە ئیســـلامیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کرد، لەنێویاندا گرووپە چەکدارییە ئیسلامیەکان، ئەویش بـــە ئامانجی ئەوەی ببنـــە قەڵغانێك بۆ پاراســـتنی. کەواتە ئەگـــەر وەڵامێکی ســـادەی پرســـیارە ئاڵۆزەکەتان بدەمەوە، دەڵێم ئەوە لاوازی دەوڵەت و بەدیموکراتی نەکردنی دەوڵەت بـــوو بووەهۆی ئەوەی دەوڵەت ئیستیغلالی ئایین بکات. چونکە دەوڵەتی بەهێز پێویستی بە ئایین نییە بۆ



**ئەو پارتانەی ناویان کریستیان دیموکراتە، ئەوە تەنیا ناوێکی تەقلیدیە، بۆ نموونە هیچ پارتێکی سیاسی نییە لە ئەمەریکا پاشگری ئایینی هەبێت و ئەگەر هەبێت خەڵکی بە شتێکی سەیری دەزانن**

بەهێزکردنی پێگەی خۆی. هەروەها گرووپە ڕادیکاڵیەکان لە جیهانی موسڵماندا کۆنترۆڵی ئەو وێنە جیهانییەی ئاینی ئیسلامی کردووە کە لە زۆربەی جیهاندا هەیە، واتە لە زۆرێك لە بەشەکانی جیهاندا بەو شێوەیە لە ئیسلام دەڕوانن کە مایەی دواکەوتویی، نالێبوردەییە بەشێوەیەکی توندوتیژانە جیهانی ڕۆژئاوا ڕەتدەکاتەوە. بەتێڕوانینی من ڕۆژگاری زێڕینی ڕادیکاڵیەتی ئیسلامی بەسەرچووە، کاتێك ئایین بە سیاسی دەکرێت، ئەوا ئەو کاتە بانگەشەو داواکاریەکان بە داواکاری ئایینی دەخرێنەڕوو، واتە ئەو کاتە ئەو داواکاریانە سازشهەڵنەگر دەبن، ئەمەش لەگەڵ دیموکراسیدا ناگونجێت و سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی جیددی. مەترسییەکە ئەوەیە تۆ پارتی سیاسی، پارتی ئاینیت هەیە کە بەرنامەی هاوچەرخ و مۆدێرنیان هەیە، بەڵام کەسانێك هەن لە ناو ئەم پارتانەدا دەیانەوێت تا سنوور و مەودایەکی دوورتر بڕۆن، هەروەها هەندێجار بەهۆی داینامیەکی ناوخۆیی ئەو پارتانەوە کاتێك دەسەڵات دەگرنەدەست ئەو کەسانە دەیانەوێت دەستکەوتی ڕادیکاڵتر و باڵادەستی بەدەست بهێنن. ئەمە مەترسیەکەیە لە دیموکراسیدا، ئەمە ئەو مەترسیەیە کە لە تورکیا و لە ناو پارتی داد و گەشەپێداندا هەیە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوکەسانەی لە ناو ئەم پارتەدان، ئەجێندایەکی مۆدێرنیان نییە، بەڵکو کەسانێکی ڕادیکاڵ هەن دەیانەوێت سنووری ئازادیەکانی کەم بکەنەوە.

بەڵام ئەم مەترسییە کەم بۆتەوە لەبەرئەوەی شۆڕشەکان لە تونس، میسر، سوریا و یەمەن بەشێوەیەکی سەرەکی وەك سەرچاوەی پێشکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئایینیان نەڕوانی، پاڵنەر و جووڵێنەری ئەو ڕاپەرینانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا گرووپە عەلمانییەکانی لەپشت بووە، یان ئەو گرووپانەی ئامانجی عەلمانییان هەبووە، لەبەرئەوە لەساڵانی داهاتوودا بزووتنەوەگەلێك دەبینین کە دووربن لەو گرووپە توندوتیژانە. هەروەها کاتێك گرووپە نائایینییەکان، ئەوانەی زیاتر گروپێکەلێکی عەلمانین دەسەڵات دەگرنەدەست بە توندی بەرهەڵستی ئەو وێنەیە دەکەن کە گرووپە ڕادیکاڵەکان دروستیان کردووە، واتە وێنەیەکی مۆدێرن و لێبوردەی ئایین دەخەنەڕوو.)




**د. قادر مەجید**

**قەشوری پسپۆر لەهزری سیاسی ئیسلامدا بۆ گوڵان:**

# پشتگیری لەهیچ حزبێک ناکەم بەناوی ئایینەوە خۆی بخزێنێتەوە ناو سیاسەت و کار بۆ گەیشتن بەدەسەڵات بکات بە تایبەتیش حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان

د.قادر مەجید قەشـــوری پســـپۆر لەهزری سیاسی لەئیســـلامدا و یاریدەدەری راگری کۆلیژی زانستە ئیســـلامییەکان لەزانکۆی سەڵاحەدین. یەکێکە لەپسپۆرەکانی بواری هزری سیاسیی لە ئیسلامدا، بۆیە بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەت و ئیسلام و حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان و چۆنیەتی پرۆسەی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت و ئایین لەسیاســـەت، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزی کرد، کە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.



**گوڵان:** سەرەتای پرسیارمان بەوە دەست پێدەکەین ئایا سیاسەت لەئیسلامدا مانای چییە و جیاوازی چییە لەگەڵ حزبە سیاسییە ئیسلامییەکاندا؟

**د. قادر مەجید قەشوری:** سەرەتا وا بە پەسەند دەزانم روونی بکەمەوە کە هیچ ئایینێکی خودایی راستەقینە بۆ هەر پێغەمبەرێك دابەزیبێت لەوانەش ئایینی ئیسلامی پیرۆز کە بۆ پێغەمبەری مەزنمان محەمەد(د.خ) دابەزیوە، دژی هیچ سیاسەتێکی شەرعی و هیچ بەرژەوەندییەکی شەرعی ئیمانداران خۆی نەبووە و نابێت، ئەگەر وەکو خۆی کاری پێبکرێت، چونکە مەبەستی خودای مەزن لەناردنی ئایینیەکان و دیاریکردنی پێغەمبەران و پیاوچاکان، تەنیا و تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئیمانداران ئەو ئایینەیە بەتایبەتی و بەرژەوەندی مرۆڤایەتییە بەگشتی، بەڵام کاتێك کە برواداران ئایینەکان خۆیان تەحریف بە دەقەکان و ماناکان و ویستە راست و دروستەکانی ئایینەکانیان دەکەن، کە بە تەئکید کراوە، یاخود وەکو خۆی پەیرەو ناکەن و تەفسیر و تەئویل و شیکردنەوەی هەڵە بۆ دەقەکانی دەکەن، ئەوا لێرەدا رووی گەشی ئایینی دەشێوێنرێت و ئامانجە سەرەکییەکانی دەگۆڕێت، بەرژەوەندییە بەر تەنگ و ناشەرعییەکانی لەرێگەوە جێبەجێ دەکرێن و بەرژەوەندییە شەرعییە گشتی و رەواکانی پێ دوور دەخرێتەوە، تا لێرەدا ئایین لەبەرچاوی لادەران لەراستی شیرین دەبێت و لەبەرچاوی تەواوی ئیمانداران ئەو ئایینە و ئەوانەی لەدەرەوەی ئەم ئایینەشن، ناشیرین دەبێت. بەتایبەتی ئەوانەی چ بە هۆکاری نەزانین، یاخود بە خۆگێل کردن، راستی ئایینەکان بە قسەو کرداری تاك یاخود گرووپ یاخود حزبێکی ئیسلامی سیاسی توندڕەو دەبەستنەوە، کە خودی ئایینی راستەقینەی خودا لەدژی خەڵکانی وەکو ئەوان دابەزیووە و سزای دادپەروەری بۆیان دیاریکردووە لەدنیا و قیامەت. ئێستاش ئەگەر ئیمانداران گشت ئایینەکان وەکو خۆی کار بە ئایینە راستەقینەکانیان بکەن، ئەوا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ دروست نابێت و تەنانەت مافی ژینگە و ئاژەڵان دەستەبەر دەکرێت و گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە، بەڵام ئەمەیان ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو بارە

**کاتێك کە بروادارانی ئایینەکان خۆیان تەحریف بە دەقەکان و ماناکان و ویستە راست و دروستەکانی ئایینەکانیان دەکەن. یاخود تەفسیر و تەئویل و شیکردنەوەی هەڵە بۆ دەقەکانی دەکەن. ئەوا لێرەدا رووی گەشی ئایینی دەشێوێنرێت و ئامانجە سەرەکییەکانی دەگۆڕێت**

دەروونیەی خەڵك بەگشتی تێکەوتووە، شتێکی ئاسەمە و خودای مەزن هەر خۆی خاوەن بڕیارە.

**گوڵان:** بەڵام لەسەردەمی رۆشنگەری Enlightenment لەئەوروپا، تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئایین دەستی پێکرد، واتە ئایین دوورخرایەوە لەسیاسەت، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەمە بە ئاسانی بەڕێوە نەچووە، بەڵام سەرەنجام جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت بووە هۆکاری بڵاوبوونەوەی لیبوردەیی و پێکەوە ژیان، ئایا بۆچی کاتێك ئایین و دەوڵەت پێکەوەبن، توندوتیژی دروست دەبێت؟

**د. قادر مەجید قەشوری:** ئێمە دەبێت ئایینە راستەقینەکان وەکو خۆی دابەزیووە، لەکردار و کارپێکردن و مێژووی پەیڕەوانی ئەو ئایینانە جیا بکەینەوە، لەهەمانکاتدا بە ئازادی و چاونەترسانە کردار و مێژووی پەیڕەوانی هەر ئایینێك بخوێنینەوە و بە ئینسافەوە حوکمی لەسەر بدەین، لەوانە مێژوو کرداری موسڵمانان کە بە زۆری تەعبیر لەراستی ئیسلام ناکات و موسڵمانەکان خۆیان لەسەرپێچییەکانیان بەرپرسن و دەقە پیرۆزەکان بەدەر لەمەرامە راستەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەئویل دەکەن و بە ئاقارێکی دیکەیدا دەبەن، بۆیە ئایینی راستەقینە پیرۆزە، بەڵام هەڵە مێژووییەکانی ئیمانداران پیرۆزنین.

**ئایینی راستەقینەی دوور لەتەحریف و تەئویلی هەڵە هیچ توندوتیژی و تێکدانی لێناکەوێتەوە**

بەڵێ ئەورووپیەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا رووبەڕووی ئەم جۆرە لادانەی کەنیسە و پیاوە ئایینیەکانی خۆیان بوونەتەوە، کە تەحریفیان بە دەقە راست و دروستەکانی ئایینی مەسیحی کردبوو، بەرژەوەندی بەرتەنگی خۆیان و حاکمەکانی خۆیان بە موقەددەسی پیشاندەدا و بە هەزاران هەژار و نەدار و خەڵکی سادە و دواکەوتوویان ئازاردا و لەناوبردووە. لێرەدا کە ئەورووپییەکان پاش چێشتنی زوڵم و ستەمێکی زۆر، هەڵسانە سەرپێ و سنوورێکیان بۆ ئەو ناڕەواییەی کەنیسە و روهبانەکانیان و ئەو خەڵکانەی سوودمەندبوون لێیان دانا، ئەوە لەو چاونەترسییەوە سەری هەڵدا کە مێژووی ئیمانداران گەر لەئەسڵی ئایینەکە لایدابێت موقەددەس نییە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کەنیسە و رووهبانەکان و دەسەڵاتدارانیان هەڵسەنگێنن، بەڵام پاش دەرکەوتنی لادانی ئەوان لەئەسڵی ئایین و تەنانەت لەبچووکترین بنەماکانی مرۆڤایەتی، ئەمە وایکرد مێژووی ئەوان بە پیرۆز نەزانن و شۆڕشێکی ئیسلاحی بەرچاویان بەرپا کرد و زوڵم و ستەمیان لادا و یەکسانی کۆمەڵاتیان بەرپاکرد، تا ئەمە بوو پاشان کە ناونرا بەرۆشنگەری (Enlighenment)، دواتریش هەنگاو بەهەنگاو هزرڤان و سیاسەتمەدار و ئاقڵمەندانیان بەتایبەتی پاش دەستپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژی و هاتنە پێشەوەی هەلومەرجی نوێ و جیاواز لەوەی پێشووتر، بە پەسەندیان زانی کە رێککارێکی نوێ بگرنە بەر و سیاسەت و دەوڵەت بۆ سیاسەتوان و دەوڵەتمەداران بەجێبهێڵن، ئەوانەش پێشتر ئایینەکەیان تەحریف کردبوو لەسیاسەت دووریان بخەنەوە، پلەو سنووری ئیمانداری و خوداپەرستی و ئامۆژگاری چاکسازیان بۆ دیاریکرا و بەرژەوەندییەکانیشیان لەسەر بنچینەی (ئەرك و ماف) بۆ دەستەبەرکردن.

بۆیە من دەڵێم ئایینی راستەقینەی دوور لەتەحریف و تەئویلی هەڵە هیچ توندوتیژی و تێکدانی لێناکەوێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە ئایین دەکەنە هۆکاری توندوتیژی و ئامرازی ناشەرعی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوانە لەسەر ئایین

حســـاب ناکرێن و ئایین بێبەشە لێیان، منیش وەها دەبینم، کە بە دوورخستنەوەی ئەوانــە لەحوکمڕانی و دەوڵــەت ئارامی و ئۆقــرە گرتن زیاتــر دەبێت، بە مەرجێك تۆمەتەکانی ئەو جۆرە حزبە سیاســییانە نەخرێنە پاڵ ئایینە ڕاستەقینەکان، چونکە ئەوانەی لەناو دەوڵەتیش کاردەکەن مرۆڤی ئیمانــدارن و لـــەدەرەوەی دەزگا دەوڵەتیە ڕەســمییەکان ئیمانداری خۆیـــان پەیڕە و دەکەن.

**گوڵان:** پســـپۆران پێیانوایە لەسەردەمی ڕۆشـــنگەری ئەوەی زیانی پێکەوت ئەو دەســـەڵاتدارانە بوون کە بەناوی کەنیسەوە دەســـەڵاتی خۆیان ســـەپاندبوو، بەڵام ڕێز

**شۆڕشی ڕۆشنگەری ئەوروپییەکان دژ بەو کەسانە بوو کە لەمەسیحییەتی ڕاستەقینە لایاندابوو نەوەك دژی ئەسڵی ئایینی مەسیحییەت. هەربۆیە ئەو شۆڕشە پیرۆز بوو**

بـــۆ ئایین گەڕایەوە لەبەر ئەوەی پێشـــتر پیاوانی کەنیسە ئایینیان ناشیرین کردبوو، ئایا بەڕێزت دەڵێی چی؟

**د. قادر مەجید قەشـــوری:** بەڵێ ڕاستە لەرۆژئاوا کاتێك جەور و ستەم زیادی کرد و کۆمەڵگـــەی ڕۆژئاوایی بەدەســـت ئەم نەداری و دواکەوتن و جەور و ســـتەمەوە ناڵانـــدی، بۆ چەند ســـەدەیەك ڕووناکی دادپەورەی و یەکســـانیان لێ هەڵنەهات، هەســـتیان کرد کـــە ئەم بـــارە ناهەموارە لەئەسڵی ئایینی مەســـیحییەتەوە نییە و لەوێوە هەڵنەقـــوڵاوە، چونکە ئایین ڕێگە بـــە ئەقڵ دەدات کردارەکان شـــیبکاتەوە و ڕاســـتی و ناڕاســـتییەکان لەیەکتری جیا بکاتەوە، بەڵام لەســـەدەکانی ناوەڕاســـت ئەوەبوو بینرا کە ڕووهبان و پیاوانی کەنیسە قودســـیەتێکی خودایی مەزنیان بە خۆیان دابـــوو، بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانیان مافیان بەخۆیان دابوو کـــە حوکمڕانەکان و دامـــودەزگا و دەوروبەرەکانیشـــان بـــە پیرۆز(مقـــدس) بدەنە قەڵـــەم و فرمان بە خەڵك بکەن ئەوەی بـــە پیرۆزیان نەزانێت و فرمانەکانیـــان وەکـــو خـــۆی ئەنجام نەدات، ئەوا ئەو مرۆڤە بە گومڕا و لادەر لەقەڵـــەم بدەن و پێویســـتە ســـزا بدرێت و موڵك و ماڵیشـــیان و تەنانەت ئەندامانی خێزانیشی ببن بە کۆیلە، یاخود بکوژرێن. بۆیە شۆڕشی ڕۆشـــنگەری ئەوروپییەکان دژ بەو کەســـانە بوو کە لەمەســـیحییەتی ڕاســـتەقینە لایاندابوو نەوەك دژی ئەسڵی ئایینی مەسیحییەت، هەربۆیە ئەو شۆڕشە پیرۆز بوو، لەبەر ئەوەی ســـتەمێکی لادا کـــە ئایینیش بەحەرامی دەزانێت، هەروەها دادپەروەری هێنایە کایەوە کە بە ئەســـڵی ئایین ڕەوایە و هەموو کۆمەڵگەشیان لەژێر کابوســـی کەنیسە و روهبان و دەسەڵاتدارە لادەرەکان ڕزگار کرد. بۆیە دوورخستنەوەی لادەران لەئەسڵی ئایین پێویستە، لایەنێکی تـــر کە دەمەوێـــت پەنجەی بۆ ڕابکێشـــم ئەوەیـــە، دەوڵەتی ئایینـــی (تیۆکراتی) لەهیچ کۆمەڵگەیەکدا سەرکەوتوو نەبووە، هەردەم بووەتە هۆی سەرهەڵدانی پاراستنی بەرژەوەندیە بەر تەنگ و نا شەرعییەکان و لەدەستدانی یەکسانی و دادپەروەری، بۆیە دەوڵەتـــی ئایینی (تیۆکراتی) دەوڵەتێکی تەمومژاویە. موســـڵمانانیش لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەوی و عەباســـی و فاتمی، تەنانەت هەندێك ســـوڵتانی عوسمانیش، ئەم قودســـیەتە ئیلاهیـــی درا بە هەندێك لەخەلیفەکان و سەرچاوە مێژووییەکان باسیان لێوەکردووە، ستەمیش لەپەناوە ئەنجام دراوە. بۆیە ئیســـلامی حەقیقی بە دەقی قورئان و سوننەتی ڕاستەقینەی پێغەمبەر(د.خ)، دژی دەوڵەتـــی ئایینی (تیۆکراتیـــن) کە خەڵکانێك نوێنەراتی خودا بەخۆی بدات، یاخود پێی بدرێـــت و فرمانەکانی خۆی هەروەك لەخوداوە دەرچووین بە پیرۆز بزانێت و بە تیغی شیر و ڕم بیسەپێنیت.

**گوڵان:** ئایا تا چەند حزبە ئوســـولییە ئیســـلامییەکان ڕووی ئیسلامیان ناشیرین کردووە، هەروەها تا چەند دەکرێ ئیســـلام وەك ئایین و ئیســـلام وەك سیاســـەت لێك جیابکرێتەوە؟

**د. قادر مەجید قەشـــوری:** لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم، ئیسلامی نا حەقیقی کە هەندێك لەموســـڵمانان بە هەر هۆکار و ئامرازێـــك بێت بە نەرێنـــی تەئویلیان کـــردووە و ڕووی توونددوتیـــژی و تیرۆر و قەبووڵنەکردنی بەرامبەریان پێوە لکاندووە، بە کردار ئازاری خودی ئیسلامی حەقیقی و خەڵکی موسڵمان و موسڵمانیان لەرێگەوە داوە، کە لەراســـتیدا ئیسلامی ڕاستەقینە لێی بەرپرســـیار نییە، چونکە خۆی ئایین میانڕەوی و ئیعتراف و پێکەوە ژیانە، بۆیە ئەو موســـڵمانانە لێی بەرپرسیارن کە ئەم جۆرە کرادارە نا شـــەرعیانە ئەنجام دەدەن. بۆیە دەبێت جیاوازی بخەینە نێوان.

١- ئیســـلامی حەقیقی و ئیســـلامی تەئویلکرا و بە نێگەتیڤی (ناحەقیقی)

٢- مێـــژووی ئیســـلام و مێـــژووی موسڵمانان.

٣- هزری سیاســـی ئیســـلام و هزری سیاسی موسڵمانان.

**گوڵان:** هەموو ئـــەو دەوڵەتانەی پێیان

**ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە بەهیچ شێوەێك ناتوانن کار بە ئیسلامی حەقیقی بکەن و پەیڕەوی قورئان و سوننەت وەکو خۆی بکەن**

دەگوترێـــت دەوڵەتی لیبـــرال دیموکراتی ئەو دەوڵەتانەن کـــە ئایین و دەوڵەتی لێك جیاکردۆتەوە، پرســـیار ئەوەیە بۆچی هەتا ئایین لەدەوڵەت جیا نەکرێتەوە سیستەمی لیبرال دیموکراتی بونیاد نانرێت؟

**د. قـــادر مەجید قەشـــوری:** لەوەڵامدا دەڵێـــم ئیســـلامی ڕاســـتەقینە چ خۆی دەوڵـــەت بەڕێوە ببـــات و حوکمڕان بێت، یاخود بە پلەدوو لەناو دەوڵەت و سیاسەتدا بەشـــداربێت، ئەوا بێجگە لەرێڕەوی ڕاست و بەرژەوەندی تەندروســـتی، ڕێگەی دیکە ناگرێتـــە بـــەر، چونکە خـــۆی لەخۆیدا ڕاست و دروستە، بەڵام ئەو ئیسلامەی بە پەســـەند دەزانرێت دوور بێت لەدەسەڵات و دەوڵەت، ئەوە ئیسلامە نا حەقیقییەیە، کە بەتایبەتی لەحزبە ئیسلامییە سیاسییەکان و گرووپ یاخود تاکە توندڕەو و ناسراو بە خۆپەرست و قەبووڵ نەکردنی خەڵکی تر و تەنیا خۆبەڕاست زانین دەگرێتەوە، کە زۆر جار دەگەنە ئاســـتی تەکفیرکردنی خەڵك و بڕیاری کوشـــتنی بە کۆمـــەڵ دەدەن، هەر چەندە ڕووی ئیســـلامی حەقیقی بەم جۆرە حزبە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوانە

ناشیۆیت، بەڵام زۆر پێویستە بەو هزر و بیرانەیان کە زۆرجار پاشکۆیی پێوە دیارە، لە دەوڵەت دووربخرێنەوە.

**گوڵان:** ئێستا لەرۆژئاوا هەندێك حزب هەن بەناوی ئایینەوە وەك حزبی کریستیانی دیموکراتی، بەڵام ئەم حزبانە بڕوایان بە سوکۆلاریزم هەیە نەك بە ئایین سیاسەت بکەن، ئایا مەبەست لەناونانی حزبی ئایینی لەناو دیموکراتی چییە؟

**د. قادر مەجید قەشوری:** لەراستیدا من پشتگیری لەهیچ حزبێك ناکەم بەناوی ئایینەوە خۆی بخزێنێتەوە ناو سیاسەت و لەترۆپکەی دەسەڵاتدا کاربکات بە تایبەتی حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان،

**با حزبە ئیسلامییەکان چیتر چاو نەبڕنە دەسەڵات و دووبەرەکی و فیتنە و براکوژی و تەکفیرکردنی خەڵك پەیرەو نەکەن. گەر ڕەزامەندی خودای مەزن و پێغەمبەری خۆشەویستیان دەوێت و کار ناکەن بۆ تەماعی دەسەڵات. ئەوا با بۆخۆیان لەشوێنە ئایینییەکان و لەماڵەکانیان و لەناو کۆمەڵگە کاری شەرعی ئەنجام بدەن**

ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

هۆی یەکەم: ئەو حزبە سیاسییە ئیسلامییانە سەرکردایەتی و پەروەردەیەکی ئەوها ڕێکوپێك و دادپەروەر و یەکسان خواز نین، کە بتوانن بە سیستەمی سکۆلاریزم کار لەناو دەسەڵاتدا بکەن، ئەوان بەناوی ئیسلامی خۆیان بەدەر دەخەن، بۆیە نابێت لەهەمان کاتدا کە ئیسلامی خوازن و دیانەوێت شەرعی ئیسلام پیادە بکەن، لەهەمان کاتیشدا کار بە دیموکراتییەت و لیبرالییەت بکەن و ئایین جیا بکەنەوە لەسیاسەت و دەسەڵات.

هۆی دووەم: ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن کار بە ئیسلامی حەقیقی بکەن و پەیرەوی قورئان و سوننەت وەکو خۆی بکەن، چونکە نەك هەر ئەوان لەم سەردەمەی تەکنۆلۆژیای و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان ئەم ئەرکەیان پێ هەڵناستێ، بەڵکو هەروەکو لەپێشەوە باسمان لێوەکرد، هەر لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەری مەزنمان محمد(د.خ) نەتوانراوە ئەم سیاسەتە شەرعیی ئیسلامییە حەقیقیە بەڕێوە بچێت، ڕووداوی دانانی یەکەم خەلیفەش پاش پێغەمبەر(د.خ) باشترین بەڵگەی زیندو و باوەڕپێکراوە کە چۆن هێشتا تەرمی پیرۆزی پێغەمبەر(د.خ) تەدارەك و بەخاك نەسپێردرابوو، جیاوازی کەوتە نێوان یاوەرانی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی پێغەمبەر(د.خ) لە(مهاجرین) و(أنصار) و چۆن شانبەشانی بەکارهێنانی جۆرە توندوتیژیەك و ئەگەری دروستبوونی شەڕێکی خوێناوی (مهاجرین) قازانجیان کردو ئەنصارەکان پەراوێز بوون و تەنانەت بە ئاستی بەڕێوەبەرێکی گشتیشیان بەپێوەری ئەمرۆ بەرنەکەوت، یاخود خۆیان قەبووڵیان نەکرد. بۆیە لەبەر ئەوەی ئیسلامی ڕاستەقینە پەیڕەو ناکرێت و ئیسلامی نا حەقیقیش زەرەری زیاترە لەقازانجی، بۆیە بەڕای من با حزبە ئیسلامییەکان چیتر چاو نەبڕنە دەسەڵات و چیتر دووبەرەکی و فیتنە و براکوژی و تەکفیرکردنی خەڵك پەیڕەو نەکەن، گەر ڕەزامەندی خودای مەزن و پێغەمبەری خۆشەویستیان دەوێت و هەروەك خۆیان دەڵێت ئەوان کار ناکەن بۆ تەماعی دەسەڵات، ئەوا با بۆخۆیان لەشوێنە ئایینییەکان و لەماڵەکانیان و لەناو کۆمەڵگە کاری شەرعی ئەنجام بدەن:

أ- کاری ئایین و خودا ناسی و ئامۆژگاری لەناو خەڵك پەیڕەو بکەن و خەڵکی لادەر لەئیسلامی حەقیقی ئامۆژگاری بکەن و ڕێگەی ڕاست و دروستیان نیشان بدەن، تاکو بەم قسە و کردارە باشانەیان ڕێزی دنیا و قیامەت بەدەست بهێنن.

ب- لەکاتێکیش یەکێك لەزانایانی ئایینی بیەوێت لەدەسەڵاتدا کار بکات و لەخۆی ڕادەبینێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لەسیاسەتدا ببینێت و لەسەر بنەمای(لا ضرر ولا ضرار) ئەرکەکانی ئەنجام بدات، ئەوا دەتوانێت لەروانگەی سکۆلاریزمەوە کاربکات و دین و دەوڵەت تێکەڵ نەکات و کاری سیاسی و دەسەڵاتی خۆی پەیڕەو بکات و پاشانیش هیچ کەسێ ڕێگەی خودا ناس و ئامۆژگاری لەدەرەوەی کارەکەی لێناگرێت.

بە کورتی مادام نەتوانراوە و ناتوانرێت ئیسلامی حەقیقی بەڕێوە ببەن، ئەوا واز لەئیسلامی نا حەقیقی بهێنن و لەدەرەوەی دەسەڵات ئیمانداریەکەیان بکەن، وا دیارە لەرۆژئاواش هەر ئەمە پەیڕەو کراوە.

**گوڵان:** زۆر لەوڵاتانی ئیسلامی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبنەوە بۆچی لەئەورووپا یان ڕۆژئاوا حزبی ئایینی هەیە و دەتوانێت دیموکراتی بونیاد بنێت، بەڵام بۆچی حزبی ئیسلامی بەمەترسی لەسەر دیموکراتی لەقەڵەم دەدرێت؟

**د. قادر مەجید قەشوری:** لەراستیدا من زانیاری باشم لەسەر حزبە ئایینیەکانی

**ئیسلامی نا حەقیقی کە هەندێك لەموسڵمانان بە هەر هۆکار و ئامرازێك بێت بە نەرێنی تەئویلیان کردووە و ڕووی توندوتیژی و تیرۆر و قەبووڵنەکردنی بەرامبەریان پێوە لکاندووە. بە کردار ئازاری خودی ئیسلامی حەقیقی و خەڵکی موسڵمان و موسڵمانیان لەڕێگەوە داوە**

ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی نییە، بۆیە ناتوانم وەکو پێویست قسەی لەسەر بکەم و ڕوونکردنەوەی دەربارە بدەم، بەڵام ئەوەی ڕوون و بەرچاوە دوو هۆکاری گرنگ هەیە بۆ ئەم مەبەستە:

١- هەروەك خۆتان لەمیانەی پرسیاری پێشتردا وتوتانە: ئێستا لەرۆژئاوا هەندێك حزب هەن بەناوی ئایینەوە، بەڵام ئەم حزبانە بڕوایان بە سکولاریزم هەیە واتا تێکهەڵنەکێشانی ئایین بە سیاسەت و دەوڵەتدایە، بەڵکو گەر هاتوو بەشداریشیان لەدەوڵەتدا کرد، ئەوا دەوڵەت وەکو خۆی و بە سیستەمی دیموکراتی یاخود دیموکراتی لیبرالی بەڕێوەدەبەن و ئایینیش لەدەرەوەی ئەم لایەنە بۆ خۆیان مومارەسەی دەکەن و مافی هەر یەکەیان لەکات و شوێنی بارودۆخی تایبەتی خۆی دەدەن و یەکێکیان لەسەر حسابی ئەوی تر پەیڕەو ناکەن.

٢- ڕۆژئاواییەکان، تەنانەت پیاوانی



جیاکردنەوەی دەوڵەت و ئایین گەیشتوون و بەدوو شتی گرنگی دەزانن بۆیە پابەند دەبن بەم پرۆگرامە باشەیان:

أ- رۆژئاواییەکان بەپیاوانی ئایینشەوە دەزانن کە دەوڵەت مافی گشتیانی پاراستووە و هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن بەوەی هەر یەکە و ئەرکی خۆی بە دڵسۆزی جێبەجێ بکات و مافەکانی خۆشی وەربگرێت، و لەکاتی هەر مافخورانێك ئەوا سیستەم و یاسا و دەستووری خۆیان بەبێ جیاوازی بەرگری لەمافەکانیان دەکات و بۆیان دەستەبەر دەکات.

ب- ئەوان ئاستی رۆشنفکری و رۆشنگەری و تێگەیشتنیان لەئاستێکی بەرز دایە، چونکە هەر لەکاتێ منداڵیان و پاشان لاوێتی و قوتابخانە و زانکۆکاندا بە راست و دروستی گۆش دەکرێن رێنمایی پسپۆرییەکانیان دەکرێت و هەریەکە و بەرەو خواست و شیان و مەرامی خۆی هەنگاو دەنێت و باش باش دەزانێت کە تێکەڵکردنی ئایین و دەوڵەت زیانبەخشە بە هەموویان جگە لەتەفرەقە و رووبەڕووبوونەوە و خۆ بەڕاست زانین، ئەوا هیچی تریان پێنابڕێت و لەجیهاندا تەنیا دواکەوتن و نابوودیان بۆ دەمێنێتەوە، بۆیە بە سنگێکی فراوان بە تێگەیشتنێکی بەرزەوە پەیڕەوی دەستوور و یاسای وڵاتی خۆیان دەکەن و هیچ کامێکیان رازی نابێت خۆی بکاتە کۆسپی تێکدان و لەیەکترازان.

بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان بەتایبەتی کەس دان بەکەسدا نانێت و یەکتری قبووڵ ناکەن و بە بەردەوامی ترسی لایەنە سیاسییەکەیان لەدڵ و دەرووندایە، بەوەی گەر هاتوو لایەنەکەی تر دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەوا خەڵکی تر لە وجود دەسڕێتەوە و پابەندی دەستوور و ئەو یاسایە نابێت کە لەرواڵەتەوە دایانڕشتووە.

**لەکۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی و حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان بەتایبەتی کەس دان بەکەسدا نانێت و یەکتری قبووڵ ناکەن و بە بەردەوامی ترسی لایەنە سیاسییەکەیان لەدڵ و دەرووندایە**

**گوڵان:** ئێمە دەزانین هیچ ئایینێك دژی دیموکراتی نییە، هەروەها دەشزانین لەسیستەمی دیموکراتیدا رێز لەهەموو بیروباوەڕێکی ئایینی دەگیرێ، پرسیار ئەوەیە بۆچی کە ئایین دەکرێتە سیاسەت دژی دیموکراتی رادەوەستێتە و لێبوردەیی ناهێڵێتەوە؟

**د. قادر مەجید قەشوری:** سەرەتا بەکورتی و بەروون و ئاشکرا دەڵێم هەروەك خۆتان لەپرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، هیچ ئایینێکی ئاسمانی راستەقینە لەوانە ئایینی ئیسلامی حەقیقیش دژ بە دیموکراتیەت نییە، بەڵکو دیموکراتییەت بە هەڵقوڵاوی ناو بنەماو دەقە ئاینییەکانی خۆی دەزانێت، هەر بۆیەش ئایینە ئاسمانییە راستەقینەکان، واتە بەر لەتەحریف و تەئویل کردنیان لەلایەن هەندێك بەناو ئیماندار و پیاو و حزبە ئایینەکان کە بۆ خۆسەپاندن و سیفەتی قودسیەت و تیوکراتی بەخۆدان ئایینەکانیان شێواندووە و لەڕێڕەوە ئاسمانییە راستەقینەکەیان گۆڕیویانە، ئەوا جگە لەو تاك و لایەنانە کە هەر لەزووێکەوە لەرۆژئاوا و پاشانیش لەرۆژهەڵات، هەست بە مەرامە نا شەرعییەکانیان کراوە، ئەوا هیچ ئایینێك یاخود ئیماندارێکی راستەقینە دژایەتی دیموکراتییەت نییە. چونکە دووبارە هەروەکو لەپرسیارەکەتاندا هاتووە لەسیستەمی دیموکراتیدا رێز لەهەموو بیروباوەڕێکی ئایینی دەگیرێت و رێز لەبیروباوەڕە هزرییەکانی مرۆڤیش دەگیرێت، چونکە دیموکراتییەت واتا حوکمڕانی لەگەلەوە و بۆ گەل دەگەیەنێت و سەقفی دەسەڵاتی نا شەرعی چ بەناوی دیکتاتۆریەتی تاکە کەسی و چ بەناوی پەیڕەوی ئایینی نا راستەقینە رەت دەکاتەوە و گیانی لێبوردەیی دەهێنێتە کایەوە.

# به چ ڕێگاچارەیەک حکومەتی بەغدا لە قەیران دەردەچێت؟



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

باری سیاسی ئەمڕۆ لە عێراق و بە تایبەتیش لە بەغدا، ئاماژە بە کەڵەکەبوونی گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەدەن، کە بەخراپی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتییانەی توێژو چینە هەژارو کرێکارەکانی ناو کۆمەڵگەی عێراقی ڕەنگیان داوەتەوە، حکومەتی مالیکیش ناتوانێت ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. بەو شێوەیە ئەم حاڵەتەی گێژاوو شڵەژانی ئێستا دەبینینەوە کە پێگەکانی پارتە سیاسییەکان و شەقامی گرتۆتەوە، ئەم چەقینەی ئێستا لەچارە دۆزینەوەدا ڕێگەخۆشکەری گەڕانەوەی هێزە تیرۆریستییەکانی ناوخۆو خۆرهەڵاتی ناوەندە بە هەموو جەمسەرەکانییەوە، کە ڕۆژانە ئەو هێزانە دەڕژێنە ناو کۆمەڵگەی عێراقی و لەڕێی ئەنجامدانی کارو کردەوەی تیرۆریستییەوە زیانی گەورە بە خەڵکی دەگەیەنن، چ لە ڕێی تەقاندنەوەی جێگە هەستەوەرەکانی ناو بەغدا یان بەهۆی کوشتنی گەورە بەرپرسانی سەربازی و پزیشکان و زانایان لە ڕێی دەمانچەی بێدەنگەوە، یان لە ڕێی چالاکی تێکدەرانەوە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی دەستی تیرۆر خزاونەتە ناو جومگەکان و دروستکارانی بڕیاری سیاسی شێواندووە، لەلایەکی دیکەوە گەندەڵی و بەرتیلخۆری و فرت و فێڵی کارگێڕی بڵاوبوونەتەوەو دامودەزگا بەرپرس و ئاسایشییەکان لەئاست باڵا دەستی گەندەڵکاراندا دەسەوەسان ڕاوەستاون و ناتوانن لەسەر ئاستە هەرێمی و نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لێپرسینەوەیان لەگەڵ ئەنجام بدەن، ئاڵۆزبوونی ئەم قەیرانە جەخت کردنەوەیە لەسەرگرفتە بونیادییەکانی کە ساڵەهای ساڵە عێراق بەدەستییانەوە گیرۆدەی خواردووەو کەوتۆتە بن کلێشەی سیستمی حوکمڕانی، بێ متمانەیی لەناو خەڵکی وڵاتەکەدا دروست کردووە، توانا و ئەرکی تەواوەتی نەخراونەتە گەڕ بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەو گرفتانەو نەهێشتنیان، بۆیە گرفتەکان بەبەردەوامی خۆیان بەرهەم دێننەوە، لەلایەکەوە هەموو هێزە سیاسییەکان دادو بێدادیانە لەتاو بەش بەش بوونی هۆزگەرێتی و عەشیرەتگەری و ناوچەچێتی کەچی خۆیشیان بە مکوڕیی و سووربوونەوە کاری لەسەر دەکەن تا لەناو جومگەکانی کۆمەڵگەدا ئەکتیڤتری بکەن..

هەر کەسێك بە وردی بەدواداچوون بۆ بارودۆخەکە بکات، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە قەیرانێکی بونیادیانەی قووڵ هەیە بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵگە لە دەوڵەت وەك لەم خاڵانەدا بەدەردەکەون:

١ـ بێتوانایی سەرۆك وەزیران لەئاست دامەزراندنی جومگە سەرەکییەکانی حکومەتی عێراقی و دانەنانی هەر سێ وەزیرانی ئاسایش و سەربازی و ناوخۆ لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا، چونکە ئەو دەسەڵاتە لەلایەن سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاساو حزبی دەعوە لەلایەك و ئیفلیج بوونی حکومەت لەئاست ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا لایەکی ترەوە پەکی خراوە..

٢ـ بێدەسەڵاتی پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی لە حوکمڕانیدان لە ئاست جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنی نێوانیان بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای دارشتنەوەی سیاسەت، کە بە ناوبژیوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی ئەرکەکانی ئەو ئەنجوومەنە لە دەسپشخەرییەکدا دیاری کرابوون، بەڵام ئەو بێدەسەڵات بوونەی پارتەکان وای لە ئەیادعەللاوی کرد لەو بەرپرسیارێتییەی کەلەبەرانبەر هاوپەیمانی بۆ حکومەت هەیبوو خۆی ڕزگار بکات و گۆشەگیربێت ..

٣ـ تەجەللابوونی ململانێی حزبیانەو کێشمەکێشی نێوان لیستەکان لەسەر دیارکردنی چالاکییەکانی حکومەت و دواخستنی بابەتە گرنگەکانی کە بەرژەوەندی خێرای گەل دەیانخوازێت تا ڕادەی ئەوەی سەرۆکی پەرلەمانی بە بێلایەن نەبوونی لەو ڕووەوە پێ تاوانبارکرا.

٤ـ یەکنەبوون و فرەڕایی لەهەمبەر ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان ئەمەریکاو عێراق لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراقدا، هەندێ لە لایەنەکان هاش و هوش و موزایەدەیان بەم بابەتەوە دەکرد بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەیان بکەنەوە کە پێویستیان بەسەقامگیری و لەناوبردنی ئەو تیرۆرە هەیە کە بینەقاقای هەموو وڵاتەکەی گرتووە ..

٥ـ گەرچی ئاماژە دەدرێت بەخستنەگەڕی توانا

ژمارە (٨٢٩) ■ ٢٠١١/٥/٩

بۆ چارەســەرکردنی هەڵوێستی ئاسایش لە وڵاتتدا بەڵام هێزە تیرۆریســتییەکان دەرفەتــی زێرینیان لەم ململانێ ســەختانەی نێوان هێزەکانیان بۆ هەڵکەوتووە ئەوەیش بەگەیشــتنیان بۆ نــاو پێگەکانی زانیاری و دواتر لێدانی زەبری کەمەرشــکێن لــە کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی، باری ناهەمواری ئابووریش هاوکارە بۆ ســازکردنی زەمینەی تەشەنەکردنی ئەو هێزانەی خەریکی تێکدانــی وەزعەکەن و ئەویش بە فریودانی کەسانی بێکارو دەروون نەخۆش بۆ هاوکاریکردنیان لە کارە تیرۆریستییەکانیاندا، لەم ڕووەوە تۆڕی قاعیدەو لایەنگرانی عیزەت دووری و سەدامییەکان و کەسانی هەڵپەرســت هەموو کارو ئامانجیــان کۆکردۆتەوە بۆ لەباربردنی وەزعەکەو لەم لاشەوە ئەنجوومەنی زانایانی ئیســلامی سوننە مەزهەب بە فیتی هەندێ لایەنی هەرێمی دەوروبەری عێراقەوە سەرپۆشی سیاسییان بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان دروست کردووە، ئەم واقیعەش بەهۆی خۆپیشــاندانە شۆرشــگێڕە بەردەوامەکانی وڵاتانــی عەرەبییەوە ئاڵۆزتر بــوو کاتێك کۆنگرەی کۆمکاری عەرەبی لەبەغدا دواخرا بۆ کاتێکی نادیار .

٦- لاوازی حکومەت لەبەرامبەر ئەو گەندەڵییەی کــە ناوەندەکانی ژیانی لە وڵاتتــدا تەنیوەتەوە، تاکو ئێستاش عێراق لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کەزۆرترین گەندەڵــی دارایــی و کارگێڕی لەجیهانــدا تێدایە، شوێنەواری خراپی بۆ سەر دانیشتووانی عێراق هەیە، لەئاکامی ئەو زیانە توندەی کە بەر پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و ئەنجامدانی پرۆژەکان دەکەوێت، ئەمە جگە لە شــوێنەوارە خراپەکانی بۆ سەر داهاتی تاکەکەسی و نادادپــەروەری لەســەر دووبارە دابەشــکردنەوەی داهاتــەکان، تەنانەت دەرامەتێکــی گەورەی دەوڵەت بەفیــڕۆ دەچێت و دەبرێتــە دەرەوەی وڵات، ئەمەش هەمووی لەبەرژەوەندی کۆمپانیا قۆرخکارە بیانییەکان و بەشێکی زۆری کۆمپانیا گەندەڵکارە نێوخۆییەکان و کەسانێکی گەندەڵکار لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەرەوەی ئەم دامەزراوانەن و سوودمەندن لەو گەندەڵی و بێسەروبەرییە.

٧- پێویستە ئاماژە بەدواختستن و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەســتووری بدرێت، کە بارگرژی و ئائارامییەکی توندی لەو ناوچانە لێکەوتۆتەوە بەتایبەت لــە کەرکوك، کەمــن وای دەبینم واقیعی حکومی و ململانێ سیاســییەکان و بیروبۆچوونە دژ بەیەکەکان ڕێگرن لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

ئەم گرفت و کێشانەو چارەسەرنەکردنیان خەسڵەتێکی سیاســیانەی لەخۆ هەڵگرتووەو، بەردەوامیشی هەیەو بەبەردەوام خۆیان نوێ دەکەنــەوە لەچوارچێوەی ئەو ململانێ بەردەوامەی لەســەر دەســەڵات و دارایی لەعێراقــدا بوونیان هەیە. لەدەرئەنجامیشــدا هەموو ئەم گرفت و کێشــە ئاڵۆزە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیری و ژینگەیی و ســەربازی و مەدەنیانە

زیانێکی توندی بۆ سەر بارودۆخی گوزەرانی گەلانی عێراق هەیە، بەرادەیەك زیانەکانی لەســەر هەموو تاکەکاندا ڕەنــگ دەداتەوە بەتایبەتی بۆ ســەر گەنجەکان، کە لەچەند مانگ و هەفتەی ڕابردوودا بەهۆی باهۆزی گۆڕانکارییەکانــی وڵاتانی دەوروبەریشــی گرتەوە ئاڵۆزتر بوون .

هەموو چاودێرو کەســێکی ئاســایی دەتوانێت ئەم واقیع و بارودۆخە تۆمار بکات و بەئاشــکرا لایەنی نێگەتیڤی دیارو لەبەرچــاون، تەنانەت زۆربەی جار بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و حکومیی یا لەئەنجومەنی نوێنەران و هەندێك لە پارتە سیاسییەکانیش ئاماژەی پێ دەدەنەوە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە: کە ئایا لەتوانای حکومەتی مالیکی دایە چارەســەرێك بــۆ ئەم دۆخە ئاڵــۆزو گرفت و کێشە هەڵپەســێردراوانە بدۆزێتەوە؟ گەرچی نیشانەو داتــاو زانیارییەکان ئەوە دەردەخــەن کە دۆخەکە زۆر دوورە لەچارەســەرەوە، بەڵام پێویستە ئەوە بپرسین ئایا ڕێگا چارەسەر و بیروبۆچوونەکان بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەمڕۆی عێراق چییە؟

ســێ بەشــی ئەو ماوەیە تێپەڕ بووە کە مالیکی دیاریکردبوو تەنانــەت پابەندیش بوو لەبەردەم گەل و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو چارەســەرکردن بەرێت و لــەم واقیعە تاڵە تێپەڕ بێت و دەســت بەچارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکات کە خواستی خۆپیشاندەرەکانی شارەکانی عێراق بوو، تاکو ئێســتا هیچ جێبەجێ نەکــراوە تاوەکو توانایی خۆی بسەلمێنێت بۆ چارەســەرکردنی بارودۆخە ئاڵۆزەکە؟ چی بکرێت؟

وای دەبینــم بارودۆخەکەی عێــراق کەوتۆتە ناو دەمی شووشەیەکی تەســکەوە، بەپێی هاوکێشەکانی ئێســتا زەحمەتە بتوانرێت لەم دۆخە دژوارە دەربازمان بێت، تەنانەت لە ســوود و بەرژەوەندی هیچ لایەن و پارتێکی سیاســی بەشداربووی ناو پرۆسەی سیاسی ناکەوێتەوە، هەموویان سوورن لەسەر ئەو مافانەی کە پێی دەڵێن مافە یاسایی و شەرعییەکان و ئامادە نین دەستبەرداری بن، ئەم دۆخەش دەمانباتە بەردەم چوار ئەگەر کە مەرج نییە چارەسەری قەیرانەکە بکەن .

١- ئەگــەری هێشــتنەوەی بارودۆخەکە هەروەك خۆی کە ئەمەش نزیك دەبێتەوە لە تەقینەوە کە دواتر نازانرێت ئاکامەکانی چی دەبێت .

٢- ئەگــەری ئەنجامدانــی ڕیفۆرمێکی ئیداری لە ڕێگای دابەشــکردنی هێزەکانــەوە تا پاڵ بنێن بە ڕەوڕەوەی باشتر بوونی بارودۆخی سیاسی، بەڵام ئەم چارەسەرە لە ناو تەرازووی هێزەکانی ئێستادا زامنکەر نییە چونکە ڕێکخســتنەوەی وەزاری هاوســەنگی هێزەکان ناگۆڕێت، بەڵکو لاسەنگ تریان دەکات.

٣- وازهێنانی مالیکی لە سەرۆکایەتی حکومەت و هەڵبژاردنی کەســێکی ســەربەخۆ بۆ ئەو پۆستە ؛ حکومەتیــش لــە کۆمەڵێك وەزیــری تەکنۆکرات

پێك بهێنرێت تا بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا لەبەرچاویان بێت نەك بەرژەوەندی تایبەتی هێزە سیاسییە هاوبەشەکانی ناو حوکم. ئەم حکومەتەش هەڵسێت بەرەتکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و سەر لەنوێ هەڵبژاردنی گشتی لە دوای شەش مانگ، ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی تەرازووی هێزەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، هاوکاری دامەزراندنی حکومەتی زۆرینە بکات، لەپاڵ بەردەوام بوونی کاری رازیکردنی یەکتر بەڵام لەسەر حسابی لێهاتوویی.

٤- حکومەتی مالیکی خۆی داوای هەڵبژاردنی نوێ بکات لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی لەماوەی شەش مانگدا . بەم شێوەیەش ریزبەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ دروست دەبێت کە تا رادەیەك دوور دەبێت لەبەشکردنی هۆزگەرێتی، بەڵکو لەسەر بناغەی زۆرینەی پەرلەمانی و هاوپەیمانێتی گونجاو ئەنجام دەدرێت، ئەم چارەسەرەش زەمانەتی خولقاندنی کەشو هەوایەکی نوێیە. گۆڕانکارییە پێشبینی کراوەکان لەبونیادی ئەنجوومەنی نوێنەرانی تازەدا رەنگە لەئەنجامی ئەم پێنج خاڵەوە دەرکەون :

● ئەو حکومەتەی هەڵبژاردنی ناحزبی ئەنجام دەدات هەڵبژاردنێك نەکەوتبێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزێکی سیاسی دیاریکراوەوە ئەوە حکومەتێکی سەربەخۆیە.

● بەگشتی گۆڕانکاری سیاسی نوێ راماندەکێشێ بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتی و لیستی هەڵبژاردنی نوێ کە جیاوازە لەوانەی لە ساڵی ٢٠١٠ بینیمان.

● دروستبوونی ئاگایی و هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە توانای زیاتری هەبێت بۆ جیاکردنەوەی بەرنامەکان و پاڵێوراوانی لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتییەکان بەسوود وەرگرتن لە هەردوو ئەزموونی ٢٠٠٥ و ٢٠١٠.

● سەرپەرشتیکردنی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی و ئەنجوومەن و گرووپەکانی مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی بۆ هەڵبژاردنی پێشنیازکراو بەشێوەیەکی فراوانتر لەوانەی پێشوو، هەروەها پابەندکردنی هەموو لایەك بە دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی پارەو بەخشین و ساختەکاری و رێگا گرتن بەپێی توانا لەم کارە نابەجێیانەدا.

● جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکی تەواوەتی لەپێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، هەروەها چاودێری خستنەسەر پرۆپاگەندەو بەرنامەکان، رێگاگرتن لە دەستێوەردانی دەرەوە یان رێگاگرتن لە بەکارهێنانی فیکری ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبگەرایی سیاسی لە ململانێی هەڵبژاردندا .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت رێگا چارەی دووەم نزیکترە لە واقیعییەتەوە بۆ هەموو لایەکیش باشترەو رەنگە زۆربەی لایەنەکان لەسەری کۆك بن، ئێستاش وێڕای موعاناتی زۆری خەڵکی و بەرفراوانبوونی بازنەی خۆپیشاندانەکان کە رەنگە تەرازووی هێزەکان بگۆڕێت وەك چۆن لە وڵاتانی عەرەبیدا زۆر لە هێزەکانی حوکمی گۆڕی کە ئەمەش گەشبینی دەخاتە ناو بارودۆخەکەوە کە مرۆڤی عێراقی بۆ لەمەودوا وشیارانەتر بچێتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ئومێدێکی زیاتری لادروست بێت، بەڵام گۆچانێکی ئەفسوناوی بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان بەدەست کەسەوە نییە، تەنیا تواناو هێزی ئەو لایەنە سیاسی و دیموکراتیانە نەبێت کە هۆزگەرایەتی سیاسی و موحاسەسە رەت دەکەنەوەو رێبازی هاووڵاتیبوونی ئازاد و یەکسان بۆ چنینی توێژەکانی کۆمەڵگای عێراقی دەخوازن، هەموو ئاماژەکان بۆ سێ گریمانە راماندەکێشێ ئەگەر سەرۆکی وەزیران چارەسەری گونجاوی لە چوارچێوەی حکومەتی ئێستادا بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوا دەکەوێتە رووبەڕووی ئەم سێ گریمانەیەوە، سەرۆك وەزیرانیش قوربانی بەژیانی سیاسی نادات بەڵکو قبوڵی تەحەدا دەکات، چونکە هەموو هەڵبژاردنەکانی بەردەم هێزە سیاسییەکانی عێراق قورسن، سەرۆك وەزیران دەبێت ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەم بارودۆخە چەقیوەی ناو ژیانی سیاسیی لەناوخۆدا بدۆزێتەوە نەك لە رێی هاتوچوون و گەشتەکانی بۆ وڵاتانی دەروبەرو مۆرکردنی رێکەوتنامەی نێودەوڵەتیەوە کە بارو گوزەرانی خەڵکی بێ چاك ناکرێت، ئەم قەیرانەی ئێستا زیان بەهەموو لایەك دەگەیەنێت تەنیا تیرۆرستان و هێزە گەندەڵکارەکان سوودی لێوەردەگرن کە رۆژانە لەم بارودۆخەدا چەکەرەی زیاتر دەکەن و گەورە دەبن. بارودۆخەکە زیان بەسەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان و حزبە هاوبەشەکانی ناو حوکم دەگەیەنێت تەنانەت بەوانەش کە لەدەرەوەی حوکمن، زیانمەندی گەورەش گەلی عێراقە بەهەموو چین و توێژەکانیەوە کە لەلایەن تیرۆرستانەوە کراونەتە ئامانج، بۆیە رێگا چارەی گونجاو بۆ دەرچوون لەم قەیرانە تەنیا ئومێد بەخۆدان نییە، بەڵکو کارکردنی جدی و دڵسۆزی نواندنە لەلایەن هەمووانەوە بەم شێوەیە دەتوانرێت ئەم گرفتە کەڵەکە بووانەی ساڵەهای ساڵە لە عێراقدا دروست بووە چارەسەر بکرێن، چونکە بەمانەوەی گرفتەکان ئاڵۆزی زیاتر دەکەوێتە ناو کۆمەڵگاوە.

دواجار لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی قەیرانەکە لەلایەن سەرۆك کۆمارو سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان و پارتە حوکمڕانەکانەوە ئەو کاتە چارەسەر دەکەوێتە ناو دەستی گەلی عێراق خۆیەوەو باشترین بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونەم ئەو چارەسەرە ئاشتی خوازانەیەی هەندێك وڵاتی عەرەبی بوو کە لە رێگای خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانەوە داواکاری بۆ چاکسازی دەکرا، گەر قەیرانەکە درێژە بکێشێت دوور نییە لە عێراقیش واقیعێکی وا نەیەتە پێشەوە کە هیچ کەسێك پێشبینی ناکات چۆن دەکەوێتەوە.

دکتۆر عزەت مەلا عەلی خاوەنی بڕوانامەی کارگێڕی لە زانکۆی تەهران(Management ph.D)کە ئێستاکە راوێژکاری ئابووری و سەرۆکی فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی یە لەئەنجومەنی وەزیران، لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا ئاماژەی بەو هەنگاوانە دا کە لە دوای پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبواری چاکسازی ئەنجامی داوە، بەتایبەت لەبواری رەفتارکردنی فەرمانبەران لەگەڵ موراجیع و پەیڕەوکردنی شەفافییەت لە تەندەرات و چەندین بواری تر. هاوکات چەند پێشنیارو بۆچوونێکیشی سەبارەت بەیاساو رێنماییەکانی تایبەت بەوەبەرهێنان و لابردنی خانەنشینکردنی پەرلەمانتاران و نەدانی مونحەی حزبە سیاسییەکان خستەڕوو، لێرەدا بەپێویستی دەزانین پوختەی وەڵامەکانی بەڕێزی بڵاو بکەینەوە..



## د. عزەت مەلا عەلی (بۆ گوڵان):

# به کردەیی بەرنامەی چاکسازی سەرۆک دەستی پێکردووە و چەندین بوار بڕیاری لەسەر دەرچووە

## سیستمی رەفتاری فەرمانبەرانی حكومەت دەرچووەو لەماوەی سێ مانگیشدا ئەم سیستەمە دەچێتە قۆناغی پراكتیكییەوە

لەناو هەموو حكومەت و حكومڕانییەكی باش و سەركەوتوودا پێویستە بۆ پرۆسەی ریفۆرم و چاكسازی بەرنامەیەكی بەردەوام و درێژخایەن هەبێت، بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٤ بەحوكمی ئەوەی بودجەیەكی زۆر كەم لەبەردەستدا بووە، هەر بۆیە حكومەتی هەرێم خاوەنی بەرنامەیەكی كورتخایەن بوو و تەنیا بەشی بەڕێوەبردنی كارەكانی دەكرد، لەدوای ئەو بەروارەوەو لەگەڵ یەكگرتنەوەی ئیدارەو دەستپێكردنی كارەكانی كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەسەرۆكایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی پێشووی حكومەت كە بە خاڵی وەرچەرخان لەپرۆسەی حوكمڕانی كوردستان دادەنرێت، ئەو كات بۆ یەكەمین جار لەمێژووی هەرێمەكەدا دەسەڵاتی دادوەری لەدەسەڵاتی جێبەجێكردن جیاكرایەوەو دواتر دادگای كارگێڕی دامەزرا بەمەبەستی چاكسازی و بەدواداچوونی لادانەكان لەیاسا ئەمەش هەنگاوێكی گەورەی ریفۆرمسازی بوو، لەلایەكی ترەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ گەورە كۆمپانیایەكی ئەمەریكی بواری رەفتاری فەرمانبەرانی حكومەتی هەرێم رێكخرا..ئێستاكە دووهەفتەیە سیستەمی رەفتاری فەرمانبەرانی حكومەت دەرچووەو لەماوەی سێ مانگیشدا ئەم سیستەمە دەچێتە قۆناغی پراكتیكییەوە، كە سەرەتایەكی باشە بۆ چاكسازیی ئیداری، بەپێی ئەم سیستەمەش پێویستە هەموو فەرمانبەرانی حكومەت لەچوارچێوەو سیستەمێكی ئیداری مۆدێرندا رەفتار بكەن، كە لەبواری رۆتین و مامەڵەكردن لەگەڵ موراجیع

## هەواڵێكی دڵخۆشكەریش بۆ گەنجان، پەرلەمان لە گۆڕانكارییەكانی بودجەدا پێشنیاری زیادكردنی پێشینەی ژنهێنانی بۆ ٥ ملیۆن دینار بەرزكردۆتەوە

ڕەنگدانەوەی دەبێت، ئەمەش هەمووی لەدوای بەرنامە چاكسازییەكەی سەرۆكی هەرێمەوە هات، كە ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە بڕوانینە ئەم پەیامەی سەرۆكی هەرێم ئەو راستییەمان بۆ دەردەكەوێت، كە پێویستە پەیامەكە وەكو یەك سیستەم بۆ چاكسازی سەیر بكرێت و كەرتەكانی پەروەردەو فەرهەنگی و ئابووری و ئیداری و سیاسی و كشتوكاڵ و وەبەرهێنان بەیەكەوە بەستراونەتەوە، هەروەكو چۆن كێشەكانی گەندەڵی و رۆتین و مەحسوبیەت و نەبوونی شەفافییەتیش بەیەكەوە گرێدراون و چارەسەری یەكێكیان پێوەندی بەچارەسەركردنی ئەوانی تریشەوە هەیە، لەم روانگەیەوە پێویستمان بەبەرنامەی درێژخایەن هەیە و ئەولەویەتیش لەڕووی ئابووری و شەفافییەتی داراییەوە دێت.

**چیتر تەندەرات و ئیحالە لە**

## ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە بڕوانینە ئەم پەیامەی سەرۆكی هەرێم ئەو راستییەمان بۆ دەردەكەوێت، كە پێویستە پەیامەكە وەكو یەك سیستەم بۆ چاكسازی سەیر بكرێت

**ئەنجومەنی وەزیران ناكرێت، ئەمەش بڕیاری پێ دەرچووە**

سەبارەت بەچاكسازی لەبواری تەندەرات و كۆنترۆڵكردنی ئەم لایەنە گرنگە، سەرۆكی فەرمانگەی كارگێڕی و دارایی لەئەنجومەنی وەزیران وتی : یەكێك لەو خاڵانەی كەلە پەیامەكەی جەنابی سەرۆكی هەرێم باسكراوە پەیوەندی بەسیستەمی تەندەراتەوە هەیە، كە پێویستە گۆڕانكاری بنەڕەتی لەمبوارەدا ئەنجام بدرێت، خۆشبەختانە لەبەرواری ٤/١ بەپێی رێنماییەكی وەزارەتی پلاندانان هاتووە كە پێویستە لەمەودوا هەموو گرێبەستەكان كە لەكوردستان دەكرێت لە ڕێگای راگەیاندنی شەفاف و ئاشكرا دەبێت، كە بوار بۆ هەموو كۆمپانیاكان و بیزنسكارانی ناوخۆیی و دەرەكی دەدات، تاوەكو لەمەودوا

## ئەو پاڵپشتییەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان داوێتی بە پرۆگرامی چاكسازی لەهەرێمەكەدا هێزو دەسەڵاتێكی گەورە دەبەخشێتە جێبەجێكارانی

لەبواری تەندەرات بەشێوەیەكی شەفاف و لە ڕێگای كێبركێوە پرۆژەكان جێبەجێ بكرێن، ئەم خاڵە كە جەنابی سەرۆكی هەرێم ئاماژەی پێ كردووە گرنگە چونكە لە ٣٠٪ی بودجە لەبواری وەبەرهێنان و تەندەراتەوەیە، تەنانەت بە پێی یەكێك لە بڕیارەكانی چاكسازی جەنابی سەرۆكی هەرێم چیتر تەندەرات و ئیحالە لە ئەنجومەنی وەزیران نەكرێت و هەمووی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتەكان، ئەمەش بڕیاری پێ دەرچووەو چاوەڕوان دەكرێت لەمساڵدا دەرئەنجامێكی باشی لێبكەوێتەوەو شەفافییەتی تەواو لەبواری ئیحالەكردنی پرۆژەكان هەبێت، پێشترحكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو تواناكان و ئاسانكاری خستبووە گەڕ لەپێناو راكێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆیی، تەنانەت سەرۆكی پێشووی حكومەتی هەرێم ئامادەیی نیشاندابوو بۆ وەبەرهێنەرەكان كە چییان پێویست بووایە بۆیانی دابین دەكردو راستەوخۆ لە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەگەڵ دەكردن و هانی دەدان بۆ وەبەرهێنان، خۆشبەختانە لە رابردوو ئەمە وایكردووە سیاسەتێكی سەركەوتوو بناغەی بۆ دانرێت،

**پێویستە بەپێی ئەو قەبارەیەی وەبەرهێنان كە لەكوردستان هەیە پێداچوونەوە بەسیستەمی وەبەرهێنان بكرێت**

لەتەوەرەیەكی دیكەی وەڵامەكانی بەڕێزیانەوە كە تایبەتە بە كەرتی وەبەرهێنان لەمبارەیەوە وتی : هەرێمی كوردستان لەبواری وەبەرهێنان زۆر پێشكەوتووەو بۆ نموونە هەولێر دەچێتە ریزبەندی چوارەم لەبواری دەرفەتی سەرمایەگوزاری، ئێستاكە بیزنسكارو وەبەرهێنەری زیاتر دێنە پێشەوە ئالێرەدا پێویستە پێداچوونەوەیەك بەو یاسایانە

**پێویستە پێداچوونەوەیەك بەو یاسایانە بکرێت کە تایبەتن بەبواری وەبەرهێنان، چونکە زەمینەیەکی باشترو یاسایی گونجاوتر رەخساوە بۆ بیزنسکاران و وەبەرهێنەران**

بکرێت کە تایبەتن بەبواری وەبەرهێنان، چونکە زەمینەیەکی باشترو یاسایی گونجاوتر رەخساوە بۆ بیزنسکاران و وەبەرهێنەران.

بۆچوونێك هەیە لەبواری وەبەرهێنان، کە تەملیککردن تەنیا بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی گەورەو گرنگ ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لەبواری گەشتوگوزار و پیشەسازی و کشتوکاڵ و دروستکردنی کارگەو. تاد، بەمشێوەیە پێویستە بەپێی ئەو قەبارەیەی کە وەبەرهێنان لەکوردستان هەیەتی پێداچوونەوە بەسیستەمی وەبەرهێنان بکرێت، سەبارەت بە ستراکچەری وەبەرهێنان بەپێی بارودۆخی نوێ چەند خیاراتێك لەبەردەستدایە یەك لەوان دامەزراندنی وەزارەتی وەبەرهێنانە بەتایبەتی دوای ئەوەی قەبارەی وەبەرهێنان لەکوردستان گەیشتە ١٧ ملیار دۆلار، کە رەنگە سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی پرۆژەکان لەلایەن وەزارەتێکەوە بەمیکانیزم و دەسەڵاتێکی باشترو بەهێزتر بڕوات بەرێوەو چەندین لایەنی پۆزەتیڤی تر لەخۆ دەگرێت. خیاری دووەم یەکەی وەبەرهێنان لەناو خودی وەزارەتەکانی پەیوەست بە بوارەکانی وەبەرهێنان کە لەکوردستان پێویستە دروست بکرێت، خیاری سێیەمیش ئەوەیە کە پێداچوونەوە بەیاسای وەبەرهێنان و میکانیزمەکانی ئوجوری ئەو پرۆژانەی مۆڵەتیان پێ دەدرێت بکرێت لە ناو دەستەی وەبەرهێناندا.

**پێویستە روانگەیەکی نوێ بۆ بودجە لەکوردستان دابڕێژرێتەوە**

سەبارەت بەخاڵێکی تری گرنگ کە تایبەتە بەبواری بودجە دکتۆر عزەت مەلا عەلی وتی :خاڵێکی تری گرنگ مەسەلەی پێداچوونەوەو رێکخستنەوەی سەر لەنوێی بواری بودجەیە، چونکە گەربێتوو بودجە وەك بەیسك تەماشا بکرێت کە کۆڵەکەی پێشکەوتنی وڵاتە، ئەم ریفۆرمەش پێویستە لە وەزارەتی داراییەوە دەستی پێ بکرێت، پێویستە روانگەیەکی نوێ بۆ بودجە لەکوردستان دابڕێژرێتەوە بودجە تا ئێستا وای لێك دەدرێتەوە کە تەنیا داهات و خەرجییەکانی بەدی بکرێت، بەڵام لە حەقیقەتدا دوا رۆژی وڵاتەکە لەسەر ئەم بودجەیە راوەستاوە کە ئەمرۆ دادەڕێژرێت، بۆیە پێویستە سیستەمی بودجە کە بۆساڵانی داهاتوو دادەڕێژرێت لەسەر بنەمای ( zero-based budget system) بێت واتا سیستەمێکی نوێ دابنرێت، بەو مانایە بۆ هەموو دەزگاکانی حکومەت لەبنەڕەتدا بودجەی سفری بۆ دادەنرێت و دواتر دەبێت داوای بەرنامەی وەزارەتەکان بکەیت، واتا بەپێی بەرنامە بودجەکە دیاری بکرێت، ئەمەش دەبێت لەچوارچێوەی پلانە ستراتیژییەکانی حکومەتدا بێت، بۆنموونە لە ٢٠٠٩ بۆ یەکەمجار لە

**کاتێك پێدانی زەوی ڕاگیراوەو دووبارە رێك دەخرێتەوەو چاکسازی و پێداچوونەوەش لەسەر زۆر کەموکوڕی و گەندەڵی دەکرێت**

مێژووی کوردستان پلانی ستراتیژی بۆ کشتوکاڵ دانرا، پێویستە حکومەت ئەم پلانەی لەبەرچاو بێت و بەرنامەی تریش بۆ کەرتەکانی تری گونجاو لەگەڵ ئەم پلانە دابڕێژرێت، چونکە وەزارەتی دارایی بەرپرسیاری یەکەمە لەبواری داڕشتنی بودجەدا، هەربۆیە ئەرکی ئەم وەزارەتەیە پشت بەکەسانی ئەکادیمی و تەکنۆکرات لەبواری دارایی ببەستێت، بۆ ئەوەی کەسانی شارەزا بەم سیستەمە نوێیانە بەرنامەرێژەیی بودجەیی بۆ ساڵانی داهاتوو دانرێت، لەوڵاتێك یا هەرێمێك کە لەقۆناغی وڵاتێك کە لە دەسپێکی گەشەکردندایە بۆ قۆناغی ئابووری بازاڕ هەنگاو دەنێت، پێویستە سیستەمی دارایی بەپێی ئەم قۆناغە دابنرێت، لەمبارەشەوە چەندین ئەزموونی سەرکەوتوومان لەجیهانی پێشکەوتوو هەیە.

**لەرووی پراکتیکییەوە بەرنامەی چاکسازی دەستی پێکردووەو تەندەرات و زەوی موساتەحات و سیستەمی فەرمانبەران و چەندین بواری تر بڕیاری لەسەر دەرچووە**

ئەو پاڵپشتییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوێتی بە پرۆگرامی چاکسازی لەهەرێمەکەدا هێزو دەسەڵاتێکی گەورە دەبەخشێتە جێبەجێکارانی، کە پێشتر لە رووی شۆڕشگێڕییەوە ئەم پێشمەرگەیە خاوەنی قوربانیدان و خەباتێکی دووردرێژە، ئێستا دەیەوێت نیشتمانێك بنیات بنێت کە ئێستاو نەوەکانی داهاتوو هەمووان شانازی پێوەبکەن، بۆیە باوەڕی تەواوم هەیە ئەو ئیرادەو هێزەئەنجامی گەورەی لێدەکەوێتەوە، ئەوەتا لەرووی پراکتیکییەوە بەرنامەی چاکسازی دەستی پێکردووەو تەندەرات و زەوی موساتەحات و سیستەمی فەرمانبەران و چەندین بواری تر بڕیاری لەسەر دەرچووە، کاتێك پێدانی زەوی ڕاگیراوەو دووبارە رێك دەخرێتەوەو چاکسازی و پێداچوونەوەش لەسەر زۆر کەموکوڕی و گەندەڵی دەکرێت. پێداویستی کوردستان وەکو حکومەتێکی مۆدێرن لە ٤ ساڵی رابردوو کاری جدی بۆ کراوە کە بریتین لە چوار کۆڵەگە:

١- پیترۆڵ و غاز؛ بۆ نموونە کە ٤ ساڵ پێش ئێستا دەست کرا بە دەرهێنانی پێترۆل زۆر کەس بڕوایان نەدەکردوو بگرە دژایەتیشیان کرد، بەڵام لە ئاکامی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی جەریئانەو حەکیمانە ئێستا رۆژانە ١١٥ هەزار بەرمیل رەوانەی دەرەوە دەکرێت پێشبینی دەکرێت تا ٥ ساڵی داهاتوو ئەم بڕە بگاتە ١ ملیۆن بەرمیل.

٢- کشتوکاڵ؛ بەپێی پلانی ٥ ساڵەی کشتوکاڵی حکومەت لە بوارەکانی بۆ

**ئەندام پەرلەمان فەرمانبەر نییە هەر کەسێك خۆی کاندید دەکات بۆ ئەندام پەرلەمان بۆ ئیمتیازات ناچێتە ئەو شوێنەو دوای تەواوکردنی ماوەی پەرلەمانتاری پێویستە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی و خانەنشین نەکرێت**

نموونە گەنم و جۆ ئەمساڵ بەپێی پلانەکە کار دەکرێت و لەساڵی داهاتوو دەگاتە خۆبژێوی .

٣- پێوەندییەکانی دەرەوە؛ بۆ نموونە پێوەندی بەهێزی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتانی دەوروبەر هەیە کە ئێستا زۆر لەم وڵاتانە بەرژەوەندییان لە رووی سیاسی و ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

٤- هێزێکی مۆدێرنی سەربازی؛ بۆ نموونە هێزی ئەمنی و زێرەڤانی توانیویانە کوردستانێکی سەقامگیر بۆ هاونیشتمانانیان لەناوچەیەکی ئاڵۆزو پڕ لە پشێوی بپارێزن.

واتا سەرچاوەی داهاتی هەرێم و سەقامگیری و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بەم ٤ خاڵە جێبەجێ دەکرێت. ئێستا ئەو بۆشاییەی کە لە هەندێك لەوەزارەتەکان بەدی دەکرێت پێویستە جگە لە دەسەڵاتەکانی کارگێڕی و دارایی کە دراوەتە وەزیرەکان، لەگەڵیشدا بودجەی وەزارەتەکان چ بودجەی بەگەڕخست یا وەبەرهێنان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی وەزیرەکانەوە، بۆ ئەوەی دواتر بتوانرێت بەدواداچوونی وردو لێپرسینەوە لەگەڵ هەر وەزیرێکدا بکرێت کە ئەدای وەزارەتەکەی لاوازە چونکە دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی و بودجەی خراوەتە بەردەست و چیتر پاساوی نامێنێت ئەو کات کاری ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتیکردن و دانانی ستراتیژییەکان دەبێت.

**دەکرێت ئەندام پەرلەمانەکان پەیامی بەهێز بنێرن بۆ هاووڵاتییان ئەمەش لە ڕێگای چاکسازی لەنیزامی خانەنشینی خودی ئەندام پەرلەمانییەوە**

لەتەوەرەیەکی تری وەڵامەکانی بەڕێزیانەوە کە تایبەت بوو بە دۆزینەوەی هەلی کاری گەنجان و گۆڕینی نیزامی خانەنشینی ئەندام پەرلەمان و مونحەی حزبەکانەوە بەڕێزیان وتی : بابەتێکی تری گرنگی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم تایبەتە بەهەلی کار لێرەدا بۆ نموونە کەسێك کە تەمەنی خانەنشینینی تەواو بێت چیتر ماوەی بۆ درێژ نەکرێتەوە یان گۆڕانکاری لەبڕگەی تەمەنی خانەنشینی بکرێت و بگەیەنرێتە ٦٠ ساڵ بۆ ئەوەی دەرگایەکی تر بۆ گەنجان بڕەخسێت بۆ کارکردن لەناو دامودەزگاکانی حکومەت لەشوێنی ئەم کەسانە، دەکرێت ئەندام پەرلەمانەکان پەیامی بەهێز بنێرن بۆ هاووڵاتییان ئەمەش لە ڕێگای چاکسازی لەنیزامی خانەنشینی خودی ئەندام پەرلەمانی یەوە، بۆ نموونە جیاوازی لەنێوان فەرمانبەرێك کە لەکەرتی حکومەتدایە لەگەڵ پەرلەمانتارێك هەیە، ئەندام پەرلەمان فەرمانبەر نییە هەر کەسێك

**حکومەت بەعەمەلی کار بۆ داواکاری هاووڵاتییان و جێبەجێکردنی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم دەکات کە بەحەقیقەت هەڵقووڵاوی ئیرادەو خواستی میللەتە نەك داواکاری حزبی و هاندانی کەوتنەوەی توندوتیژی کە مەرامی حزبی هەیە**

**پێویست ناکات حکومەت منحەی دارایی حزبە سیاسییەکان بدات، پێویستە لە ڕێگەی وەبەرهێنانی خودی حزبەکانەوە سەرچاوەی دارایی بۆ خۆیان دابین بکەن**

خۆی کاندید دەکات بۆ ئەندام پەرلەمان بۆ ئیمتیازات ناچێتە ئەو شوێنەو دوای تەواوکردنی ماوەی پەرلەمانتاری پێویستە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی و خانەنشین نەکرێت، مەسەلەی خانەنشینکردنی ئەندام پەرلەمان لەچەند وڵاتێکی کەم نەبێت لەزۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیا نابینرێت پەرلەمانتار خانەنشین بکرێت.

خاڵێکی تری چاکسازی پێوەندی بە مینحەی دارایی حزبەکانەوە هەیە ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەرەو دیموکراسی دەچن حکومەتەکان پاڵپشتی دارایی بە حزبە سیاسییەکان دەدەن، هێدی هێدی کوردستان لەم قۆناغە دەربازی دەبێت، بۆیە پێویستە پارتە سیاسییەکان خۆیان لەڕێگای پرۆژەی وەبەرهێنانەکانیانەوە تەمویلی خۆیان بکەن، چونکە لەدوارۆژدا ئەم تەمویلە نامێنێت. هەر سەبارەت بەگەنج لەدوو ساڵی رابردوو

**لەدوای پەیامی جەنابی سەرۆك یاسای سندووقی گەنجان دەرچوو کە پارەی قەرزەکە بۆ گەنجان کراوەتە ١٥ملیۆن دینار**

سندووقی گەشەپێدانی ئایندە دامەزرا کە ١٠ هەزار دۆلار بوو لەدوای پەیامی جەنابی سەرۆك یاسای سندووقی گەنجان دەرچوو کە پارەی قەرزەکە بۆ گەنجان کراوەتە ١٥ملیۆن دینارو ئەو گەنجانەی پرۆژەی بچووکیان هەیە حکومەت کار ئاسانییان بۆ دەکات و ئەو بڕە پارەیەیان وەکو سلفە دەداتێ، لەلایەکی ترەوە لەماوەی ئەم چوار مانگەی ٢٠١١ زیاتر لە ٣٠٠ مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە دراوە، بەبەگەڕخستنی ئەم کارگانە توانای بەدەستهێنانی ٢٤٠٠ هەلی کاری نوێ هەیە، لەبواری وەبەرهێنانیش دەرفەتی کار دەڕەخسێنێت بۆ نموونە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە بەسەدان کرێکارو پیشەگەری بەگەڕخستووە، واتا حکومەت توانیویێتی جگە لەو ٢٥ هەزار کەسەی دایدەمەزرێنێت بەسەدان هەلی کاری تریش لەکەرتی تایبەت دابین بکات. هەر بەمەش نەوەستاوین پرۆژەی بیمەی کرێکاری چۆتە پەرلەمان تاوەکو زەمانەتی مووچەی خانەنشینکردن بۆ ئەو کرێکارانەش دابین بکرێت کە لەکەرتی تایبەت کار دەکەن، هەواڵێکی دڵخۆشکەریش بۆ گەنجان، پەرلەمان لە گۆڕانکارییەکانی بودجەدا پێشنیاری زیادکردنی پێشینەی ژنهێنانی بۆ ٥ ملیۆن دینار بەرزکردۆتەوە حکومەت بەعەمەلی کار بۆ داواکاری هاووڵاتییان و جێبەجێکردنی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم دەکات کە بەحەقیقەت هەڵقووڵاوی ئیرادەو خواستی میللەتە نەك داواکاری حزبی و هاندانی کەوتنەوەی توندوتیژی کە مەرامی حزبی هەیە، خۆشبەختانەش جەنابی سەرۆکی هەرێم لیژنەیەکی باڵای بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی چاکسازی دامەزراندووە، ئەمەش وەك دڵنیاییەك بۆ جێبەجێکردنی بڕگە بەبڕگەی پەیامەکەی. وردە وردەش هاونیشتمانان بەچاوی خۆیان چاکسازییەکان دەبینن و لە شوێنی کارو ژیانی رۆژانەیاندا هەستی پێ دەکەن..



## مایکل گەنتەر بۆ ( گوڵان ):

# بەڕێز بارزانی کەسێکی هێندە بەهێز و ژیرە لەکێشەی وڵاتەکەی تێدەگات و دەتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە

پرۆفیسـۆرمایکل گەنتەر ئوسـتادی زانستی سیاسـەت لەزانکۆی تێنیسی و پسپۆرو تایبەتمەند لەسـەر کێشەی کورد، یەکێکە لە نووسەرەکانی گوڵان، لەسەرەتای ئەم مانگەدا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی کوردولۆژی کە لە شاری دهۆك گرێدرا، سەردانی کوردستانی کرد و لەمیانەی ئەو کۆنگرەیەوە سەردانی مایکل گەنتەرمان کردوو چەندین تەوەرمان لەگەڵ باسکرد، ئەمەش پوختەی ئەو دیدارە تایبەتیەیە:



*** بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- هەڵبەتە ئێوە لە من باشتر دەیزانن، بەڵام خۆپیشاندانەکانی «سلێمانی» مایەی هیواپڕانە، لەبەر ئەوەی هەست بە لێکترازانێك دەکرێت، بۆیە ئێستا ئەو کاتەیە کە کورد پێویستیی بە یەکگرتن هەیە، چونکە ئەمریکا پاشەکشە بەهێزەکانی دەکات لەعێراق و من پێشبینیی دەکەم لەم کاتەدا لەلایەن «بەغدا»وە فشار لەسەرکوردستان هەبێت، بۆیە ئەگەر ئێوە کێشەی ناوخۆیی خۆتان هەبێت ئیتر چۆن دەتوانن ڕووبەڕووی «بەغدا» بوەستنەوە؟ بەڵام هەروەك کە لە وتاری پێشووم بۆ ئێوە، ئاماژەم پێداوە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەکانی چارەسەربکات. بەڵام هەروەك ئاشکرایە کە کێشەی گەورە لەکوردستان هەیە بۆنموونە «تەفزیلکردنی کەسوکار بۆ بەخشینی پۆست و ئیمتیازات»و گەندەڵی ..تاد، پێویستە کێشەکان چارەسەربکەن. لەمیانی مانەوەم لێرە لەگەڵ چەند کەسێك قسەمکردو بۆم دەرکەوت کە بەڵێ کێشە لەئارادا هەیە و پارتی دیموکراتی کوردستان- یش بەشێکە لە کێشەکان، کەسایەتیی بەڕێز بارزانی هەندە گەورە و ژیرە دەتوانێت بزانێت کە ئەم جۆرە گرفتانە بوونیان هەیە. بۆیە پێمولیە کە ئەو پیاوێکی بەتوانا و ژیرە بۆ تێگەیشتن لەو بارەی کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بۆ بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز و دروست، ئەم شتەش پێویستیی بەکاری جددی هەیە.

*** هەڵسەنگاندنت چۆنە بۆ بارودۆخەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ کۆپیکردنی ئەو ڕووداوانە بۆ ناو کوردستان هەڵەیەکی گەورە نییە؟ ئایا پێتوا نییە کە هەرێمی کوردستان جیاوازە لە وڵاتەکانی تری ناوچەکە؟**

- بێگومان هەموو وڵاتێك جیاوازە لە وڵاتانی تر و ئەمڕۆ شەپۆلی گۆڕانکارییەکان سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، بەڵام بەڕای من ئەمە نیشانەیەکی تەندروستە لەبەرئەوەی کوردستان لەناوچەکە جیا نەبۆتەوە شەپۆلەکە کوردستان-یشی گرتۆتەوە بارودۆخەکانیشی هاوشێوەیە لەگەڵ بارودۆخی وڵاتەکانی تر. بەڕای من خۆپیشاندانەکانی کوردستان تارادەیەك



**خۆپیشاندانەکانی کوردستان تارادەیەك مەترسیدار نییە و حکومەت-یش هێشتا تارادەیەك ڕووبەڕووبوونەوەی نەبووە. بەڵکو پێدەچێت حکومەت هاندانی هەیە بۆ باشترکردنی بارودۆخەکان**

مەترسیدار نییە و حکومەت-یش هێشتا تارادەیەك ڕووبەڕووبوونەوەی نەبووە، بەڵکو پێدەچێت حکومەت هاندانی هەیە بۆ باشترکردنی بارودۆخەکان، لەکاتێکدا بینیمان لە «میسر» سەرۆك لادرا و لە «لیبیا» و «سووریا»ش یەکتری دەکوژن، هەربۆیە بارودۆخەکان لێرە تارادەیەك ترسناك نییە، بەڵام خۆپیشاندانەکانی کوردستان «زەنگی ئاگادارکردنەوەیە»، بۆیە پێویستە بەرەوپێشەوەچوون هەبێت و بارودۆخەکە باشتر بکرێت. سەیری لایەنە پۆزەتیڤەکەی بکەن، لەبەرئەوەی ئێوە بەشێکن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە کرانەوەی بەخۆیەوە بینیوە لەڕووی جیهانییەوە هاندان هەیە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی بارودۆخەکان.

*** لەبری دیالۆگ پێوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات فشار و پاڵەپەستۆی لێ کەوتۆتەوە، ئایا بەڕای تۆ پەنابردنە بەرفشارو پاڵەپەستۆ شتێکی تەندروستە لەپێوەندییەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات؟**

- سەیرێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن. ئێمە زۆرجار گرژی و ئاڵۆزی دەکەوێتە نێوانمان و پەنا نابەینە بەر دیالۆگ و تەنانەت زۆرجاریش هەست بەرق و کینە لەبەرامبەر یەکتر دەکەین. ئەمە شتێکی ئاساییە، پێویستە ڕێگەچارەی دروست بدۆزنەوە نەك دەستبکەنەوە بەکوشتنی یەکتری وەکو ئەوەی کە لەساڵانی نەوەدەکانەوە لەدژی یەکتری ئەنجامتاندا. بەڵام مشتومڕو گفتوگۆ لەم جۆرە بابەتانە حاڵەتێکی ئاساییە. کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لەوەی کە مشتومڕو گفتوگۆ لەنێوانتاندا هەبێت و هاوکات ڕێز بۆ یەکتری بنوێنن و دادن بە ماف و بەرژەوەندییەکانی لایەنی بەرامبەر بنێن و ئامادەباشیتان هەبێت بۆسازشکردن بۆیەکتری،لەبەرئەوەی هیچ کەسێك بەردەوام سەرکەوتوو نابێت و هەمیشە دۆڕاویش نابێت، جارێك سەرکەوتوویت و جارێك دەدۆڕێی، ئەمەش شتێکی ئاساییە. تاکو ئێستا کاری زۆرباشتان ئەنجامداوە لەکاتێکدا ئێوە خاوەن ئەزموونێکی درێژنین، لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن مێژوویەکی درێژە لە زنجیرەیەك ئەزموون و تاکو ئەمڕۆش ژمارەیەکی زۆر کێشەو گرفتمان هەیە.

هەربۆیە، ئەم جۆرە حاڵەتانە ئاساییین و پێویستە لەوە تێبگەین کە ژیان کامڵ نییە، بەڕای من بارودۆخەکانی کوردستان باشە، بەڵام پێویستە لایەنەکان بەرەوپێشەوەبەرن و لەگەڵ یەکتردا بگونجێن.

*** زۆرجار جیاوازی بیروڕا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست توندوتیژیی لێدەکەوێتەوەو زیان بە دیموکراسییەت دەگەیەنێت. ئایا میکانیزمی پێویست چین بۆ پیادەکردنیان؟**

- پێویستە هەوڵەکانتان بەباشترین شێوە بخەنەگەڕ بۆ پێکەوەکارکردن و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کەلایەنی بەرامبەر«گۆڕان»، دوژمن نییە، پێویستە لەوە تێبگەن کە «گۆڕان» هاوبەش و ڕکابەری ئێوەیە و هەوڵبدەن لەگەڵ یەکتری هەماهەنگ بن. لەلایەکی تریشەوە پێویستە فێربن لەسەر چۆنییەتی کارکردن لەگەڵ «یەکێتی نیشتمانی کوردستان» و هاوکات لەگەڵ «گۆڕان»یش کاربکەن، ئەمەیە دیموکراسییەت کە نە هەمیشە دەبەیتەوە و نەش هەمیشە دەدۆڕێی، هەروەها پێویستە ڕێز بەرامبەر یەکتربنوێنن. پرۆسەی «فێربوون» پرۆسەیەکی بەردەوامەو هیچ ڕێگەچارەیەك نییە بۆ پیادەنەکردنی،بەڵکو پێویستە هەوڵی بەردەوام بدەن بۆهەماهەنگی و پێکەوەکارکردن و ڕێزنواندن بەرامبەر

یەکتری و تێگەیشتن لەو راستییەی کەڕیان کامڵ نییە، هەروەك جارێکیان «چەرچڵ» وتی: «دیموکراسییەت باشترین شێوەی حکومەت نییە بەڵکو باشترین شتە کە درووستمان کردووە». بۆیە، باشترین هەڵبژاردن نییە، بەڵام زۆر باشترە لە «سەدام حوسێن» و دیکتاتۆرە هاوشێوەکانی.

*** ئەمڕۆ عێراق دوچاری باروودۆخی سەخت بۆتەوە. تاچەند متمانەت بە حکومەتی عێراقی هەیە کە بتوانێت سەقامگیری بچەسپێنێت و کێشەکان چارەسەربکات؟**

- حکومەتی عێراقی پێشکەوتنی ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا رێگایەکی دوور لەبەردەمیان ماوە ببیرن، هاوکات چەندین کەس لەحکومەت هەین کەبوونەتە بەربەست لەبەردەم حکومەت و رێگەیان گرتووە لە بڕیاردان، بۆیە ئەم کارە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئێوە پێگەیەکی باشتان هەیە لەبەرئەوەی ئێوە لەڕووی پراکتیکییەوە سەربەخۆن و ئەگەر حکومەتی عێراقی حکومەتێکی ستەمداری لێدەرچوو، ئەوکات ئێوە ناچارنین لەگەڵی هاوتەریب بن، بەڵکو دەتوانن لە بەرژەوەندییەکانی بەغدا هاوبەش بن و خۆتان لە شتە خراپەکان دووربخەنەوە.

*** کوردستان کێشەی هەڵپەسێردراو و چارەسەرنەکراوی هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، وەك کێشەی بودجە، پێشمەرگە، کەرکوك. تاد، ئایا تا چ رادەیەك چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەبێتەهۆی رەواندنەوەی گرژی نێوان حکومەتی هەردوولا؟ بەتایبەتی کەهێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە؟**

- ئەوەی نیگەرانم دەکات کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە، ئەوە ئاشکرایە کە پێشمەرگە هێزێکی رێکخراوە، لەڕووی مێژوییەوە سوپای عێراق لەسوپای ئێوە بەهێزتربووە، پێدەچێت ئێستا هێزی چەکدرای ئێوە باشتر بێت، لەلایەکی دیکەوە سەربازی کورد لەسوپای عێراقدا هەیە، ئەمە جێی سەرسوڕمانە بۆمن، چی دەبێت ئەگەر شەڕ لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و کوردستاندا رووبدات، ئایا ئەو سەربازە کوردانە شەڕ بۆ بەغدا دەکەن، یان دەگەڕێنەوە بۆ هەولێر.



**تاکو ئێستا کاری زۆرباشتان ئەنجامداوە لەکاتێکدا ئێوە خاوەن ئەزموونێکی درێژنین. لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن مێژوویەکی درێژە لە زنجیرەیەك ئەزموون و تاکو ئەمڕۆش ژمارەیەکی زۆر کێشەو گرفتمان هەیە**

ئەوەی مایەی بێزارییە ئەوەیە سوپای عێراق فرۆکەخانەو چەکی قورسی هەیە کەلای کوردەکان نییە، لەبەر ئەوە رەنگە لەمەودای دووردا شەڕەکە لەبەرژەوەندی ئێوە نەبێت، کەواتە راستە ئێوە لە مەودای نزیکدا لە پێگەیەکی باشترن، بەڵام ئەمە بۆ مەودای دوور راست نییە، لەبەر ئەوە دەبێت رێگەی پێکەوەگونجان بدۆزنەوە، لەڕاستیدا من پێمخۆشە بەشێك لەهێزەکانی ئەمەریکا لە کوردستاندا جێگیربن، لە راستیدا ئەمەریکا پێویستی بەوە نییە بنکەی هەبێت لە وڵاتەکەدا، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە مایەی گیروگرفت بۆ ئەمەریکا، کێشەکە ئەوەیە ئەمەریکا پارەو کات و گیانێکی زۆری بەخت کردووە لەعێراقدا، لەبەرئەوە کارێکی گێلانە دەبێت ئێستا بەجێی بێڵێت و هەموو شتێك لەدەست بدەیت و دەرفەت بۆ ئێران دروست بێت باڵادەست بێت. ئەگەرچی ئەمەریکا دەیەوێت بکشێتەوەو ئەمە کێشەیەکی سیاسییە لە ئەمەریکا، ئەگەرچی هێشتا بڕیار نەدراوە، بەڵام ئەمەریکا دەیەوێت بکشێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە کوردستانیشدا هێز جێگیر بکات، ئەوا کوردستان بەشێکە لە عێراق و ئەوکاتە مالیکی و رەوتی سەدر ئەم کارە رەتدەکەنەوە.

*** دوای سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ کوردستان، بەتایبەتی هەولێر ئایا پێوەندییەکان چۆن دەبینیت، بەتایبەتی کە تورکیا بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات؟**

- ئەمە مایەی دڵخۆشییە، لەبەرئەوەی لە رووی مێژوییەوە تورکیا دوژمنی ئێوە بووە، ئێستاش شتێکی جێی سەرسوڕمانە کە تورکیا بەشێوەیەکی جوزئی بۆتە دۆستی ئێوە، من هانتان دەدەم کار بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پێوەندییانە بکەن، لەبەر ئەوەی دوای کشانەوەی ئەمەریکا لەعێراق دەکرێت تورکیا ببێتە دۆستێکی زۆر باشی ئێوە، باشتر لە ئێران و باشتر لە سووریاش. ئەگەرچی بۆی هەیە حکومەتێکی باشتر لە سووریا یان ئێران بێتەئاراوە، بەڵام لە ئێستادا باشترین حکومەت لەتورکیادا باڵادەستە و دەکرێت تورکیا ببێتە هاوپەیمانێکی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەتوانن یارمەتی کوردەکانی تورکیا بدەن، لەڕێی هاوکاری کردنی تورکیاوە بەوەی ترس و نیگەرانی نەبێت لەپێدانی ماف بەکوردەکان، تورکیا ترسی لەکوردەکان هەبووە، ئێستا مروونەتی زیاتر دەنوێنێت، راستە دۆخێکی هەستیارە، بەڵام دۆخێکی ئیجابی و بەرەوپێشچووە لەنێوان تورکیاو حکومەتی هەرێمی کوردستانداو من هیوادارم بەردەوام بێت، من هەستێکی باشم هەیە لەم بارەیەوە، لەبەرئەوەی من پێشتر باسی ئەوەم کردووە کەدەبێت تورکیاو کوردستان پەرە بەپێوەندییەکی دۆستانە بدەن، ١٠ساڵ پێش ئێستا پێیان دەوتم تۆ شێتیت، بەڵام ئێستا دەبینین ئەوە بەرەوپێشدەچێت و من زۆر خۆشحاڵم.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرنامەی چاکسازیيان هەیە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، ئایا بە چ میکانیزمێك رووبەڕووی ئەو گەندەڵییە ببینەوە؟**

- من ئومێدم دەکرد وەڵامی ئەو پرسیارەم بزانیایە، ئەمە شتێکی ئاسان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی مەودادرێژی فێربوونە بۆئەوەی بتوانیت جیاوازی بکەیت لەنێوان سەرچاوە تایبەتیەکانی خۆت و سەرچاوەو دارایی حکوومەتدا، ئەمەریکاش لە رابردوو ئەم کێشەیەی هەبووە، کە بەدرێژایی سەدان ساڵ کارمان لەسەرکردووە، لەبەر ئەوە لە شەوو رۆژێکدا ئەم کارە ئەنجام نادرێت. لەم رووەوە زانکۆکان، وەك زانکۆی سەلاحەددین و دهۆك دەتوانن رۆڵیان هەبێت، لەبەر ئەوەی کۆرسی تایبەت



به ئەخلاقیاتی کاریان هەیە، کە چۆن هەڵسوکەوت بکەیت لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییە ئابوورییەکان، چۆن جیاوازی لە نێوان پارەی خۆت و پارەی خەڵك و حکومەتتدا بکەیت. ئێستاش لە ئەمەریکا زۆرجار سەرکردەکان پارەی شەخسی و پارەی حکومەت تێکەڵ دەکەن، کەواتە ئەگەر لەئەمەریکا ئەم کێشەیە هەبێت، ئەوا لە کوردستانیش بوونی هەیە. ئومێدەکە ئەوەیە ئەم کۆرسانەی تایبەتن بە ئەخلاقیاتی کار خەڵکەکە فێربکەن و ڕەنگە بتوانن کەسانێکی پسۆڕ بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی ڕاوێژو ڕاسپاردەیان لێوەربگرن. سەرکردەکانی ئێوە ئەوە فێربوون کە پارەی حکومەت پارەی ئەوانە، چۆن دەتوانیت ئەمە جیابکەیتەوە، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە خەڵکی کوردستان ئەوەندە سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەکەن و تاوەکو بزانن ئەوە شێوازێکی مۆدێرن و ڕاست و دروست نییە بۆ ئەنجامدانی کارەکان. ئەو ڕاستیەی خۆپیشاندان لە هەرێمەکەی ئێوە ڕوویداوە کە باس لەم کێشانە دەکەن نیشانەی بەرەوپێشچوونە، ئەمە شتێکی باشە، ئەگەرچی دۆخەکە هەستیارە، بە چەشنێك ئەگەر ئەم مشتومڕانە بەرەوهەڵکشان بچن سەردەکێشن بۆ شەڕی ناوخۆ. لەبەرئەوەی ئێوە دەتانەوێت تا دوا سنوور چاکسازی بکەن، بێ ئەوەی لە ئەنجامدا حکومەتەکە برووخێنن. ئێوەش دەزانن یەکێك لەباشترین تاکتیکەکانی دژومنەکانتان ئەوەیە کوردەکان شەڕ لەگەڵ یەکتردا بکەن، کوردەکان دابەش بکەن بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵبن.

*** تا چ ڕادەیەك پێکەوەنانی چەند هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقدا لەگەڵ پێکەوەژیاندا دەگونجێت؟**

- سێ چوار ساڵ پێش ئێستا پێدەچوو عێراق لێکهەڵبوەشێت، بەڵام ئێستا ئیرادەی هاوکاری کردنی یەکتر و پێکەوەژیان دەبینین. پێموایە مالیکی کارێکی باشی ئەنجامداوتوانی تاڕادەیەك هاوکاریکردنی یەکترو ئاشتی لەعێراقدا بهێنێتەدی، هیوادارم ئەم کارە بۆ بەرژەوەندی عێراق بکات و گەمەیەك نەبێت بۆ ئەوەی لەدواییدا ببێتە دیکتاتۆر، هەروەك بارزانی وتی مالیکی وەك دیکتاتۆر وایە، یان شتێکی هاوشێوەی ئەوە، ئێوەش وەك بەشێك لەعێراق لەدۆخێکی باشدان، ئێوە ئیمتیازی ئەوەتان هەیە کە لە ڕووی عەمەلییەوە سەربەخۆن، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو کێشەو گرفتانە ببنەوە کە لەسەربەخۆییەوە دەکەونەوە، من هیوادارم کوردەکان بەردەوام لەپێوەندییەکی ئاشتیانەدابن لەگەڵ بەغدا، ڕاستە کێشەتان هەیە، بەڵام دەتوانن ئەو کێشانە بە ئاشتییانە چارەسەربکەن.

*** ئایا بۆچی کاتێك ئایین بەسیاسی دەکرێت ئەوا دژی دیموکراسی و لێبوردەیی دەوەستێتەوە؟ بۆچی کەلتووری پێکەوەژیان لەناودەچێت؟**

- ئایین وەك بەشێك لە کەلتوور بۆ هەموو کەس گرنگە، بۆئەمەریکا گرنگە، ئەگەرچی تۆ ناتەوێت ئایین بەسەرهەموو شتێکدا زاڵبێت، لەئەمەریکا ئایین و دەسەڵات لێکجیاکراونەتەوەو ئێمە نامانەوێت ئایین بەسەرحکومەتدا زاڵبێت، ئیسلام بۆئێوە گرنگە، سەرچاوەی کەلتوورو ئەخلاقیاتی ئێوەیە و دەبێت ڕێزی لێبگرن، بەڵام نابێت بوغزتان هەبێت بەرامبەر ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ئایینەکەتان نییە، ئەمە جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەتە، تۆ ڕێگە بە ئازادی ئایینی دەدەیت، کەواتە دەبێت حکومەت بێلایەن و عەلمانی بێت، بەڵام دەبێت هەموو دەوڵەتێك ڕێگاچارەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەی لە ئەمەریکا سەرکەوتوو دەبێت مەرج نییە لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت. لە عێراقدا دژواری و دابەشبوون لە نێوان شیعەو سوونەکاندا هەیە، کوردەکان دەتوانن سوود وەرگرن، لەبەرئەوەی ئەم دابەشبوونانە لە ناو کوردەکاندا لەبەغدا بوونی نییە، واتە کوردەکان دەتوانن خۆیان بە دووربگرن لەم کێشانەو تا ڕادەیەك ئامۆژگاریان بکەن، ئەگەر عێراق دابەش بوو دەتوانن سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، ئەگەر عێراقیش سەرکەوتو بوو، دەتوانن

**لە ڕووی مێژوییەوە تورکیا دوژمنی ئێوە بووە. ئێستاش شتێکی جێی سەرسوڕمانە کە تورکیا بەشێوەیەکی جوزئی بۆتە دۆستی ئێوە. من هانتان دەدەم کار بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پێوەندییانە بکەن**



بەشداری لەو سەرکەوتنەدا بکەن.

*** چۆن لە تێکەڵکردنی ئایین و دەسەڵات دەڕوانی لە حکومەتی عێراقدا؟**

- پێدەچێت تا ئێستا سەرکەوتووبێت، بۆماوەیەکی دووروردێژ من وابیرم دەکردەوە سەرکەوتوو نابێت، بەڵام سەرکردەکانی عێراق ئەوەندە عەلمانین درك بەوە بکەن ناتوانن ئایین بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، واتە تۆ دەبێت ڕێز لە ئایین بگریت، بەڵام ناتوانیت بەسەر ئەو کەسانەدا بیسەپێنیت کە باوەڕیان پێی نییە. ئەوەی پەیوەست بێت بە پارتە ئیسلامیەکانەوە، ئەوان لە عێراقدا بەهێزن بەڵام لەکوردستاندا لاوازو دابەشبوون و باوەڕناکەم بە دیاریکراوی بنەمایەی کێشە، لەبەر ئەوەی ئێوە ژیرانە ئیدارەی ئەم کێشەیەتان کردووەو بارزانی خۆی کەسێکە ڕێزی ئایین دەگرێت و بڕوای پێیەتی، پێم وایە بارزانی وتی لە کوردستاندا دەسەڵات ڕێز لە ئایین دەگرێت، بەڵام نابێت کۆمەڵگەکە دابەش بکرێت و کاری شێتانە ئەنجام بدرێت و خەڵك بکوژرێت لەسەر ئەساسی ئایینی، بەڵام لەعێراقدا کەسانێکی ئایینی سەرشێت هەن، ئەگەرچی باوەڕم وایە لە عێراقیش زۆرینەی خەڵك دەیانەوێت پێکەوەبژین و ڕێز لەیەکتر بگرن. ئەوەی بەلای ڕۆژئاواوە کێشە بێت ئەوەیە مەسیحیەکان لەو وڵاتە دەرکران، ئەمەش نیشانەی ئەوەبووە کە لە لایەن خەڵکانێکەوە بوغزو ڕق هەیە لەبەرامبەر مەسیحیەکان، ڕەنگە داهاتووی مەسیحیەکان لە عێراقدا کە مێژوویەکی دێرینیان هەیە بەرەو نەمان بچێت، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە من دۆستم هەیە لە ئەمەریکا پێی دەووتم کوردەکان دوژمنی مەسیحیەکانن، بەڵام ئێستا دەبینم کوردەکان پارێزگاری لە مەسیحییەکان دەکەن لەکوردستاندا، من هانتان دەدەم بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن و بەردەوام بن لە پاراستنی مەسیحییەکان، نەك تەنیا لەبەرئەوەی ئەمە کارێکی ڕاست و دروستە، بەڵکو بۆ وێنەی گشتی ئێوەش لە لای ڕۆژئاوا باشە. ئەوکاتە ئەمەریکاش بەم کارەتان خۆشحاڵ دەبێت.


## ئاماژەی ئیجابی لە ئابووری کوردستاندا بەدی دەکەم، بەڵام ئەمە ئابوورییەکە لەسەرەتادایە و لەدۆخێکی ناسکدایە، لەبەرئەوە دەبێت خۆتان لە کێشەی گەندەڵی و مەحسوبیەت و پشت بەستن تەنیا بەداهاتی نەوت ڕزگار بکەن

*** ئایا چۆن بەرنامەیەك دابڕێژین بۆ ئەوەی بتوانین ئابووری بازاڕ ڕێکبخەین و سنوورێك بۆ قۆرخکردن دابنێین؟**

- دەبێت سیستمی قەزائی سەربەخۆ بێت، سەربەخۆ بێت لەدەسەڵاتی جێبەجێکردنی، دەبێت سەروەی یاسا هەبێت و پەرە بە دەستوورێك بدەن بۆ هەرێمەکەتان، هەروەها دەبێت سەرچاوەی ئابوورییەکەتان جۆراوجۆر و هەمەچەشن بکەن، واتە نابێت تەنیا پشت بە داهاتی نەوت ببەستن، پێویستە پەرە بە بوارەکانی دیکەی پیشەسازی بدەن، لەبەر ئەوەی تەنیا پشت بە نەوت ببەستن، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ گەندەڵی، یان ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت، ئەوا ئابوورییەکە تێکدەشکێت. من ئاماژەی ئیجابی لە ئابووری کوردستاندا بەدی دەکەم، بەڵام ئەمە ئابوورییەکە لەسەرەتادایە و لەدۆخێکی ناسکدایە، لەبەرئەوە دەبێت خۆتان لە کێشەی گەندەڵی و مەحسوبیەت و پشت بەستن تەنیا بەداهاتی نەوت ڕزگار بکەن. پەرە بە کەرتی گەشتوگوزار بدەن،وڵاتێکی جوانتان هەیە،ئەو فڕۆکەخانەیەی ئێمە لێی دابەزین پێنجەم گەورەترین فڕۆکەخانەی جیهانە، ئەگەر پەرە بە کەرتی گەشتوگوزار بدەن ئەمە زۆر یارمەتیدەرتان دەبێت. ئەمە پێویستی بەپرۆسەی فێربوون و پەروەردە هەیە، لەبەرئەوەی دەکرێت پەروەردە ببێتە ژێرخانێکی بەنرخ بۆ ئابووریەکی تەندروست و دروستکردنی کەسانێکی ژیر بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئابووریە، دەبێت کوردستان پارە لەپەرەپێدانی کەرتی پەروەردەدا تەرخان بکات، هەر لە باخچەی ساوایانەوە بۆ زانکۆکان، وەزیری خوێندنی باڵای ئێوە باسی لە ناردنە دەرەوەی قوتابیان کرد، ئەمە کارێکی باشە، دووبارە دەبێت ناردنەدەرەوەی قوتابیان دووربێت لەگەندەڵی و مەحسوبیەت و دەبێت عادیلانە بێت و نابێت تەنیا دۆستەکانی بارزانی بنێردرێن.

# تاچەند رووخانی رژێمی بەعس بنەماكانی عێراقی نوێی چەسپاندووە


ئەگـــەر رووخانی دیواری بەرلین بۆ جیهان ســـەرەتای بونیادی سیســـتمی نوێـــی جیهانی (New World Order) بێت، ئەوا رووخانی رژێمی بەعس لەلایەن هێزەكانی هاوپەیمانانەوە ســـەرەتای بونیادی عێراقێكی نوێ بوو، بەڵام چۆن ناوەڕاســـت و رۆژهەڵاتی ئەوروپا و رووســـیا و كۆمارەكانی پێشووی یەكێتی سۆڤیەت، راستەوخۆ دوای رووخانی دیوارەكە نەبوونە وڵاتی دیموكراتی، بەڵكو بەدەیان شەڕ و توندوتیژی و ژینۆساید روویدا، هەتا كار گەیشتە ئەوەی بەدەیان سەركردە رەوانەی دادگای تاوانەكانی جەنگ لەلاهای بكرێن، بەهەمان شێوە عێراقی دوای رووخانی رژێمی بەعس هەمان سیناریۆ، بەڵام لەجوگرافیایەكی بچووك تیایدا روویدایەوە، بێجگە لەشاڵاوی فراوانی تیرۆریســـتی كە بەشی زۆری شارەكانی عێراقی گرتەوە و پریشكیشی بەر هەرێمی كوردستان كەوت، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییەو بە گشبینیەوە سەیر دەكرێت ئەوەیە، چۆن دەوڵەتانی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا و رووسیاو دەوڵەتانی پێشووی یەكێتی سۆڤیەت، ئومێد بۆ پێش رووخانی دیواری بەرلین ناخوازن، بەهەمان شێوە عێراقیەكانیش وێڕای ئەوەی ناســـەقامگیری ئەمنی و پشێوی نێو پرۆسە سیاســـییەكە ماندووی كردوون، بەڵام رووخانی رژێمی بەعس بەو وەرچەرخانە دەزانن كە وێڕای هەموو ئەو ئاســـتەنگانەی هاتوونە پێشەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ سەردەمی رژێمی بەعس بەراود ناكرێت.



فازڵ سامر بۆ گوڵان:

# ئێستا لەعێراقدا هەندێک ئاراستەو ناوەندی فیکری لەکارکردندان تا بەدروستی کۆمەڵگە بەرەو پرەنسیپە نوێیەکان بەرن

سەبارەت بەم لایەنە و تایبەت بەم راپۆرتە پرسیارمان لەفازڵ سامر سەرۆکی یەکێتی گشتی نووسەر و ئەدیبانی عێراقی کرد و سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە لەساڵی ٢٠٠٣ تائێستا ماوەیەکی پڕ بایەخ و گرنگ درووست بوو تا لەرووی بوژانەوەی فیکرییەوە بزاف و جووڵانەوە بکەوێتە ناوەندەکانەوە، چونکە ئەو ئازادییە فیکرییەی لەم ماوەیەی دواییدا بەخشرا بەبیرمەندانی عێراقی و سیاسەتمەدارەکانی، بوارێکی باشی بۆ رەخساندن تا لەرووی سۆسۆلۆژیاو فیکری مێژووییەوە پەرەی زیاتر بە پێگەیاندنی خۆیان لەلایەنی فیکرییەوە بدەن، پێشتر لەژێر سایەی رژێمی پێشوودا نەدەتوانرا ئەم بوارە گرنگە پەرەبسێنرێت، ئەوەش بەهۆی ئەو هەژموونە ئایدیۆلۆژی و تەنزیمی و سیاسییەی کە لەئەستێلکی ئەو تێزوو بەرنامانەدا بوو کە رژێمی رووخاو پشتی پێ دەبەستن و قۆرخی کردبوون، بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمی سەدام حوسێن دا تۆختر کرانەوە، من لەو باوەڕەدام رووناکبیری عێراقی بەشێوازێکی گشتی لەدوای رووخانەوە واتە لەدوای ٢٠٠٣ زیاتر سوودی لەو ماوەیە وەرگرتووە تا قاڵ ببێتەوە لەناو بیروبۆچوونی مەعریفی و فەلسەفی تازەی وادا کە پێشتر نەیدەتوانی توێژینەوە لەوبوارە فیکرییانەدا ئەنجام بدات، بۆیە دەتوانم بڵێم پرۆسەی کاری فیکری پرۆسەیەکی خێرایە و زۆر فراوانتر و جیاوازترە لەبوارە هونەری و ئەدەبییەکانی کە ساڵانێکی دوور و درێژ زیاتر بیرمەندی عێراقی پێی سەرقاڵ کرابوو، بۆ نموونە زیاتر بواری شیعر



و بەخشان دەوڵەمەندکرابوون، لەکاتێکدا بەشەکانی تری ئەدەبیش تا رادەیەک دوور لەتوێژینەوەی فیکری بەسروشتی و خاکرایی پێ دەگەیشتن. هەروەها ئێمە لامان روونە کە فیکری بەعسی لەعێراقدا کە تائێستاش لەناو هەندێک بیروبۆچووندا درێژبۆتەوە فیکرێکی فاشیانە بوو، هەر لەسەرەتاوە بڕوای بە وتەزای حزبی سەرکردەو حزبی پێشەنگ و تاقانە حزب هەبووە، دواتر حزبی بەعس هیچ جیاوازییەکی فیکری و ئایدیۆلۆژی لەکەس قبوڵ نەدەکردو بڕوای بەدیالۆگ و دانوستاندن و سازش نەبوو لەسەر بناغەی فیکری. بۆیە هۆشیاری خەڵکی لەو بوارانەدا ئیفلیج کردبوو، وای لەهەموو تاکێکی کۆمەڵگە کردبوو ملکەچی رێنمایی و بۆچوونەکانی بەعس بێت و لەوان بترازێت هەرکەسێك پێی رازی نەبووایە بەخیانەت تاوانباری دەکرد، بڕوای بەجەماوەری کردنی بیروبۆچوونەکانی خۆی هەبوو، زۆریش ئەو قسەیەیان دووپات دەکردەوە کە دەیانوت:( ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دوژمنمانە).

سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتی و بونیادی رۆشنبیری دیموکراتی، فازڵ سامر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئێمە پێویستمان بە فێربوونی رێزلێنانی رێبازە دیموکراتییەکانی بەرێوەبردنی هاووڵاتیان هەیە، لەوانەش رێزگرتنی رێبازەکانی ئازادی بیروڕاو بڵاوکردنەوەو راگەیاندن و....تاد، هەروەها وەستان لەدژی هەر میتۆدو بۆچوونێك کە ئەم رێزگرتنە لاواز دەکات یان نایهێڵێت. پێویستە رێنمایی و روونکردنەوەو یاسای تەشریعی بۆ پاراستنی ئازادی بیروڕا لەعێراقدا دارێژرێت تاکو هیچ کەس و تەرەفێك لەناو دامودەزگاکانی حکومەت نەتوانێت گەمە بەم بابەتە هەستەوەرەوە بکات. دواتر ئێمە پێویستمان بە رۆشنکردنەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە لەسەر رێزگرتنی بەرامبەر و فێربوونی ئەتەکێت و تەقالیدی جێبەجێکردنی پرۆسەی دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لەلایەن هەموو تاکەکانی کۆمەڵەوە. ئەرکی بیرمەندانە لەرەگ و ریشەی ئەو هۆکارانە بکۆڵنەوە کە وای لەکۆمەڵگەی عێراقی کردووە توندوتیژی لەناو ناوەندەکانی ژیاندا دروست بێت و هەروەها خەڵکی فێربن دیکتاتۆر بۆ خۆیان دروست نەکەن، تا بگەینە ئەو ئاستەی هۆشیاری کۆمەڵگەی هاووڵاتیبوون بەدروستی دابمەزرێت و هەموو کەسێك رێز لەکەسی بەرامبەر بگرێت و بەجیاوازی بیروبۆچوون و ئایین و هەست و نەتەوە ئەم رێزلەیەکترگرتنە

هەڵسوکەوتکردنی رۆژانەی هاووڵاتیان. ئەمەش لەپێناوی پێکهاتنی کەلتوورێکی سەرتاپاگیری وا کە هەموو کۆمەڵگەی عێراق بەهەموو جیاوازییەکانیەوە رۆحی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردنی تێدا بچێنرێت. هەروەکو چۆن پێشتر لەمێژوودا عێراق بەوە ناسرابوو کە کەلتووری گەل و وڵاتێکی هەمە رەنگ و هەمە چەشنی تێدایە و فێرگەیەك بووە بۆ پاراستنی بەها پیرۆزەکانی پێکەوەژیان. بە سەنگین کردن و ژیانەوەی رەسەنایەتی فیکری دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی فرەیی و هەمەرەنگ و مۆزاییکی لەسەر بناغەی پرەنسیپەکانی دیموکراتییەت و ئازادی سەر لەنوێ لەعێراقێکی فیدراڵی فرە نەتەوە ئاییندا دابمەزرێتەوە. ئێستا لەعێراقدا هەندێك ئاراستەو ناوەندی فیکری لەکارکردندان تا بەدروستی کۆمەڵگە بەرەو پرەنسیپە نوێیەکان بەرن، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ لێهاتوویی هەندێك لەرۆشنبیرانی عێراقی، چونکە ئەم ئاراستە دروستانە بەشێوازێکی کەسی و زاتی دروستبوون، واتا هۆکاری دروستی ئاراستەکە ناگەرێتەوە بۆ دەوڵەتی عێراقی. دەوڵەتی عێراقی هەوڵی داوەو توانیویەتی دەستوورێکی گشتگیر بۆ گەلی عێراق دابرێژێت، بەڵام نەیتوانیوە ئەم ئاراستە فیکریە تیۆرییانە بێنێتە بواری پراکتیکەوە، چونکە دەوڵەت خۆی سەرقاڵ کردووە بەپراگماتیکییەتەوە تاوەکو بتوانێت هەموو لایەنەکانی ناو کۆمەڵگە لەهەڵوەشانەوەو لێکترازان کۆنترۆڵ و رێك بخاتەوە. لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەوڵ دراوە لەناوەندەکانی دەوڵەتەوە کاری باش بکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەم کارانە کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری خەڵکی هەبوویێت. هەموو گۆرانێك لەئەخلاق و بەهاو بیرکردنەوەی خەڵکیدا لەقۆناغی تازەدا بەستراوەتەوە بە تەوسیق کردنی پرەنسیپی دیموکراتیەت و فێربوونی بنەماکانی گوێگرتن و رازیبوون و رازیکردنی بەرامبەر بەشێوازێك کە بگونجێت لەگەڵ ئەو گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە لەمێژووی عێراقدا هەیە.

## موفید جەزائیری بۆ گوڵان:

# رژێمی بەعس زیانی بەهەموو تاکەکانی عـ



موفید جەزائیری وەك سیاسەتمەدارێك و رۆشنبیرێك لەم تەوەرە بەشداری کردین و ئەو سەبارەت بەو گۆرانکارییانەی کە رووخانی رژێمی بەعس هێنایە ئاراوە، بە چاوێکی گەورەتر سەیری دەکات و پێیوایە کە ئێمە لەرژێمێکی دیکتاتۆرییەوە هەنگاومان هەڵگرتووە بەرەو دیموکراتی و ئەمە گۆرانکارییەکی گەورەیەو لەم چوارچێوەیەدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو و وتی: (لەدوای رووخانی رژێمی پێشووەوە گۆرانکاریی زۆر روویانداوە، لەبەرئەوەی رژێمێکی دیکتاتۆری بوونی هەبوو و ئەمرۆ خاوەن سیستەمێکی دیموکراسین، هەرچەندە کە ئێمە رازی نین بە ئاستی دیموکراسییەت لەوڵات، بەڵام هەڵبژاردنەکانمان هەیە و خاوەنی ئەنجوومەنی نوێنەران-ین لەگەڵ حکومەتێکی هەڵبژێردراو لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، هەروەها خاوەن دەستوور-ین، دەستوورێك کە ماف و ئازادییەکانی تێدا دەستەبەرکراوە، راستە ئەم لایەنانە بەپێی پێویست نین، تەنانەت زۆربەی ماف و ئازادییەکان کە دەستوور ئاماژەی پێداوە دەبینین زۆرجار فەرامۆشدەکرێت و پشتگوێ دەخرێت و تەنانەت پێشێل-یش دەکرێت، بەڵام تارادەیەکی زۆر پابەندبوونی لەسەر هەیە. ئەمە واقیعێکی نوێیە کە عێراق ئەمرۆ تیایدا دەژیەت، ئێمە هەمیشە هیواداربووینە و بەردەوام هەوڵ و کۆششمان داوە لەپێناو باشترکردنی عێراق، نەك تەنیا لەرووی سیاسییەوە، بەڵکو لەسەر هەموو ئاستەکان. بۆیە ئەم مەسەلەیە پێویستیی بەکار و هەوڵی هۆشیارکردنەوە هەیە لەگەڵ زیاترکردنی ئاستی تێگەیشتنی هاووڵاتیان بۆ مەسەلەکان. هاوکات ئەنجام دەدرێت لەرێگەی بەرزراگرتنی تێگەیشتنی هاووڵاتیان بۆ مەسەلەکان لەسەر بنەمای نیشتمانی، نەك لەرێگەی تێگەیشتنێکی نەتەوەیی تەسك، پێویستە سۆزی من بۆ وڵات بێت نەك بۆ هۆز و تایفەکەم وەکو عەرەبێك و کوردەکان بۆ نموونە فەرامۆش بکەم. پێویستە من ئەمرۆ وەکو عەرەبێك سەیری کوردەکان بکەم لەو روانگەیەوە کە ئەوانیش یەکسانن و خاوەن هەمان ماف و پابەندبوونەکانن، هاوشێوە لەگەڵ هاووڵاتیە عەرەبەکانی تر. لەهەمان کاتیشدا پێویستە لەسەر کوردەکان بەهەمان شێوە و لەهەمان روانگەوە سەیری عەرەبەکان بکەن. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانین زاڵ بین لەسەر «داخرانەوەی نەتەوەیی» و لێکترازانی نیشتمانی و لەهەمان کاتیشدا دەتوانین هەست و هۆشیاریی نیشتمانیی قووڵ بخوڵقێنین لەسەر بنەمای سۆز و ئینتیما بۆ نیشتمان و عێراق و کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی، بە رەچاونەکردنی جیاوازییەکان و بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە)).

بەڵام ئەوەی کە لەکاتی رژێمی پێشوو هەستی پێدەکراو ئێستاش وەك ئاسەوارێکی خراپ ماوەتەوە نەبوون یان هەست نەکردنی ناسنامەی نیشتمانی

# ـــێراق گەیاند نەک تەنیا تایفەیەک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو



عێراقیە، سـەبارەت بەم لایەنەیەش مفید جەزائیـری لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (من باس لەهاووڵاتیـی عێراقی دەکەم وەك عێراقی نەك وەکو سوننە یان شیعە. هەڵبەتە عێراقییەکان لەچەند ناوچەیەکی جیـاواز دەژین و رژێمی پێشـوو بوو کە ئـەم گۆشـەگیرییەی خوڵقاندبوو لەنێو کۆمەڵگـەی عێراقـی، بەشـێوەیەك کـە گرووپەکانـی لێکجیادەکـردەوە و دابەشـبوونی لەنێوانیانـدا دروسـتکرد و ژمارەیـەك لـە لایەنگرەکانـی دوور لەبەشـەکانی تری عێراق هێشـتبۆوە. بەڵام زۆربەی لایەنگرانی رژێمی پێشوو ژمارەیەکی زۆر شـیعە-یان تێدا هەبوو وێـڕای ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان، کە خۆیان تەرخـان کردبوو بۆ خزمەتکردنی سـەددام و رژێمـی دیکتاتۆرییـەت. هەربۆیە ئەوانەی کە خزمەتی سـەددام-یان دەکرد تەنیا لەتایفەی سوننە نەبوون، بـەڵام مـن پێموایە کە ئەمڕۆ هێشـتا دەرفەت لەبەردەمـمـان ماوە، لەبەرئەوەی ئەگـەر بێـت و وڵات دووبـارە بونیاد بنێین لەسـەر بنەماکانی دیموکراسییەت و بەهاووڵاتیبـوون، بونیادنانەوەی وڵات لەسەر بنەمای کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسـازی لەسەر ژێرخانـەکان و کۆمەڵگە و پرۆسـە و سیستەمی سیاسی، ئەوکات پێموایە کە دەتوانین چارەسـەر بۆ هەموو کێشەکان بدۆزینـەوە کە لەرژێمی پێشـوو بۆمان ماوەتـەوە. بەداخەوە، لەمـاوەی چەند ساڵی رابردوودا هەوڵێکی زۆر هەبوو بۆ چەسپاندنی ئینتیمای غەیرە نیشتمانی: ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی و تایفەگەری و ناوچەگەری و عەشـایەری، بێگومان ئەم هەموو شـتانە زیانیـان گەیاند بە هزری ئینتمای نیشـتمانی و پاپەندبوون بە وڵات و کاریگەریی نێگەتیڤانەی لێ بەجێماوە، بۆیە ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە کات هەیە بۆ چارەسەرکردنی، هەڵبەتە پێویسـتیی بە کاتێکی درێژ هەیە، بەڵام گرنگترین شـت ئەوەیە کە دەستپێبکەین و هـەوڵ و کۆششـی جـددی بدەین لەپێناو ئەم ئاڕاسـتەیە و جەختکردنەوە لەسەر لایەنی نیشتمانی. بۆیە جێگەی خۆیەتـی ئاماژە بەوە بکـەم کە رژێمی بەعس زیانـی بەهەمـوو تاکەکانی عێراق گەیاند، نەك تەنیا تایفەیەك یان نەتەوەیەکی دیاریکـراو، بەڵکو زیانی بەهەمـوو عێراقییـەکان و بە تەواوی عێـراق گەیانـد. جگـە لەڕێگەی دیموکراسـیەت هیچ چارەسەرێکی تر نییە بۆ ئـەم هەموو گرفتانە، ئەویش بەپشت بەسـتن بە دیموکراسییەتێکی راسـتەقینە و لەسـەر بنەمـای «بەهاووڵاتیبوون» لەگەڵ وەدیهێنانی ئەو یەکسانییەی کە لەدەستوور هاتووە لەنێوان عێراقییەکان بە رەچاونەکردنی جیاوازییەکانیان لەڕووەکانی ئینتیمای تایفەگـەری و نەتەوەیی و ئایینی و پێگـەی کۆمەڵایەتی و ئاڕاسـتەی سیاسی. بەبێ درووستکردنی دەوڵەتێك لەسـەر بنەمای دیموکراسـییەت و بەهاووڵاتیبـوون، ئەوکات زۆر زەحمەتە بتوانرێـت عێراقێکی یەکگرتوو بونیاد بنرێت کە تیایـدا هەموو عێراقییەکان یەکسـان بن و بەبێ جیاوازی لەڕووی رەگـەز و رەچەڵـەك و نەتـەوە و ئایین)).

# خەبات کەموکوڕی لە کـ
# دەستەی وەبەرهێنانیش هیچ پـ





قەزای خەبات کەوتۆتە باشووری رۆژئاوای هەولێر بە دووری ٣٥ کم و سنوورێکی بەرفراوانی بە پیت و بەرەکەتی کشتوکاڵی هەیە، ئەم قەزایە سەرەتا گوندێکی بچوك بووە بەناوی هەنجیرۆك، دواتر خەڵك زیاتر روویان تێکردووەو کراوەتە کۆمەڵگا، لە ساڵی ١٩٧٦ بۆتە ناحیەو لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆتە قەزا، ئێستاکە قەزای خەبات ناحییەکانی (رزگاری و کەوروگۆسك و دارە شەکران ) و سێ کۆمەڵگا و ٦٠ گوند لەخۆ دەگرێت، بە گشتی ژمارەی دانیشتوانی ١٢٠ هەزار کەسە، سەنتەری شارۆچکەکە زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسی تێدا دەژی.

، لە دوای راپەڕینـــەوە بەتایبەتی لە دوای ٢٠٠٦ کە بۆتە قەزا زیاتر بەرفراوان بووەو ســاڵانە بە بەردەوامی کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری لــێ ئەنجامدراوە، بەڵام کار و پرۆژەکان بەپێی داواکاری خەڵکەکە نییە و پێویســتی بــە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیــە، لێرە و لەوێ دانیشــتوانی قەزای خەبــات گلەیی و گازاندەیەکــی زۆریان لــە کارە خزمەتگوزارییەکان هەیە، ئێمە وەکو تیمــی گۆڤاری گوڵان ســەردانی ســەنتەری قەزای



# ـــەرتی تەندروستی هەیەو
# ـــرۆژەیەکی لەم قەزایە ئەنجام نەداوە





خەباتمـــان کرد و بەنـــاو گەڕەك و کۆڵانەکانی شـــارۆچکەکە گەڕاین و چەند هاووڵاتییەکمان دواند، یەکێك لە هاووڵاتییەکان لە چەندین لایەنەوە گلەیی و رەخنەی خستەڕوو لە مانە باسی خراپی شـــەقام و کۆڵانەکانی ناو شـــارەکە و زۆری قوتابی لە پۆلێك کرد، هاوڵاتییەکی تر باســـی زێدەڕۆیی و خراپی ئاوی خواردنەوەو کۆنی تۆڕی دابەشـــکردنی ئاوی خواردنەوە کردوو ئێمەی بردە ســـەر بۆرییەکی ئاوخواردنەوە کە ماوەیەکە شکاوەو ئاوی لێدەڕوات، تەنانەت لەبەر بوونی ئاستەنگێك کە پەیوەندی بە ماستەرپلانی هەولێرەوە هەیە ناتوانرێت بەپێی پێویست زەوی تەرخانبکرێت بۆ نیشتەجێبوون، لەلایەکی ترەوە گرفتی کەرتی تەندروســـتی زۆرە بەرادەیەك خەڵکی خەبات بۆ چارەســـەری تەندروستی دەچنە قەزای حەمدانیە، ئەم گلەیی و گازاندانە و چەند پرسیارێکی ترمان ئاراستەی (رزگار مستەفا) قایمقامی قەزای خەبات کرد، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لە رەخنەو بەسەرکردنەوەی قەزاکەیان کردوو راوبۆچوونی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە خستەڕوو.



رزگار مستەفا قایمقامی قەزای خەبات بۆ (گوڵان):

# هیچ هەست بە کاری وەزارەتەکان لەخەبات ناکەین و هەموو ئیمکانیاتی ئێمە لەسەر بودجەی پەرەپێدانە



**لە سنووری قەزای خەبات ژمارەیەکی زۆر سەرپێچی کراوەتە سەر زەوی شارەوانی**

لە زۆربەی قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان دیاردەی زێدەڕۆیی هەیە، قەزای خەباتیش لەم دیاردەیە بەدەرنییەو خەڵکانێ هەن بەبێ گوێدانە هیچ ڕێنماییەك خانوویان لەسەر زەوی شارەوانی دروستکردووە، بەڵام ئەو زێدەڕۆیانە پێویستە سنورێکی بۆ دابنرێت و چارەسەر بکرێت، چونکە لەلایەك هۆکارێکە بۆ ناشرینکردنی شارەکە، لەلایەکی تر ڕێگرە لە ئەنجامدانی زۆر کاری خزمەتگوزاریی، لەمبارەوە قایمقامی قەزای خەبات گوتی: حاڵەتی زێدەڕۆیی بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو قەزاو ناحییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، لە سنووری قەزای خەباتیش ژمارەیەکی زۆر سەرپێچی کراوەتە سەر زەوی شارەوانی، بەڵام بۆی هەیە لە سنووری ئێمە ئەو دیاردەیە زیاترە لە هەندێ شوێنی تری هەرێمی کوردستان، گەرچی ئەو شوێنانەی تاپۆ یان ئیفرازی شارەوانین و شوێنەکانی بۆ خزمەتگوزاری و شوێنی گشتی تەرخانکراون بە هیچ جۆرێك نەمان هێشتوە زێدەڕۆیی لەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە گرفتێکمان هەیە کە لە کاتی حکومەتی عێراقی پێش ئەوەی خەبات بکرێتە ناحیەش دوو سێ گەڕەکی بچووك بە زێدەڕۆیی دروستکراوە، لەوانە کۆنە کەلەك کە وەکو گوندێك خۆی نیشان دەدات و زیاتر لە هەزار ماڵی لێیە، هەروەها خانووەکان وەکو گوند دروستکراوەو ئەو خانوانەی ئێستاش دروست دەکرێن هەر لەسەر هەمان شێوەیە، لەلایەکی تر لەسەردەمی ڕژێمی بەعس سەرۆك شارەوانییەك هەبوو بەناوی حسام گەڕەکێکی لەوێ بە زێدەڕۆیی بەناوی حساماوە دروستکردووە، ئێستاش حساماوە هەرماوە و زۆر نارێکە چەند ساڵێکە خەریکین چاکی بکەین، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بکەوێتە سەر شێوەی گەڕەکێکی گونجاو و هاوچەرخ و گەرەکێکی ترمان بەناوی فەتحاوە هەیە، ئەویش درێژکراوەی کۆنە کەلەکە کە تا ئێستا نەمانتوانیووە بیگونجێنین لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی خەبات، بەڵام ئێستاکە لە شوێن و گەڕەکەکانی تری ناو قەزاکە تونیوومانە ڕێگا بگرین لە زێدەڕۆیی و سەرپێچی.

**هەندێ جار نەك چاودێری شارەوانی بەڵکو پۆلیسش ناتوانێ ئیجرائات وەربگرێت**

لە کاتی خانوو دروستکردن دەبێ مۆڵەت وەربگیرێت، هەندێ کەس کە خانوو دروست دەکەن ناچن مۆڵەت وەربگرن، بەڵکو لە کاتی سەردانی چاودێری شارەوانی بۆ سەر خانووەکان بەشێوەیەکی نا یاسایی ئەو فەرمانبەرە رازی دەکەن و لەم حاڵەتەدا دەبێ چۆن ڕووبەڕووی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لەخەبات ببنەوە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای خەبات ووتی:

قەزای خەبات لە زۆربەی شوێنەکانی تری کوردستان کەمتر ناوی لە گەندەڵی هاتووە، جار جار دەبیستین کە کارمەند یان چاودێرێکی شارەوانی کەمتەرخەمن و دەبنە ڕێگر لە نێوان ئێمە و ئەو کەسەی کە زێدەڕۆیی دەکات، بەڵام لە (١٠٠٪) ش بەڵگەمان لە بەردەست نییە کە ئەوە ڕوویداوە یان چەند پارە وەرگیراوە، لەمبارەوە دوو ساڵی پێش ئێستا لێپێچینەوەش لەگەڵ چاودێری شارەوانی

کراوەو ســزا دراوەو لە کارەکانیشی لادراوە، چاودێری ترمان لــە جیاتی داناوە، بەڵام دەبـــێ ئەوەش بزانین کە ســنووری قەزای خەبات عەشــایرییە و چەندین عەشــیرەتی لێیە، بۆیە هەندێ جــار نەك چاودێری شــارەوانی بەڵکو پۆلیســش ناتوانی ئیجرائات وەکو ئەوەی ئێمــە و حکومەت دەمانەوێت وەربگرێت، بۆیە هەندێ جار چاوپۆشــی لە زێدڕۆیی کراوە، هەروەها بۆی هەیە لە کاتی موزایەدەکردن ئەو خەڵکەی دەچێ رادەوستێ لەبەر کلتور و دابونەریتی سنوورەکە لەسەر کابراکە زیاد نەکەن لــە ئەنجامدا زەوی یان هەر کار و پرۆژەیەکــی تر بێت بۆ ئەو کەســە دەردەچێت کە لەسەرەتا چۆتە ناو موزایەدەکەوە، دەنا ئێستا کەس نییە بتوانێ پارچە زەویــەك بە زۆری داگیر بکات، بەڵام پێشتر یان لە چەند ساڵی رابردوو دیاردە و حاڵەتی بە زۆر داگیرکردن و زێدەڕۆیی هەبوو، هەر بۆیە کەسانێك نەك خانوو بەڵکو دوکانیشــی بە زێدەڕۆیی دروســت کردووە.

### موزایەدەکردنی زەوی و زار پەیوەندی بە قایمقامییەتەوە نییەو لەلایەن شارەوانییەکانەوە پیادە دەکرێت

لەو شــەقامە ســەرەکییەی کە لە هەولێرەوە دێتە ناو ســەنتەری قەزای خەبات لــە دەروازەکەی لەملا و ئەملای رێگاکە هەندێ پارچە زەوی بە شــۆفل و قەلاپە کاری لەسەر دەکرێت، دیارە ئەو پارچە زەویانە بە موســاتەحە دراوە بە وەبەرهێن، بەڵام ئێســتاکە بە پەلە دەیانەوێت کار لەسەر پرۆژەکان بکەن، پێشتر پێش پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم بەهیچ شێوەیەك کار لەو پرۆژانە نەکــراوە. بۆ بەدواداچوونی ئەم مەســەلەیە قایمقامی قەزای خەبات گوتی: ئەو دیوەی کە ئێستا کاری لەســەر دەکرێت تــازە دراوە بە وەبەرهێن و کۆن نییە و موزایەدەکەش لەلایەن شــارەوانییەکانەوە کراوە دوور و نزیك وەکو قایمقامیەت موزایەدەکردن پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، تەدەخولی ئێمە لەم جۆرە کارانە دەبێتە کارێکی رۆتین و ســلبی، بەڵام لە هەر موزایەدەیەك لــە ســنوورەکەمان ئەنجامی بدرێــت نوێنەری ئێمە ئامــادە دەبێت، بەڵام وەکو لە پێشــتریش ئاماژەم پێدا لــە موزایەدەکان کــە خەڵکێك دەچێتە نــاوی و بە خەڵکەکەی تر دەڵێت: (ئەم شــوێنە هی منە..) لەو کاتەدا خەڵکەکەی تر لە موزایەدەکە بەشــداربابن یان بەشداریش بن لەسەر ئەوەی تر زیادی ناکات، ئەمەش لەلای ئەوان رێزگرتنی کەســایەتی و عەشــائیرییە، بەڵام لەلای ئێمە بە گرفت دانراوە پێویستە چارەسەر بکرێت.

### دەستەی وەبەرهێنان هیچ پرۆژەیەکی لە سەنتەری قەزاکە ئەنجام نەداوە

وەکــو دەزانیــن دەســتەی وەبەرهێنــان بۆ ئەوە دامەزراوە کە کار لە بــواری جیاجیای وەبەرهێنان لە شارو شــارۆچکەکانی کوردســتان بکات، بۆ ئەوەی بەشــێوەیەکی دادپەروەرانەو بێ جیاوازی بەپێی تواناو پێداویستییەکان ئاوەدانکردنەوەو گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش بەرێت، بەڵام دەستەی وەبەرهێنان و کەرتــی تایبەت لــە زۆربەی قــەزا و ناحیەکانی کوردستان کاریان نەکردووە یا زۆر کەم پرۆژە لەم قەزاو ناحیەکان ئەنجامدراوە، لەمبــارەوە قایمقامی قەزای خەبات وتی: تا ئێستا دەستەی وەبەرهێنان هیچ پرۆژەیەکی لە ســەنتەری قەزا ئەنجام نەداوە، ئێستاکە کۆمپانیایەك هاتووە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی شــاری یاری لە قەزای خەبات، ئەمەش لــە قۆناخی مۆڵەت پێدانە، بــەڵام تا ئێســتا نەتوانــراوە وەبەرهێنــان لە بواری نیشــتەجێبوون پرۆژە ئەنجام بدات، هۆکارەکەش زیاتر بۆ ئــەوە دەگەڕێتەوە کە زەویمان نییــە بۆ ئەمبوارە تەرخان بکەین.

### ماستەر پلانی خەبات لە نێوان ماستەرپلانی هەولێر و زێی گەورە چەقی بەستووە

ماســتەرپلان لە هەموو شــارو شــارۆچکەیەك

## کەسانێك نەك خانوو بەڵکو دوکانیشیان بە زێدەڕۆیی دروست کردووە

نەخشــە رێگای گەورەبــوون و گەشــەکردنە، هەر ماستەرپلان وا دەکات کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە بەرنامەو پلانی تۆکمە ســەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەڵام کێشەیەکی ماســتەرپلان هەیە قایمقامی قەزا خەبات گوتی: کێشــەیەکمان لەگەڵ ماســتەرپلانی هەولێر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ماســتەرپلانی هەولێر تــا مەفرەقی کەورگۆســك هاتووە، ئەم ســنوورەش ماســتەرپلان و ســنووری قەزای خەباتــە، دیارە لە کاتی دانانی ماســتەرپلانی هەولێر نەهاتوونەتە سەر شــوێنەکە، بەڵکو هەر لەسەر مێزو لە ناو نووسینگە ماســتەرپلانەکە ئەنجام دراوە، ئەمــەش گەورەترین گرفتی خــستۆتە فراوانبوونی قەزای خەبات، چەند جارێك داوامــان لەلایەنی پەیوەندارکــردووە کە ئەم کێشــەیە چارەســەر بکەن، دیارە ئێســتاکە خەریکن پێداچوونەوە لەم ماستەرپلانەی هەولێر بکەنەوە.

قــەزای خەبات ماســتەر پلانی هەیــە، بەڵام ماســتەرپلانەکە لە نێوان ماستەرپلانی هەولێر و زێی گەورە چەقی بە ستووە و ناتوانین گەشە بە بەر فراوان بوونی شــارەکە بدەین بە هەموو ئاراســتەکان، بەڵام ئێستاکە بە تەریبی ماستەرپلانی هەولێر و زێی گەورە کار لەسەر گەورەبوونی شارۆچکەکە دەکەین، هەر بەم پێیەش بەلای کەوروگۆســك ژمارەیەکی زۆر زەویی نیشتەجێبوونمان بەسەر هاووڵاتیان دابەشکردووە.

### هەشت هەزارکەس لە ناوچە دابڕاوەکان هاتوونەتە خەبات ئەوانەش ئەرك و قورساییەکی زۆریان دروستکردووە

ســەبارەت بەوەی کە ژمارەیەك زۆر لە عەرەب و خەڵکی ناوچە و ســنوورەکانی دیکە ئاوارەی قەزای خەبات بوون، کە لەگەڵ خۆشــیان ئەرك و کۆمەڵێك گرفتیــان هێناوە، لەمبارەوە قایقمامی قەزای خەبات گوتی: ژمارەی عەرەبەکان کەمە، بەڵام ئەوەی زیاتر هاتوون کوردن لە ناوچە دابڕاوەکانە کە ژمارەیان زیاتر لە هەشت هەزار کەسە، ئەوان لەگەڵ خۆیان گرفتی زۆریان بۆمان دروســتکردووە ئەرك و قورساییەکی زۆریان خستۆتە سەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاو و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی.. تاد. پێویستە ئەوەش بزانین لەگەڵ هاتنی ئەم هاووڵاتیانەمان هیچ جۆرە بودجەیەك لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەســەرکردن گرفتەکان دابیــن نەکراوە، یەکێك لــەو گرفتانەی زیاتر دەرکــەوت گرفتی کەمئاوی خواردنەوە بوو لە ماوەی ئەو دوو ســێ ساڵەدا زیاتر لە(٢٠) بیری ئاوی خواردنەوەمان لێداوە لە ئەنجامدا گرفتــی ئاومان لە قەزاکە نەمــاوە، هەروەها هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان وایکرد پاڵەپەســتۆیەکی زۆر لەسەر بازاڕ دروست بکەن و هۆکارێکی سەرەکی ئەزمەی نیشــتەجێن، جگە لەمانە لە زۆرلاوە هەوڵی زێدەڕۆییان دەدا و بۆ چارەســەرکردنی نیشتەجێبوون هەســتاین بەدابین کردنی زەوی بۆ ئەو خێزانانەی کە ژمارەیەکــی زۆر لە ناو خانــوو و بینایەی حکومی دەژین و کارو پرۆژە خزمەتگوزاری ســەرەتاییەکانمان بۆ ئەو پارچــە زەویانە بردەوە تاوەکو بتوانن خانوو بۆ خۆیان دروســت بکەن، ئینجا دەتوانــن خانوو بینایە حکومیەکان بەجێ بێڵن.

### تەنیا توانیبوومانە زبڵۆخاشاك لە خەڵك دوور بخەینەوە کەچارەسەرێکی کۆن و تەقلیدی و ترسناکە

کۆکردنــەوە و خــڕ زرگارکردن لە زبڵۆخاشــاك گرفتێکی ســەرەکی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردســتانە، بۆ ئەو مەبەســتە دەبێ قەزا خەبات چۆن چارەســەری ئەو لایەنە بکات لەمبارەوە قایمقامی خەبات گوتی: ئێستا بە سیستەمێکی زۆر کۆن زبڵۆخاشــاك لە ســەنتەری قەزا کۆ دەکرێتەوەو لە شــوێنێکی دەرەوەی شــارەکە لە ژێر خۆڵ دەنرێت ئەمەش رێگایەکی زۆر مەترســیدارە بۆ پیســبوونی ژینگــەو بڵاوبوونــەوەی نەخۆشــی، لەلایــەك تر زبڵۆخاشکی شاری هەولێر کە دەگوازرێتەوە بۆ کانی قرژاڵە، ئەمەش گرفتی گەورەی بۆ دروســتکردووین بەتایبەتی کە لــەوەرزی هاوین ئاگر دەگرێت و چڕە دووکەڵ سەر خەبات دادەپۆشێت و ماوەی هەفتەیەك بەمشــێوەیە دەمێنێتەوە، ئەوەی خەباتیش دەتوانم بڵێم تەنیا توانیبوومانە زبڵۆخاشاکەکە لە خەڵکە کە دوور بخەینەوە دنا چارەسەر کردنەکەی هونەری و زانستی نییە، بەڵکو کۆن و تەقلیدی و ترسناکە.

### تۆڕی رێگاوبانی گوندەکانی سنووری قەزای خەبات بە حوکمی ئەوەی لە هەولێر نزیکین باشە

شــەقام و کۆڵانەکانی ناو قەزای خەبات بەشێکی قیرتــاو کۆنکرێت کــراوەو بەشــێکی زۆر خراپ و بێســەروبەرە لەمبارەوە قایمقامــی خەبات وتی: لە ماوەی سێ ســاڵی رابردوو بە بەرنامەو پلان لەسەر قیرتاو و کۆنکرێت کردنی شەقام و کۆڵانەکانی قەزای خەبات کارمان کردووە لەسەرەتادا گەڕەکی ئاشتی کە هەزار نشــینن قیرتاو کرا و کۆنە کەلەکمان خستۆتە ژێر جێبەجێکردن بەشــێکی زۆری لــە کۆڵانەکانی کۆنکرێت کراوە و قۆناغ بە قۆناغ هەر هەموو کۆڵانی گەڕەکەکان کۆنکرێت دەکەین، بێگومان هەندێ شوێن و گەڕەك هەیە تا ئێستا کۆڵان و شەقامەکانی قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوەو خراپ و بێسەروبەری پێوە دیارە، بەڵام ئەو گەڕەك و شــوێنانەش قۆناغ بە قۆناغ ساڵ لە دوای ســاڵ بــە بەرنامە کارو پــرۆژەی رێگا و کۆڵانەکانیان بۆ قیرتاو و کۆنکرێت دەکەین، تۆڕی

ڕێگاوبانــی گوندەکانمان بــە حوکمی ئەوەی لە هەولێر نزیکین باشــەو ئەمســاڵ چەندین گوندیش لەبەرنامە دایــە کارو پرۆژەی ڕێگاوبانیان بۆ ئەنجام بدرێت.

**داوای پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوەمان کردووە کە بڕی ١٠ملیۆن دۆلاری تێدەچێت**

هەر چەند قەزای خەبات لەســەر زێی گەورەیە؛ بەڵام لێرە و لەوێ لە هەندێ گەڕەك و شوێن گرفتی ئاوی خواردنەوە هەیە و بۆڕی دابەشــکردنی ئاو لە چەندین شــوێنی ناو شارۆچکەکە شکاوە، بە قسەی خەڵکەکە چەند جار داوا دەکەن بۆیان چارەسەر ناکرێت و گــەڕەك هەبوو خەمی ئەوەیــان هەبوو کە لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما ئاویان نابێت، لەمبارەوە

قایمقامــی قەزای خەبات گوتــی: پرۆژەیەکی ئــاوی خواردنەوەمان هەیــە کەوتۆتە ئــەو دیوی بەلای ناحیەی کەلەك ســاڵی رابــردوو لە ڕێگای خاچی ســووری نێودەوڵەتی لەسەر حیسابی بانکی نێودەوڵەتــی نۆژەنکرایەوە، بەڵام ئەمەش لەگەڵ ئەو ژمارە بیرەی هەمانە چارەســەری یەکجارەکی ئاوی خواردنــەوەی بۆ خەبات مســۆگەر نەکردووە، بۆیە پرۆژەیەکی ســتراتیژی ئاوی خواردنــەوە خراوەتە بەرنامــە و دیزاینی پرۆژەکەش دروســتکراوە، بەڵام بودجەی تێچوو مــاوە بۆی تەرخان بکرێت کە زیاتر لــە(١٠) ملیۆن دۆلاری پێویســتە، ئــەم پرۆژەیە بۆ هەموو ســنوری قەزاکەیە، بــە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیەش گرفتی ئاوی خواردنەوە لە قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکان و سنوورەکە بە تەواوی نامێنێت پاش تەواوبوونی ئەم پرۆژە ســتراتیژیە بیری ئاوەکانی ناو قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکان دادەخرێت بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی، هەروەها تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنــەوەی ناو قەزا کۆنە، هەر بۆیە ســاڵانە بە بەرنامە ئەو تــۆڕە دەگۆڕین و هەر هەموو تۆڕە کە تــازە دەکەینەوە، ئەو بۆریانەی جار جار دەشــکێن و لەو شــوێن و کۆمەڵگایانەن کە لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دروستکراون و بۆڕی دابەشکردنی ئاوەکانیش

## خەڵکی خەبات بۆ چارەسەری تەندروستی دەچنە قەزای حەمدانیە

پلاســتیکن و کۆن بوون و دەشکێن، بەڵام بەرنامەکە دانراوە گەڕەك بە گەڕەك تۆڕی دابەشکردنە کۆنەکە دەگۆڕین بە تۆڕی تازە.

**هەست ناکەم هیچ لە دەسەڵاتەکەم زیادی کردبێت**

ســەبارەت بــەو دەســەڵاتە ئیداریــەی کە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بەرپرسی یەکە ئیدارییــەکان دابەزیووە و کاریگەری هەیە لەســەر ئیشــوکارەکانیان یان دەسەڵاتەکە هەر وەکو خۆیەتی، قایمقامی قەزای خەبات ووتی:

ڕاستە وەکو بڕیار و نووســراو و دەسەڵاتەمان بۆ دابەزیووە، بەڵام تا ئێســتاکە هەســت ناکەم هیچ لە دەســەڵاتەکەم زیــادی کردبێت، ئەگەر دەســەڵاتی ئیــداری دابەزێــش بەبــێ دەســەڵاتی دارایی و بودجە هیچ ســوودی نییە، لە ڕاستیدا پێویستە بۆ گەشەکردنی قەزا و ناحیەکان بۆ هەر یەکەیان بەپێی پێویستی و دارِمان و ژمارەی دانیشتوانی بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت و یەکەیەکی ژمێریاریش لە یەکە ئیدارییەکان دابمەزرێت و کار بەلامەرکەزییەت بکرێت لەو کاتەدا بە هاوکاری هەمووڵایەکی شــارۆچکەکە دەتوانــرێ کارو پرۆژەی باش و ســتراتیژی ئەنجام بدرێت، بەڵام ئێستاکە هەموو ئیمکانیاتی ئێمە لەسەر بودجەی پەرەپێدانە، چونکە هیچ هەســت بە کاری وەزارەتەکان ناکەین، گەرچی وەزیرەکان ســەردانمان دەکەن، بەڵام ئەو سەردانانە بەبێ ئەنجامە،،تا ئێستا هیچ داواکاریەکمان لە ڕێگای وەزیرەکانەوە پێشکەش نەکــردووە، لەبەر ئەوەی ڕۆژێك لــە ڕۆژان وەزیرێك نەهاتۆتە لامان و لێمان بپرســێ کێشــە و گرفتان چییــە، دەتوانیــن بڵێین

هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان و یەکە ئیداریەکان نییە.

**قەزای خەبات پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتنی چەند قەرەویلەیی و نەخۆشخانەیەکی گشتی(٥٠) قەرەویلەی هەیە**

ســەبارەت بە کەرتی تەندروســتی کە بوارێکی گرنگە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و سەلامەتی هاووڵاتیــان هەیە، قایمقامی قەزای خەبات گوتی: کێشە و گرفتی زۆرمان لە بواری تەندروستی هەیە، ئێســتاکە خەڵکی خەبات بۆ چارەسەری تەندروستی دەچنە قەزای حەمدانیە، لەبەر ئەوەی تا ئێســتاکە نەخۆشــخانەیەك لە خەبات نییە، بەڵکو بنکەیەکی فیریاگوزاری تەندروستی زۆر سادە و بچووك و چوار بنکەی تەندروستیمان هەیە کە لە ڕێگای ئەم بنکانەوە ناتوانرێ کاری پێویست بۆ خەڵکەکە ئەنجام بدرێت، چونکە هۆڵی لە دایکبوون و منداڵان و تەخدیریان لێ نییە، قەزای خەبات کەوتۆتە نێوان ســێ شار هەولێر و دهۆك و موســڵ، ئەمانە وایکردووە قەرەباڵغیەکی زۆر لەســەر خەبــات هەبێت و ڕۆژانە کارەســاتی جەرگبڕی هاتۆچۆ ڕوودەدات، بۆیە پێویســتمان بە نەخۆشــخانەیەکی فریاکەوتنی چەند قەرەویلەیی و نەخۆشخانەیەکی گشــتی(٥٠) قەرەویلەیی هەیە، بەڵام لەمبارەوە هەست بە کەموکوڕی دەکەین.

**کێشەی زۆری قوتابیان لە قوتابخانەکان هەیە**

سەبارەت بە کەرتی پەروەردەو کێشەو گرفتی سێ دەوامــی و دوو دەوامی و زۆری قوتابی لە پۆلێکدا قایمقامی قەزای خەبات گوتی: پاش دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە خەبات ڕەوشــی خوێندن و پەروەردە زۆر باش بووەو کێشــەی سێ دەوامیمان نییە، دەوامی قوتابخانــەکان دوو دەوامییە هەندێك قوتابخانــەش یەك دەوامیە، بەڵام کێشــەیی زۆری قوتابیمان لە قوتابخانەکان هەیە و ساڵانە لە هەولێرەوە ڕێژەیەك مامۆستا بۆ خەبات دادەمەزرێن، بەڵام ئەو ڕێژەیەش بەپێی پێویست نییە. لە ماوەی دوو ساڵە لە ڕووی دروستکردنی قوتابخانە هەنگاوی باش نراوەو لە ســاڵی ٢٠١١ (١١) قوتابخانە لە



سنووری خەبات دروست دەکرێت، هەروەها ئەمساڵ بۆ یەکەمجارە پەیمانگای کشتوکاڵی لە خەبات کرایەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم کە چەند ساڵە دەبووایە وەزارەتی خوێندنی باڵای کۆلێژی کشتوکاڵی لە قەزای خەبات بکاتەوە. نازانم و تێناگەم خوێندنی باڵا بۆچی کۆلێژی ئاداب و پەروەردە لەم قەزایە بەرفراوانە ناکاتەوە، گەر چی تا ئێستا لە شاروشارۆچکەکانی تری کوردستان مامۆستا دەهێنرێتە خەبات و رۆژانە دەبێ ئەم مامۆستایانە لە هاتوچۆکردن تووشی زەحمەتی و ماندووبوون بێن.

### پێویستە پۆلیسی دەریایی بۆ رووداوی خنکاندن و بەدواداچوون لەسەر زێی و رووبارەکان لە کوردستان دابمەزرێن

سەبارەت بەوەی بە بەردەوامی لە کاتی گەشت و هاتنی خەڵك بۆ سەر زێی گەورە لە خەبات خەڵك دەخنکێت و زۆر بە زەحمەتی دەتوانرێ خەڵکەکە رزگار بکرێت و لەمبارەوە کەموکوڕی و گرفت بەرچاو دەکەوێت، قایمقامی قەزای خەبات گوتی: دەرهێنان و رزگارکردنی خەڵك ئەو حاڵەتانە زیاتر ئەرکەکە کاری بەرگری شارستانی و پۆلیسی نەهریە کە کاتی خۆی هەبوو کە ئێستا نەماوە، پێشتریش گرفت لەمبوارە هەبوو لە دوای پێداویستی و کەلوپەلێکی زۆر بۆ بەرگری شارستانی دابینکرا، هەروەها ئێمەش لە رێگای پارێزگای هەولێرەوە هاوکاریانین و غەواسێکمان بۆیان دامەزراندو و بەلەمێکیشمان بۆیان کڕی تاوەکو لە حاڵەتی رووداوی خنکاندا هاوکاری خاوەن رووداوەکە بکەین، چونکە ئەو حاڵەتە زۆر ناخۆش و جەرگبڕە، بەڵام گرفت و کەموکوڕیی لە بواری پۆلیسی دەریایی هەر ماوە، کە پێویستە ئەو لایەنەش چارەسەر بکرێت و ئەوانەی زیاتر لێرە دەخنکێن خەڵکی دەرەوەی خەباتن و حاڵەتەکانی خنکانیش زیاتر لەو شوێنانەیە کە کارگەکانی قوم و چەو لە ئاستی خۆی زیاتر قۆڵیان کردووە، بەڵام لە کاتێکدا کە پۆلیسی دەریایی هەبێت دەتوانن بە بەردەوامی بەپێی رێنمایەکان چاودێری ئەو کارگانە بکەن و نەهێڵین لە ئاستی دیاریکراو زێیەکە قووڵتر بکەن.

## دەبووایە وەزارەتی خوێندنی باڵای کۆلێژی کشتوکاڵی لە قەزای خەبات بکاتەوە

### بەماندووبوونێکی زۆر توانیمان دارستانی خەبات سەر لەنوێ دابچێنینەوە

وەکو دەزانین سروشت و بوونی زێی گەورە وایکرد کە خەبات بنەماکانی گەشتیاری هەبێت، بەڵام وەکو دەبینین لەم لایەنەوە گرنگی بە خەبات نەدراوە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای خەبات وتی: خەبات لە کاتی خۆی ناوچەیەکی گەشتیاری بوو، بەڵام لە دوای راپەڕین و نەمانی سووتەمەنی و بوونی دەستی خراپ دارستانی خەبات بە گشتی برایەوە تا رادەیەکی وا کۆڵکە و رەگی درەختەکانیشیان دەرهێنا (وەکو دەزانین ئەو دارستانە لە پێش ساڵانی پەنجاکان درەختەکانی رووێنراو بوو) ئەمەش وایکرد کە سیمای گەشتیاری لە دەست بدات تا ئاستێکی وا لە هزری خەڵك دەرچوو کە خەبات ناوچەیەکی خۆشی گەشتیاری بووە، هەروەها شوێنی دراستانەکەش لەلایەن خەڵکەوە کرا بە بێستان و شینایی، بەڵام لە پاشان بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیمان شوێنی دارستانەکە لە شینایی و بیستانەکان چۆڵ بکەین و دەستمان کرد بەرووواندنی دار و درەخت و خزمەتگوزاری بەردەوامی دارستانەکە، ئەو ماندووبوونە خەڵکی خەبات باش دەزانن نەك ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو سنوورەن لە ئەنجامدا ئێستاکە شوێنەکە وەکو جاران بوویتەوە دارستانێکی چڕ و بەرفراوان، بەڵام لەلایەکی تر لەلایەن حکومەت ودەستەی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت، لە قەزای خەبات پرۆژەی گەشتیاری جێبەجێ نەکراوە و زۆریش داوامان لە وەبەرهێنەرانی ناوچەکە و ناوخۆ کردووە کە کار و پرۆژەی گەشت و گوزاری لە خەبات ئەنجام بدەن و هۆکارێکی تری کە بەخێرایی خەبات نەبۆتەوە ناوچەیەکی گەشتیاری ئەویش نزیکی خەباتە لە شاری موسڵ و خراپی باری ئاسایشی شاری موسڵە و تا رادەیەکی وا کە هەندێ تەقینەوەی تیرۆریستی لە گوندەکانی نزیك خەبات رویداوە وەکو لە گوندی وەردەك و ناوچە و شوێنەکانی برا مەسیحی و شەبەك و کاکەییەکانیش رووبەڕوو و نزیك بوونەوە لە کاری تیرۆریستی بۆیە لە لایەن حکومەت و لایەن وبەرهێنەر نەتونرا پرۆژەی گەشتوگوزاری ئەنجام بدرێت.

### هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هیچ پرۆژەیەکیان لە دەڤەرەکە ئەنجام نەداوە

لە کۆتاییدا قایمقامی قەزای خەبات گوتی: بەرنامە و پلانمان هەیەکە ناوچەی پیشەسازی بگوازینەوە، چونکە ئێستاکە شوێنەکە زۆر گونجاو نییە و دیمەنی قەزاکەشی ناشیرین کردووە. هەروەها پرۆژەیەکمان لەبەر دەستە بۆ چاککردنی دەروازەی شارۆچکەکە، هەر لەماوەی ساڵانی رابردوو دوو گەرەکەمان لە سەنتەری قەزاکە دروستکردووە، هاوکات ١٣٠٠ پارچە زەوی بەسەر کرێچییانی قەزای خەبات دابەشکراوە. لە لایەکی تر وەکو هەموو لایەك ئاگادارین زێی گەورە ئاوێکی زۆری هەیە و بەبەردەوامیش ئاوەکەی دەڕوات. بۆیە پێویستە بەنداوێك لەسەر ئەو زێیە دروست بکرێت، لەمبارەوە لەناو ماستەرپلانی شاری هەولێر لەسەر زێی گەورە بەنداوێك دەستنیشان کراوە، بەڵام تا ئێستا نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێمەش بیرۆکەی پرۆژەیەکی موساتەحەی ئاومان هەیە بۆ یاری ئاوی ئەم پرۆژەیە دیزاینەکەشی ئامادەیە چاوەڕوانی ئەوەین کە بودجەی بۆ تەرخان بکرێت.

هاوکات وەکو دەزانین خەبات ناوچەیەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی و پیشەسازی هەیە، گەرچی تا ئێستا هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هیچ پرۆژەیەکیان لە دەڤەرەکە ئەنجام نەداوە.



# دۆسێی ئاسایشی وزە لەکوردستاندا



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی*

لەسەنتەرەکانی ستراتیژیەتی نێودەوڵەتیدا باس و خواسەکان لەسەر سێ قەیرانی ناهەموار لە چربوونەوەدان، ئەوانەش لەقەیرانی خۆراك و ئاوەوە دەستپێدەکات بەپەرچەکردارە ئاسایشی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانییەوە، دواتر چربوون و هاوبارگەبوونی ئەو دوو قەیرانە کە بەهۆیەوە قەیرانی وزەی هایدرۆکاربۆنی لەناو وڵاتان و دەوروبەریان دەستی پێکردووە. بەپێی ڕاوبۆچوونی شارەزایان ساڵەکانی 2015 ـ2020 سەرەتایەکی سامناکە بۆ دروستبوونی قەیران لە کەمبوونەوەی ئاوی شیرین و خاوێن بەتایبەت لەخۆرهەڵاتی ناوەند((گوڵانی ژمارە 817 لە 7/2/2011 ساڵی 2010 )) ئەو ساڵانە سەبارەت بەتواناسازی دەرهێنانی نەوتی هەرزان و ئاسان سەرەتای کۆتاییەکان بوو، وێڕای دەسپێکردنی سەردەمی کۆتایی هێنان بەموڵەتەکانی بەرهەمهێنانی خۆراك و دانەوێڵە لەجیهاندا..

تەکنەلۆژیای داهاتوو بۆ دەرهێنانی دواتنۆکی نەوتی خاو پشت بەشێوازە ڕێگەی پێشکەوتووتر دەبەستێت (ئەمەش لەقووڵایی زیاتری ناو زەمینەوەو لەسەرو ڕێژەی لە 35%ی ئەوەی کە ئێستا دەردەهێنرێت) بەڵام ئەوەی پسپۆرانی بواری پەرەپێدانی بەردەوامی نیگەران کردووە، کاراکردن و خێرابوونی ئاستەکانی بەکارهێنانی نەوتە لەجیهاندا، لە سەدەی ڕابردوووەوە کە لەماوەی 120 ساڵێکدا نزیکەی یەك ترلیۆن نەوت دەرهاتووە، دروستبوون و پێکهاتنی ئەو ڕێژەیەش لەژێر زەمیندا ماوەیەکی زەمەنی دوورو درێژتری جیۆلۆژیی ویستووە تا نەوتی هایدرۆکاربۆنی لە ناخی زەویدا چربۆتەوە، جێی وەبیرهێنانەوەیە بە پێی ئەگەرەکانی ڕێکخراوی (iea) لەچەند دەیەیەکی تردا دووەمین ترلیۆنی نەوت دەردەهێنرێت بەهۆی زۆربوونی خێرای ڕێژەی دانیشتووانەوە، کەساڵانە 83 ملیۆن زیاد دەبێت و ئاستی داواکاریش بۆ نەوت لە ساڵی 2030دا لە 84 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانەوە بۆ 100ـ116 ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە بەرزدەبێتەوە..

بەکارهێنانی جیهانییانەی وزەش لە12،5ترلیۆن وات هەڵدەستێت بۆ 16،9ترلیۆن وات، بەشێوەیەك لەساڵی 2030 بەکارهێنانی وزە لە ئەمەریکا دەگاتە 2،8 ترلیۆن وات، ئێستاش ساڵانە لە جیهاندا 73 ملیۆن ئۆتۆمبێلی گچکەو گەورە دروست دەکرێت و، زیاتر لە 900 ملیۆنیشی لەسەر زەویدا هەن کە هەموویان نەوتیان دەوێت و ژینگەی زەویش ژاراوی دەکەن؛ چین و هیندستان لە سی ساڵی داهاتوودا بە ملیۆنەها ماشێن دروست دەکەن بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو کە لە دروستکردنی یەکەمین ملیۆن ماشێنی تەندروست بۆ ژینگە لێبوونەتەوە کە بە ماشێنەکانی هاوڕێی ژینگە ناسراون و تا ساڵی 2015 دروست دەکرێن، دەزگاکانی توێژینەوە لەجیهاندا تواناکانیان چڕکردۆتەوە بۆ بەکارهێنانی وزەی ئەلتەرناتیڤی نەوت لە با و ئاوو خۆر و کارەباوە کە بە (WWS) ناوزەد دەکرێن، ئەمانە ئومێدێکی گەشبینن بۆ داهاتووی کەشوهەوای خاوێن، وزەی گۆڕدراو لە (با) وە کە پێویستیمان بێت لەسنووری 1700 ترلیۆن واتە، لە خۆریشەوە 6500 ترلیۆن واتە، ئەوەی لەو دوو وزەیەوە برەخسێنرێت بریتییە لە 85ـ40 ترلیۆن وات لە (با) و 580 ترلیۆن وات لە وزەی خۆر، لەکاتێکدا توانای ئێستای وەبەرهێنانی وزە لە 0،02ترلیۆن وات لە (با) و 0،008 ترلیۆن وات لە خۆرەوە تێناپەڕێت، هەروەها زۆربەی وزەی شاراوەو ئەوەی دەکرێت بەرهەم بهێنرێت لەسەرچاوەکانی ئاو 2 ترلیۆنە واتە کە ئیستغلال کراوەو تێچووی قۆناغەکانی دامەزراندنی WWS لە جیهان لە20 ساڵی داهاتوو دەگاتە 100 ترلیۆن دۆلار، شرۆڤەکاران پێیان وایە کە ئەم برە پارە زۆرەی بەهۆی فرۆشتنی وزەی کارەبا و وزەی خاوێنەوە وەدەست دێت لەبوارەکانی ئابووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ژینگەدا بۆ هەمووان دەگەڕێتەوە، لەمبارەیەوە تواناسازی زانستی بۆ تازەکردنەوەی شێوازەکانی تەکنیکی بەرز بەردەوامە بەتایبەتی بۆ گۆڕینی سلیلۆزی رووەك لە درەخت و هەندێك گژوگیاوە، کە بەوزەی زیندوویی سلیلۆزی ناسراوە، وەك ئیزانۆڵ گەر ئەمە بەرهەم بهێنرێت کۆتایی بە قۆناغی پشت بەستنی تەواو بەپێترۆڵ دێت، کە وەك سیاسەتمەدارە ئەمەریکییەکان بە (ئالوودەبوونی بەپێترۆڵ) وەسفی دەکەن .

بەهای پێترۆڵی جیهانی ؛بەشێوەیەکی تێکرایی لەساڵێکدا 2 ترلیۆن دۆلارە، بەتەنیا ئەمەریکا چارەکی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهانی بەکاردەهێنێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە65%ی ئەو بەرهەمهێنەرە جیهانییە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە دابین دەکرێت، وێڕای ئەو یەدەگە نەوتییەی کە لە عێراقدا کۆبۆتەوە کە نزیکەی 112 ملیار بەرمیلە، هەروەها 12 ترلیۆن مەتر سێجا لەغازی سروشتی لەژێر زەوی عێراقدا هەیە، هەروەها 100 ملیار بەرمیل نەوتی نەدۆزراوەش هەیە، بەپێی بڕوای شارەزایان بەتایبەتی گرووپی ( گرین سپان) وزەی عێراق بۆ بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆژانە لە سنووری 2،5 -5 ملیۆن بەرمیلە، کە ئەمەش ئەگەر بەدروستی بەگەڕ بخرێت هەموو ژێرخانی دارماوی عێراقی پێ چاك دەکرێتەوە، وەك وتم گەر بێت و ستراتیژییەتی بونیاتنانەوەی دروست پیادە بکرێت لە نەبوونی پرۆسەی پەرەپێدانی پێویست لەم قۆناغە ڕاگوازراوەی ئێستا کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت هیچ ئومێدێك نییە بۆ بەرزکردنەوەی ئەو ڕێژەیەی ئێستا.

لە خوێندنەوەیەکی خێرای ئەم قەیرانە ئاڵۆزەدا پێویستە هەرێمی کوردستان دەرفەتەکان بقۆزێتەوە، چونکە نەوت و غازی سرووشتی فرەو زۆری تێدایە کە دەتوانێت کوردستانی پێ ببووژێتەوە وەك سەبەتەیەکی خۆراك لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش سوودمەند بێت

( گوڵان ژماره 813 له 10 ی کانوونی دووەمی 2011) یەدەگی ئەمبارکراوی پێترۆڵ لە جیهاندا 40 تا 50 ساڵی داهاتوو بەردەوام دەبێت، هەروەها یەدەگی ئەمبارکردنی غازی سروشتی لە 60 تا 100 ساڵی تر بەردەوامی دەبێت. بۆیە پێویستە ئەم سامانە سروشتییە لە کوردستاندا بقۆزرێتەوە لە ڕێگای فرۆشتنی پێترۆڵەوە تاوەکو بنەماکانی ئابووری ئەلتەرناتیڤ دروست بێت، کە ڕەنگە لە بووژانەوەی ئابووری و کشتوکاڵی کلاسیکییەوە رزگاری بێت ( گوڵان ژمارە 800 لە 4ی ئۆکتۆبەری 2010) .

لەبارودۆخی سەقامگیری هەرێمی کوردستاندا ئەو قۆناغی ڕاگواستنەوەیە کە پێشبینی دەکرێت بەرەو بووژانەوەی ئابووری و گەشەپێدانمان بەرێت، ئومێدەکان زیاتر پۆزەتیڤن بەرەو بونیادنانی ژێرخانەکان لەهەرێمی کوردستان، کە دەبنە هۆی زیادبوونی بەرهەمی نەوت و غازی سروشتی، لەهەموو حاڵەتەکاندا هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندی سیاسی لەگەڵ بەغداو دیدی ستراتیژی بەرەو کامڵبوونی ئابووری بۆ سەرتاسەری عێراق لەوانەیە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بهێنێتە دی لەبەرژەوەندی گشتی و بەبێ جیاوازی.

ئەمەش پێویستی بە توێژینەوە لەسەر کەڵکی ئابووری لە بونیادی ژێرخانەکان هەیە، کە ئایا تاچەند سوودی دەبێت. هەروەها پێویستە ئاگاداری مەترسییەکانی پشتبەستنی تەواو لە فرۆشتنی نەوتی خاو بین لە کوردستان بەبێ هەوڵدان بۆ بەپیشەسازیکردنی پێترۆڵ . ئابووری ئەو وڵاتانەی کە تەنیا پشت بە فرۆشتنی کەرەستەی خاوی خۆراکی و نەوتی دەبەستن ناتوانن ڕووبەڕووی تەحەددییەکانی ئەم سەدەیە ببنەوە، ئەزموونی سەدەی رابردوو دەریانخستووە کە ئەو دەستکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی وڵاتانی پێشکەوتوو کە لە فرۆشتنی پێکهاتە پێترۆلییەکانی دەستیان کەوتووە لە چیمەنتۆ و پێکهاتەکانی وزە و پلاستیك ..تاد قازانجەکانی زۆر زیاترە لەدەستکەوتی ئەو وڵاتانەی تەنیا هەناردەکردنی نەوت ئەنجام دەدەن.

لێرەدا زۆر گرنگە دەستنیشانی نهێنییەکانی فاکتەری پەرەپێدانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بکەین، ژینگەی بیزنس و ئابووری بازاڕ زۆر دوورە لە بنەماکانی ئابووری بازاڕو سەروەری یاسا، بەتایبەتی لە دیاریکردنی پێوەندی نێوان بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر.

لە سەرجەم بوارەکانی بانك و فەرهەنگی دڵنیابوون و میکانیزمی ئاسانکاری بانکی و قەرز کە بۆ ئاسانکاری ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەر و تەنانەت بەرهەمێنەر و بازرگانی پێویستە دواکەوتوین. هەروەها کەرتی خزمەتگوزاری پشێوی و دواکەوتوویی پێوەدیارە، کە ئامادەنییە بۆ بارودۆخ و ژینگەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی بەردەوام ئاراستەمان بکات، ئا لێرەدا پێویستمان بە توانا و مەعریفەی هونەری بەرز هەیە لە ناو نەوەی نوێی کرێکاراندا.

بۆیە پێویستە کۆمەڵێك کێشەو ئاستەنگ چارەسەر بکەین، کە ڕێگرە لەبەردەم پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و بەدەستهێنانەوەی رۆڵی سروشتی و پێویستی خۆی لە پەرەپێدان و گەشەی ئابووری بازاڕدا. کە توانای تەواویی هەیە بۆ دابین کردنی پێداویستیە بنەڕەتییەکانی پەرەپێدانی ئابووری بۆ دەرامەتە نەوتییەکان و غازی سروشتیی و بەها زیادەکانی (کە خۆی لە پیشەسازی پترۆڵییەکان دەبینێتەوە).بەتەنیا دەرامەتی پترۆڵ فریای ئابووری کوردستان ناکەوێ، ئابوورییەك کە گیرۆدەی هەڵاوسانی گەورە بۆتەوە،پێویستە لە ئێستاوە دەست لە سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو توانا بەردەستانە وەربگرین، کە بە ئەلتەرناتیڤی هەر وزەیەکەوە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت بەدەستی بهێنین. رۆژی دوورودرێژو سەرچاوەی ئاوی ڕووباری دیجلە و هێزی (با) لە هەرێمەکەدا هەرهەمووی وزەیەکی ئەلتەرناتیڤی گەورەمان دەداتێ کە بە هاوشانی پترۆڵ دادەنرێت، ئەمە جگە لە توانای پەرەپێدانی دارستان و کێڵگە چڕەکان کە وزەیەکی سلیلۆزی باشە.

پێویستە توانا مرۆییەکان بەشێوەیەکی وا پەرەی پێ بدرێت کە لەگەڵ ئەم قۆناغەی دامەزراندن و بەگەڕخستن و بەردەوامبوونی ئەم سەرچاوە تەلتەرناتیڤانەی وزە بگونجێت، بەشێوەیەکی گشتی پێویستە چارەسەری کەلێنی گەورەی نێوان توانای مرۆیی و تەحەدی بەڕێوەبردنی کارای دەرەمەتە سروشتیەکانی وزە و ئەلتەرناتیڤەکانی بکەین، ئەمەش پێویستی بە پلانی بە جورئەت هەیە، دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتەکان و ئاراستەکردنێکی زانستی و گونجاوی وەبەرهێنان لەژێرخان و دووبارە رێکخستنەوەی پێوەندییەکان پێویستە. پێکدادانی تێڕوانینە جۆراجۆرەکانی بەهای بەرچاوی دەرامەتە سروشتیەکان لە ناویاندا پترۆڵ و غازی سروشتی نابێت بمانگەیەنێتە ناو ئەو گرفت و کێشانەی کە ڕێگرن لە پەرەپێدانی ئەم دەرامەتە سروشتیانە. سەرەتا پێویستە هەڵسەنگاندنی کاریگەری و کارتێکردنی پرۆژەکانی نەوت و گازی سروشتی ئەلتەرنانیڤەکانیان بکەین لەسەر گەشەی کەرتەکانی تر وەك کەرتی بەرهەمهێنان بە هەردوو بواری کشتوکاڵی پیشەسازییەوە، ئەم لۆژیکە پشتبەستراوە بە چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ هەڵسەنگاندنی کەڵکی پرۆژە پێوەندارەکان بە گشت پرۆسەی سەقامگیری ئابووری لە کوردستان، ئایا ئەو هەوڵانەی کە بۆ پرۆژەکان لە ئارادایە، بەکارهێنانی کارای لە قۆناغی دوور مەودای ئاسایشی وزە و کەڵکی ئابوورییانەی وەبەهێنان و داهاتەکانی لە بنەڕەتدا پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە پرۆسەی دیموکراسی و پەرەپێدانی هەرێمەکەوە هەیە؟ بەبێ پەرەپێدانێك کە هاوشانی پرۆسەی دیموکراتی بێت، شوێنەوارەکانی دیدی سیاسی دیاری دەکرێت بەمەودای پاڵپشتیکردنی دیموکراتیی گەشەپێدان کە بەشێوەیەکی پراکتیکی پشت بەستراوە بە کاریگەری ئاسایشی وزە لەپتەوکردنی ئاسایشی نیشتمانی بەشێوەیەکی گشتی، پوختەی بابەتەکەمان تێکڕای باشتربوونی توانای ئاڕاستەکانی گەشەپێدانی ئابووری لە کوردستان پێویستی بەفەراهەمکردنی کەشێکی لەبارە لەنێوان بڕیاڕدەرانی سیاسی و پسپۆرانی زانستی بەرەو بنیاتنانی توانا پتەوەکان بۆ هەرێم.